# رووداو
RÛDAW

ژمارە (462) دووشەممە 2017/6/19 - 29ی جۆزەردان 2717 (750) دینار





بەپێی ڕووپێویەکی فەرمی:

## 66%ی دانیشتووانی سلێمانی خۆراکی پێویستیان دەستناکەوێ

ڕووداو– هەولێر

بەپێی ڕووپێویەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 59.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کەمتر پارێزراون لەرووی خۆراک، واتە وەک پێویست تواناى دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە. 2.1% دانیشتووانیش خۆراکی ڕۆژانەیان دەستناکەوێت. ئەو ڕووپێوییە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو کراوە. سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هەندێک لە ئەنجامەکانی ئەو ڕووپێویەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "بۆمان دەرکەوت 59.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەرووی ئاسایشی خۆراکەوە دەکەونە خانەی کەمتر پارێزراو". بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 614 هەزار کەس بووە. بەپێی داتاکانی ئەم ڕووپێوییە بێت 3 ملیۆن و 334 هەزار کەس وەک پێویست تواناى دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە. لەداتاکانی ڕووپێوییەکە دەردەکەوێت قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچە، زۆرترین کاریگەریی لەسەر پارێزگای سلێمانی هەبووە بە جۆرێک 66%ی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە کەمتر پارێزراون لەرووی خۆراکەوە. دوای ئەویش پارێزگای دهۆک دێت کە 63%ی دانیشتووانەکەی کەمتر پارێزراون، بەڵام لە هەولێر ڕەوشەکە باشترە بە بەراورد بە دهۆک و سلێمانی، 51%ی دانیشتووانەکەی کەمتر پارێزراون لە ڕووی خۆراکەوە. سیروان محەممەد دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە، 45 هەزار کەس بێکاربوون و ڕێژەی بێکاری بۆ 13.53% بەرزبووەتەوە. بەو هۆیەش ڕەوشی ئاسایشی خۆراکی خەڵک لاواز بووە".


«8


## شاجوانە کوردەکەی عێراقیش دژی سەربەخۆییە


10


وەزیرێکی حکومەتی سووریا بۆ (ڕووداو):

## کاتەکە گونجاو نییە بۆ گشتپرسی


5


## یەکێتی لەنێوان گۆڕان و پارتی دەست بە هەوڵێکی نوێ دەکات


3


### 320 یان حوکم دراون

# 800 تۆمەتباری داعش لە گرتووخانەکانی دهۆکن





«4


### کوڕێکیان کە دەرباز بووە، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە

# پۆلیسی فیدراڵی لە مووسڵ خێزانێک بۆ زێڕ و پارەکانیان کۆمەڵکوژ دەکەن




«2


ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### گۆڕەکەی دلین هەڵدەدرێتەوە



کۆمەڵایەتی 13

### تۆمەتبارێک پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان دەکوژێت

ڕاپۆرت 14

### 9900 کوردی ئێزدی کوژراون یان ڕفێنراون



شرۆڤە 17

### کتێبێکی نوێ باسی دوایین ڕۆژەکانی سەدام دەکات



## کۆمیسیۆن 60 هەزار کارمەند دادەمەزرێنێ

**رووداو– هەولێر**

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی رایدەگەیێنێ، بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان پێویستیان بە دامەزراندنی نزیکەی 60 هەزار کارمەند دەبێت و دامەزراندنی کارمەندەکانیش بەشێوەی گرێبەست دەبێت، بەڵام هێشتا روون نییە ئەو کەسانە دادەمەزرێنن کە پێشتر فۆرمی دامەزراندنیان پڕکردووەتەوە، یان دیسان راگەیاندنێکی دیکە بۆ دامەزراندنی کارمەندانی گرێبەست بڵاودەکەنەوە. گوتەبێژی کۆمسیۆن باسی لەوەش کرد کە ئێستا لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک لە هەوڵی دابینکردنی کەلوپەلی لۆجستی و پێداویستییەکانی هەڵبژاردن و راپرسیدان، کە خۆی لە مەرەکەب و هەندێک کاغەز و بابەتی هەستیاری پێداویستییەکان دەبینێتەوە.



رووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 462 ) - دووشەممە 2017/6/19

### کوڕێکیان کە "بە موعجیزە" دەرباز بووە، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە

# پۆلیسی فیدراڵی لە مووسڵ خێزانێک بۆ زێڕ و پارەکانیان کۆمەڵکوژ دەکەن

**سەنگەر عەبدلڕەحمان**
**رووداو – هەولێر**

کاتێک شەڕ دەگاتە نزیک ماڵی عەبدۆ ساڵح لە گەڕەکی شیفای مووسڵ، بڕیار دەدەن بەرەو ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانی ژێر دەستی سوپا رابکەن، لە ماڵ دەردەچن. (قوسەی)ی کوڕە گەورەی عەبدۆ چیرۆکی هەڵاتن و خۆدەربازکردنیان بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە: "تەواوی ئەندامانی خێزانەکەمان کۆبووینەوە بۆئەوەی دەربچین.. چاودێریی رێگەکانمان کرد و بینیمان دوو – سێ چەکداری داعش لە نزیک ماڵەکەمانن. بەڵام 10 خولەک بەر لە بانگی مەغریب رۆیشتن، ئێمەش یەکسەر دەرچووین و خانوو بە خانوو تێپەڕین و بەنێو کوچە و کۆڵانەکاندا رۆیشتین تاوەکو گەیشتینە شوێنێک کە نە سوپای لێبوو نە داعش و هیچ دەنگی تەقەش نەدەهات".



قوسەی عەبدۆ ساڵح پێیانگوتین لەسەر سک رابکشێن، پاشان تەقەیان لێکردین (فۆتۆ: رووداو)

دوای ئەوەی زیاتر لە 20 خولەک بەپێ دەڕۆن، دەگەنە هێزێکی پۆلیسی فیدراڵی، دەیانگوازنەوە بۆ چەند سەت مەترێک دوورتر لە شوێنی شەڕ، دوای پشکنین و وەرگرتنی ناسنامە، ئەوان و چەند خێزانێکی دیکە دەگوازرێنەوە، چونکە وەک قوسەی باسی دەکات، نەخۆشخانەی شیفا قەناس بەدەستی تێدابووە، قوسەی درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات: "ئێمەیان بەرەو خانووێک برد و هەموومانیان لەوێ کۆکردەوە. لەوێ ئەفسەرێکی پۆلیسی فیدراڵی هات، ئەستێرەیەک و بازێکی لەسەرشان بوو، دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵمان و چەند پرسیارێکی لێکردین و دواتر دڵنیای کردینەوە کە ئێمە لە ئارامیداین و ئەوانیش وەک کەسوکاری ئێمەن. ناسنامەکانی ئێمەیان برد و کۆپییانکردن و بەدواداچوونی خۆیان کرد، پاش ماوەیەک سەربازێک هاتە لامان و قسەی لەگەڵ باوکم کرد و گوتی: پیشەت چییە؟ باوکیشم پێیگوت کە پزیشکە. ئەویش روویکردە ئەفسەرەکە و پێیگوت ئاگادار بە لەوانەیە ئەمە پزیشکی داعشەکان بێت. باوکیشم بەتەنزەوە سوپاسی کرد بۆ ئەو قسەیەی".

دوای ئەو گفتوگۆیە، هێزە عێراقییەکان خێزانەکەی عەبدۆ لەیەک جیادەکەنەوە. عەبدۆ بە هامەرێکی سەربازی و خێزانەکەشی بە پیکابێک لەوێ دەگوازنەوە، قوسەی دەڵێت: " کە پرسیارمان کرد باوکمان بۆ کوێ دەبەن، گوتیان تەنیا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەین. ناسنامەکانیان بۆ گەڕاندینەوە و ئێمەیان گەیاندە شوێنی فیرقەی 16ی سوپا و بڕیاربوو لەوێ چاومان بە باوکمان بکەوێت بۆ ئەوەی بمانگوازنەوە بەشی چەپی مووسڵ. پیکابێکی دیکە هات و داوایکردین بۆ ئەوەی شایەتی بۆ باوکمان بدەین تاوەکو ئازاد بکرێت، خێزانەکانی دیکەش ویستیان بێن بۆ شایەتیدان، بەڵام ئەوان گوتیان تەنیا خێزانەکەی خۆی بێت و بەتایبەتی هاوژینەکەی. کاتێک گەیشتینە شوێنەکە، بینیمان باوکمان کەلەپچە کرابوو، لەسەر زەوی دانیشتبوو، ئەفسەرێک لە نزیک باوکم دانیشتبوو، نازانم پلە سەربازییەکەی چی بوو، بەڵام فەرماندەی ئەو گرووپە سەربازییە بوو. ئەفسەرەکە بە باوکی منی گوت ئەو پارە و زێڕانەی کە پێتە بۆمان بێنە و پارە و زێڕەکانیان لێسەند و گوتی ئێوە داعشن و ئەو پارە و زێڕانەشتان دەبێتە موڵکی دەوڵەت، چونکە ئێوە لە دەوڵەتتان دزیوە. سێ بۆ چوار کیلۆگرام زێڕمان هەبوو کە قاڵب بوون، لەگەڵ پێنج ملیۆن دینار و هەزار و سەت دۆلار".

دوای وەرگرتنی پارە و زێڕەکە، تۆمەتباریشیان دەکەن بەوەی داعشن، هەرچەندە خێزانەکەی عەبدۆ دەیانەوێ بێبەریبوونی خۆیان لە داعش بسەلمێنن، بەڵام بێسوود دەبێت، ئەفسەرەکە بە دکتۆر عەبدۆ دەڵێ، دەبێ تۆ بمێنییەوە تاوەکو ئەوکاتەی لێکۆڵینەوە تەواو دەبن. ئەو داوا دەکات لەگەڵ خێزانەکەی بێت و لەیەکیان جیانەکەنەوە، بەڵام هێزەکە داواکەی رەتدەکەنەوە.

دوای جیاکردنەوەیان ئیدی ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرا روویدا، قوسەی چیرۆکەکە درێژە پێدەدات " هەمان ئەو ئەفسەرە دوای ماوەیەک گەڕایەوە لامان، گوتی پارە و زێڕەکانتان بۆ دەگەڕێنینەوە و کارمان پێ نییە، بەڵام باوکتان لەگەڵمان دەمێنێتەوە و ئێوەش دەتوانن بچنە بەری چەپ. ئێمەیان سواری پیکابێک کرد و دوو سەرباز و ئەو ئەفسەرە و شوفێرێک لەگەڵمان هاتن. ئێمەیان بەرەو چۆڵەوانی برد، کە دەیانبینی رێگەکان داخراون، دەگەڕانەوە و ئاراستەیان بۆ چۆڵەوانییەکی دیکە دەگۆڕی. ئەوان دەیانویست ئێمە بەرەو ناوچەیەکی دوور لە چاو و چۆڵەوانی بگوازنەوە، پێموایە چۆڵەوانییەکانی حاوی ئەلکەنیسە بوو. ئێمەیان دابەزاند و پێیانگوتین رابکشێین، باوکمان لەگەڵمان نەبوو. من و دایکم و خوشک و براکەم بووین، ئێمەش لەسەر سک راکشاین، یەکەم جار تەقەیان لەمن کرد و پاشان خوشکم و براکەم و ئینجا دایکم. بەرلەوەی تەقەمان لێبکەن لە دایکی منیان پرسی زێڕ و پارەکان لەکوێن؟ دایکیشم گوتی لەناو جانتاکەمن. ئیدی کەمتر لە خولەکێک دوای تەقەکردنیان رۆیشتن و ئێمەیان بەجێهێشت".

قوسەی بریندار دەبێت، بەڵام زیندوو دەمێنێتەوە، دەستبەجێ دەچێتە لای نەوال خالیدی دایکی، دەبینێت گوللەیەک بەر ملی کەوتووە و دڵی لێنادات، هەرچەندە مەساجی دڵ و کرداری هەناسەدانی دەستکردی بۆ دەکات، بەڵام بێهوودە بوو، چونکە دایکی گیانی دەرچووبوو. پاشان دەچێتە لای ئامینەی خوشکی کە تەمەنی حەوت ساڵە و گوللەیەک بەر سەری کەوتبوو، دڵی لێیدەدا، براکەشی دەبینێ خەریکە قسە دەکات، لە باوەشی دەگرێت و رایدەکێشێتە نزیک دیوارێک، کاتێک خەریکی براکەی دەبێت، خوشکەکەی دەمرێ، قوسەی دەڵێ: "هەردووکیانم لە تەنیشت یەکتر راکشاند و بەپۆشاکی بەرم داپۆشین، ئەو شەوە لەگەڵ براکەم ماینەوە. بەرەبەیان دەستمان بەرۆیشتن کرد تاوەکو لە رێگایەکی سەرەکی نزیکبووینەوە. بینیم ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکات، ئۆتۆمبێلێکم راگرت کە پۆلیسی فیدراڵی بوون. سواربووین لەگەڵیان و ئێمەیان بردە نەخۆشخانەی سەربازی، چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردین و دواتر ئێمەیان بۆ نەخۆشخانەیەکی گشتی گواستەوە و لەوێش چارەسەریان بۆ کردم تاوەکو گەیشتمە هەولێر".

عەمید یەحیا رەسوڵ، گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دان بەوەدا دەنێت کە رەنگە لەناو سوپادا خەڵکی خراپ هەبن کاری کوشتن و برین و دزی بکەن. بۆ بەسەرهاتی خێزانەکەی عەبدۆش گوتی "دەبوو ئەو خێزانە بێنە لای ئێمە سکاڵا تۆمار بکەن، ئەگەر ئەو قسانە راست بن و بەڵگە هەبن، ئەوا لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکدێنین".

ئێستا قوسەی و برا 13 ساڵانەکەی زیندوون، تەرمی دایک و خوشکە 7 ساڵانەکەی هێشتا لە شوێنی خۆیانن، چارەنووسی باوکیشی نادیارە. قوسەی دەڵێ، راستە هێشتا زیندوو ماوەتەوە، بەڵام رووداوی لە دەستدانی دایک و خوشک و تێکچوونی خێزانەکەی و بینینی هەموو ئەو مەرگەساتە بەچاوی خۆی، بۆ هەمیشە ژیانی لێ تاڵ دەکات.

قوسەی داوا لە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق و رێکخراوە نێودەڵەتییەکان دەکات، لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بکەن، ئەوانەی کە خەڵکی سیڤیل و بێتاوان دەکوژن دادگایی بکرێن.

### تەرمەکەی لە دەباشان دۆزرایەوە

# خێزان و هاوڕێکانی گومانیان هەیە تانیا خۆی کوشتبێ

**رووداو– هەولێر**

خێزان و هاوڕێکانی ئەو کچەی رۆژی هەینی رابردوو تەرمەکەی لە نێو ئۆتۆمبێلی هاوژینەکەیدا دۆزرایەوە، گومانیان لە رووداوەکە هەیە و دەڵێن پێدەچێ کوژرابێ.

تانیا نیاز، تەمەن 22 ساڵ، خوێندکاری قۆناغی چوارەمی باخداری بوو لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی، رۆژی هەینی رابردوو 2017/6/16 تەرمەکەی لە دەباشانی شاری سلێمانی بە کوژراوی لەنێو ئۆتۆمبێلی مێردەکەیدا دۆزرایەوە. هەر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا ئەو دەمانچەیەش دۆزرایەوە کە لە رووداوەکەدا بەکارهاتووە، دەمانچەکەش هی مێردەکەی بووە.

پرسەی تانیا لە یەکێک لە هۆڵەکانی شاری سلێمانی بوو، هەموو هاوڕێکانی بە سەرسامی دەیانڕوانیە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی (ج)ی دایکی تانیا، لەناو هۆڵی پرسەکە لەلایەک دایکی تانیا و لەلایەکی دیکە دایکی (ه)ی هاوژینی تانیا دانیشتبوون.

دایکی تانیا دەگریا و بەهێواشی دەیگوت "کچە جوانە غەدرلێکراوەکەم کێشەی نەبوو، لە ماڵی من بەڕەوشت بوو، بە هەتیوی و بە جوانترین پەروەردە گەورەم کردن. کچێک لە ماڵی باوکی بەو شێوە پەروەردە کرابێت، بڕواناکەم قەت خۆی بکوژێ".

دایکی تانیا خاوەنی کوڕێک و کچێکە، دوای تانیا تەنیا کوڕێکی بەناوی (م) ماوە، زۆر هەوڵماندا لەگەڵ (م) قسە بکەین، بەڵام ئامادە نەبوو قسەمان بۆ بکات، تەنیا لە وەڵامی ئەوەی کە بێدەنگیتان باش نییە و خەڵکی بە رۆیشتنی تانیا لە شەودا بۆ دەباشان، رەنگە بە جۆرێکی دیکە لێکدانەوەی بۆ بکەن، (م) هاتە وەڵام و گوتی: "ئێمە هیچ ناڵێین، تانیا پێویستی بە کەس نییە شەرحی ئەخلاق و تەبیعەتی بکات، هەموو کەس دەزانێ چۆن و چی بوو، ئەو ئێستا ئیسراحەتی کرد، وازی لێبێنن با لە گۆڕەکەیدا بە ئیسراحەتی بنوێت".

کەسێکی نزیک لە تانیا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "تانیا لە ماوەی هەشت مانگی هاوسەرگیریدا دوو جار تۆراوە، تانیا دەیگوت نێوانی لەگەڵ دایکی (ه) باش نییە، هەرچەندە دایکی (ه) کۆتایی هەفتە لە هەولێر دەگەڕایەوە و لەگەڵیان دەژیا".

## برای تانیا: تانیا ئیسراحەتی کرد

## دایکی تانیا: بڕواناکەم کچەکەم خۆی کوشتبێ

باس لەوەش دەکات کە تانیا ماوەی دوو مانگە نەچووەتەوە بۆ لای دایکی، بە قسەی ئەو هاوژینەکەی رێگری لێکردووە، بەڵام تانیا قەت باسی هاوژینەکەی بۆ نەکردوون، چونکە زۆری خۆشدەویست.

ئەو کەسە نزیکەی تانیا هۆکاری بێدەنگیی کەسوکاری تانیا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ناوێرن و ترسیان هەیە "چونکە کەسێک پرسیار بکات رێگەی پێنادەن، تەنانەت لە پرسەکەشدا هەر چاویان لەسەرە، خێزانی (ه) باڵادەستن لەناو حیزب و هاوژینەکەشی لە دژەتیرۆر کاردەکات".

یەکێک لە هاوڕێکانی تانیا کە ئەویش نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "تانیا کچی خۆکوشتن نەبوو، ئەو دەیویست پێشڕەویی کچان و ژنان بکات و ببێتە فریادڕەسی کچانی ستەملێکراو، پێش هاوسەرگیری کەسێکی زۆر کراوە بوو، بەڵام دواتر گۆڕا، بێدەنگ ببوو، تەنانەت جارێک لێمپرسی بۆ تۆراویت، وەڵامی نەدامەوە، تەنیا گوتی من (ه)م خۆشدەوێت، بەڵام نازانم بۆ وادەکات!".

ئەو هاوڕێیەی تانیا دەشڵێت "تانیا نەیویست باسی هیچ بکات، لەدوای مانگی چوار زۆر دوورکەوتەوە لێمان، لەگەڵ کوڕ و کچەکانی هاوڕێی قسە و تەلەفۆنی نەدەکرد، کە پێمانوایە بەهۆی هاوژینەکەی بووبێت و رێگری لێکردبێت".

ئەو هاوڕێیەی باس لەوەش دەکات کە پێشتر تانیا لە ماڵی خۆیدا هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام نەیانهێشتووە. ئەو دەڵێت "من باش تانیا دەناسم، ئەگەر بڕیارێکی بدابایە دەستبەجێ جێبەجێی دەکرد، نەوەک چەند کیلۆمەترێک ببڕێت و ئینجا خۆی بکوژێت، لەکاتێکدا هیچ کەسێک بڕوا بەوە ناکات کاژێر چواری بەیانی، ژنێک بەتەنیا بچێت بۆ دەباشان و خۆی بکوژێت، هەتا گەیشتن بەو شوێنە دوورە، سەد جار پەشیمان دەبووەوە".

دوای دۆزینەوەی تەرمی ئەو ئافرەتە، نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ژنە گوللەیەک بە سەری کەوتووە و لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا لە دەباشان دۆزرایەوە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان کاژێر 4:00ـی بەرەبەیان لەماڵ چووەتە دەرەوە، ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لەناویدا دۆزراوەتەوە، هی هاوژینەکەی بووە".

بەگوتەی سەرکەوت ئەحمەد، هاوژینەکەی دەستگیرکراوە و پۆلیس لە لێکۆڵینەوەدایە بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی رووداوەکە.



تانیا نیاز

# داواکاری گشتی بڕیار دەدات گۆڕەکەی دلین هەڵبدرێتەوە

**رووداو– دهۆک**

دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر مەرگی ئافرەتێکی تەمەن 22 ساڵ، داواکاری گشتی لەسەر داوای کەسوکاری ئەو ژنە، بڕیاری هەڵدانەوەی گۆڕەکەی و پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پشکنینی تەرمی ئافرەتەکە دەدات.

دلین ئەحمەد حەسەن، دانیشتووی شاری دهۆک شەش مانگ لەمەوبەر رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک کرا، ئەوکات هاوژینەکەی و ماڵی خەزووری دلین گوتیان "دلین بەهۆی خواردنی برە حەبێکی زۆر رەوانەی نەخۆشخانە کراوە". بەڵام دایکی دلین دەڵێت کچەکەی بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە رەوانەی نەخۆشخانە کرابوو، رۆژی دواتر رەوانەی نەخۆشخانەیەکی هەولێر کراوە و لەوێ گیانی دەرچووە.

دوای سێ مانگ، دایک و باوکی دلین گومان لە مردنی کچەکەیان دەکەن، دوو مانگ لەمەوبەر لەرێگەی پارێزەرێکی خۆبەخشەوە لە دادگای دهۆک داوای هەڵدانەوەی گۆڕی دلینیان کرد.

پارێزەر هەڤاڵ وەهاب کە خۆبەخشانە کار لە دۆسیەی دلین دەکات بە (رووداو)ی گوت "بۆ باشتر بەدواداچوونی ئەو دۆسیەیە، لە سەرەتای مانگی چوار داوام لە سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی هەولێر کرد کە دۆسیەی دلین لە دهۆکەوە بگوازنەوە هەولێر، پاشان لە رۆژی 5\4\2017 بە نووسراوێکی فەرمی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە وەکالەت داوای لە دادگای لێکۆلینەوەی توندوتیژیی خێزانی دهۆک کرد مەلەفەکەی دلین رەوانەی هەولێر بکەن".

پارێزەری دلین دەڵێت دوای ئەوەی موفاتەحەی داواکاری گشتییان کردووە، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە نووسراوی ژمارە (6/د/436) لە رۆژی 2017/6/13 کە ئاراستەی فەرمانگەی داواکاری گشتی دهۆکی کردووە، دوو بڕیاری لەبارەی دۆسیەی دلین دەرکردووە.

وەک لە نووسراوەکەدا هاتووە "پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لەلایەن وەزارەتی تەندروستی کە پێکهاتبن لە پزیشکی جۆراوجۆر لە پسپۆڕییەکان بە سەرپەرشتی ئەندامانی داواکاری گشتی بۆ دەستنیشانکرنی هۆکاری کۆچی دوایی تاوانلێکراو".





دلین ئەحمەد

هەر لە نووسراوەکەدا هاتووە "داواکردنی هەڵدانەوەی گۆڕ بە سەرپەرشتی لیژنەی دروستکراوی وەزارەتی تەندروستی بۆ تەشریحکردن و دیاریکردنی هۆکاری مردنی ناوبراوە، چونکە نەخۆشخانە ناتوانێت دەستنیشانی هۆکاری مردن بکات بەشێوەیەکی دڵنیاکەر، بەبێ تەشریحکردن".

سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە نووسراوەکەدا گلەیی لە داواکاری گشتیی تایبەتمەند لە دۆسیەی دلین کردووە و دەڵێت "وەکو پێویست ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ نەکردووە لە رووی پێشکەشکردنی داواکاری و دەربڕینی راو تێبینییەکانی لەسەر داواکە".

پارێزەری دلین دەڵێت: "چاوەڕێی وەڵامی فەرمانگەی داواکاری گشتی دهۆک دەکەین بۆ دروستکردنی لیژنە و هەڵدانەوەی گۆڕی دلین".

دلین ئەحمەد، لە تەمەنی 15 ساڵیدا بەمێرد دراوە بە گەنجێکی خەڵکی دهۆک. رۆژی 2017/12/29 لە رووداوێکی گوماناویدا لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر گیانی سپارد و دوو منداڵی لە دوای خۆی جێهێشت.

فەوزیە سدیق، دایکی دلین بە (رووداو)ی گوت "کچەکەم هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ماڵی خەسووی نەبوو، ئێوارەیەک لە ماڵی ئێمە چووەوە، رۆژی دواتر خەزووری دلین تەلەفۆنی کرد و گوتی کچەکەت حەبی خواردووە و ویستوویەتی خۆی بکوژێ و ئێستا لە نەخۆشخانەیە، کە چوومە لای کچەکەم بینیم قسە ناکات، سەرەتا نەیانهێشت تەماشای جەستەی بکەم، بەڵام پاش چەند کاژێرێک تەماشام کرد جەستەی هەموو شوێنی لێدان بوو، ئێستا وێنەکانی جەستەی کە ئەشکەنجە دراوە وەکو بەڵگە لەبەردەستمانن، رۆژی دواتر کە باسی ئەشکەنجەدانی دلینم کرد، یەکسەر رەوانەی نەخۆشخانەیەکی هەولێریان کرد و لەوێ مرد".

سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر بنەمای ئەو گومانانەی هەیانبوو، دایکی دلین گوتی "هەر دوای تەواوبوونی پرسەی دلین، سکاڵامان تۆمار کرد، بەڵام ماڵە خەزوورانی دلین هەڕەشەیان لێکردین، بۆیە وازمان لە سکاڵاکە هێنا. دوای سێ مانگ وێنەکانی جەستەی دلینم پێشانی پارێزەرێک دا، ئەویش یەکسەر گوتی زوڵمێکی زۆری لێکراوە و ئامادەیی خۆی نیشاندا بە خۆبەخش کار لە دۆسیەکە بکات".

دایکی دلین گوتیشی "هەتا هۆکاری مردنی کچەکەم ئاشکرا نەبێ وازناهێنین".

بەشیر حەمید کە پارێزەری ماڵی خەزووری دلینە، پێشتر بە (رووداو)ی گوتبوو "ئێمە بەڵگەی تەواومان هەیە کە دلین 30 دەنکە حەبی خواردووە و هەر بەهۆی ئەو حەبانەش گیانی لەدەستداوە".



## فەرەیدون عەبدولقادر داوای دەستپێشخەرییەک لە بارزانی دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێکدا لە بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆی کەناڵی ڕووداو داوای لە پارتی و مەسعود بارزانی کرد، دەستپێشخەرییەکی وا بکەن کە پەرلەمان کارابکرێتەوە. فەرەیدون عەبدولقادر گوتی "دەبێت هێڵی سوور لەسەر ئەوە دابنرێت کە دەڵێن دەبێت سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وای لێ بکرێت و وای لێ بکەین. کارێکی باش نییە دەستکاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکرێ". گوتیشی"کاک مەسعودم بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێباشترە لە هەر کەسێکی دیکە، بۆ ئەم دۆخەی ئێستا. کاک مەسعود بە فەرمی و غەیرە فەرمی سەرۆکایەتیی ئەم هەرێمە دەکات".

### دەیەوێ پێش جەژن ڕێکبکەون

# یەکێتی بۆ ئاشتەوایی لەنێوان گۆڕان و پارتی دەست بە هەوڵێکی نوێ دەکات

**مەحموود یاسین کوردی و نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

سەرکردایەتی یەکێتی لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا، مەکتەبی سیاسییان ڕاسپارد بۆئەوەی دەست بە هەوڵێکی نوێی ئاشتەوایی لەنێوان گۆڕان و پارتی بکەن.

ڕۆژی یەکشەممە، 2017/6/18 سەرکردایەتی یەکێتی کۆبووەوە و دوای کۆبوونەوەکەش بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تێیدا ڕایگەیاند، بە مەرجی دەرکردنی یاسایەک لە پەرلەمانەوە پشتگیری لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی دەکەن.

حامیدی حاجی غالی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "دەبێ پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە و یاسایەک بۆ گشتپرسی دەربکات، ئێمەش وەک یەکێتی هەوڵێکی دیکە دەدەین لەگەڵ گۆڕان و پارتی بۆ ئەوەی ڕێکبکەون و پەرلەمان کارا بکرێتەوە".

ڕای زۆربەی بەشداربووانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەوە بووە کە پێویستە یەکێتی پشتگیری پرۆسەی گشتپرسی بکات، بەڵام پێویستی بە پاڵپشتی یاسایی هەیە و دەبێ پەرلەمان کارابکرێتەوە.

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە سوورین لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ گشتپرسی، چونکە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کۆدەنگی و یەکڕیزی هەیە، یەکێتی لەگەڵ پارتی و گۆڕان و لایەنەکان لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێ".

(ڕووداو) زانیویەتی چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا داوایان کردووە پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان باس نەکرێ، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندی بە پارتی و گۆڕانەوە هەیە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت: "هەموو هەوڵی خۆماندا تاوەکوو کاک مەسعود بارزانی ڕازی بوو گۆڕان سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرێتەوە و یوسف محەممەدیش سەرۆکایەتی یەکەم دانیشتن بکات، گۆڕانیش پێیانگوتین کێشەیان لە گۆڕینی یوسف محەممەد نییە، کەچی ئێستا پەشیمان بوونەتەوە، بۆیە نابێ چیدیکە یەکێتی باجی ڕەفتاری پارتی و گۆڕان بدات".

نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"لەبەر ئەوەی دوای جەژن کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی دەکرێ، پێش جەژن یەکێتی هەوڵ دەدات لەگەڵ پارتی و گۆڕان گفتوگۆ بکات. یەکێتی ناچێتە نێو ئەو ململانێیەی کە دەبێ قسەی گۆڕان بێ یان پارتی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان، دەبێ خۆیان ڕێکبکەون".

لە ڕاگەیێندراوی کۆبوونەوەکەی یەکێتیدا هاتووە، وەڵامی نەخشەڕێگەی یەکێتی، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە و بڕیاردرا سەرکردایەتی بۆچوونی خۆیان دەربارەی بدەنە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سیاسیش لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتیدا، بکەوێتە گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوسەنگی و شەراکەتی ڕاستەقینە، لەهەموو ئاست و ئاراستەکاندا.

نەسروڵڵا سورچی دەڵێ پارتی لە وەڵامەکەیدا هاوڕایە لەسەر چاککردنی بژێویی خەڵک و مووچە و سووککردنی باری گوزەرانی خەڵک و فەرمانبەران، بەڵام بۆ مەسەلەی ئاڵوگۆڕی پۆستەکان و گۆڕانکارییەکان گوتوویانە پێویستە بە ڕێککەوتن بێ و هەروەها بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانیش پارتی پێی باشە بە ڕێککەوتن بێ لە نێوان لایەنەکان".

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/6/13ی نێوان مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی ڕازی بوو پەرلەمان کارا بکرێتەوە و یوسف محەممەد سەرۆکایەتی یەکەم دانیشتن بکات، پاشان دەستەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەستنیشان بکرێ و گۆڕان کەسێکی دیکە لەجێگەی یوسف محەممەد دابنێت، ئەو پەیامەش بە بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیێندرا، بەڵام گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە.

سەربەست لەزگین، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"پارتی لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمان و ڕێککەوتن و کۆدەنگی نیشتمانییە، پێمانباشە پەرلەمان پێش بەڕێوەچوونی گشتپرسی کارا ببێتەوە، بەڵام گشتپرسی پێویستی بە بڕیاری پەرلەمان نییە، بەڵکو پەیوەستە بە هەموو خەڵکی کوردستان و مافی گەلێکە، جگە لەوە لایەنەکان ڕێککەوتوون و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کۆمیسیۆنی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی ئامادەسازی بۆ ئەو پرۆسە نیشتمانییە بکات".



سەرکردایەتیی یەکێتی دوای جەژنی ڕەمەزان کۆدەبێتەوە

### پەرلەمانتارێکی یەکێتی:

# کاک نەوشیروان داوای لە د.بەرهەم کردبوو ببێتە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی یەکێتی ئاشکرای دەکات کە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری کۆچکردووی بزووتنەوەی گۆڕان چەند جارێک داوای لە د.بەرهەم ساڵح کردووە بێتە نێو بزووتنەوەی گۆڕان و ببێتە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە. بەرهەم ساڵحیش لە وەڵامدا پێیگوتووە خۆم بە شایستە نازانم ئینشیقاقێکی دیکە لە نێو یەکێتی بکەم.

دوایین قسەی بەرهەم ساڵح لەسەر دۆخی یەکێتی، لەو بەیاننامەیەدا بوو کە لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەناوی ناوەندی بڕیار لە 2016/9/1 واژۆیان لەسەر کرد. ئیدی لەو کاتەوە بەرهەم ساڵح نە قسەی لەسەر یەکێتی کردووە، نە بەشداری کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی ئەو حیزبەی کردووە.

بەرزان ئەحمەد کوردە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەرهەم ساڵح بڕیاریداوە تا شکۆ و حورمەت بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نەگەڕێتەوە، بەشداری کۆبوونەوەکان نەکات".

#### ناوەندی بڕیار ماوە؟

ڕۆژی 2017/2/11 باڵی ناوەندی بڕیار و باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی کۆبوونەوە، بەڵام بەرهەم ساڵح، بەشداریی کۆبوونەوەکەی نەکرد.

بەرزان ئەحمەد کوردە کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ناوەندی بڕیار، سەبارەت بە چارەنووسی ئەو ناوەندە کە هیچ کاتێک نەبووە ناوەندی بڕیار، دەڵێ: "ناوەندەکە نەماوە، بەڵام سەرکردە و کەسەکان و پرۆژە و داواکارییەکان ماون، خەباتی ئێمەش بۆ ئەوە بوو دیسپلینی حیزبی و شکۆ بۆ یەکێتی بگەڕێتەوە، یەکێتی پێویستی بە بەرهەم ساڵح هەیە، کەسێکی ناسراوە و خاوەنی پرۆژە و ڕوانگەیە".

#### د.بەرهەم دەگەڕێتەوە

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەتیکردەوە هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم گەڕانەوەی د.بەرهەم بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەبێ و پێشبینی کرد بەمنزیکانە بگەڕێتەوە. ئەسەسەرد گوتی "لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێتەوە کۆبوونەوەکان، شاندێکی سەرکردایەتی یەکێتی سەردانیان کردووە و لەوبارەیەوە قسەیان کردووە".

لە سەروبەندی سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان لەسەر هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەم ساڵح پرۆژەیەکی بەناوی (بەرەو چارەسەرێکی نیشتمانی بۆ قەیرانی حوکمڕانی کوردستان) پێشکەش کرد، پرۆژەکەی لەلایەن مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی پەسەند کرا، بەڵام لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی و هەروەها بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتکرایەوە کە داوای قۆناغێکی کاتی تاوەکوو ساڵی 2017ی کردبوو.

بەرهەم ساڵح، لە سەرەتای ساڵی 2014 بەهۆی دواکەوتنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی دەستبەداری پۆستی جێگری دووەمی سکرتێری گشتی حیزبەکەی بوو و ڕایگەیاند :"من ئەندامێکی ئاسایی یەکێتیم".

کەسێکی نزیکی بەرهەم ساڵح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەرهەم ساڵح هیچ پرۆژەیەکی بۆ جیابوونەوە و دروستکردنی لیست نییە. ئەو ماوەیەش کە بێدەنگ بوو، بۆ ئەوە بوو بیانووی ئەو کەسانە ببڕێت کە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتییان دەخستە ئەستۆی ئەو، بەڵام تاسەر بە دیار نائومێدییەوە دانانیشێ، پرۆژەی دوای ناوەندی بڕیاری دەبێ".

ئەو کەسە نزیکەی بەرهەم ساڵح هەروەها گوتی: "کاک بەرهەم لە سیاسەتی پەرت بکە و زاڵبەی ئەو گرووپەی دەستیان بەسەر یەکێتیدا گرتووە، نیگەرانە، ئەو گرووپە ئاگاداری ورد و درشتی بڕیارە هاوبەشەکانی یەکێتین لەگەڵ پارتی، کەچی دوای بڕیاردان لەسەر ڕیفراندۆم پەلاماری کاک کۆسرەت و مەلا بەختیاریشیان داو دەیانەوێ بە تۆمەتی تەسلیمبوون بە پارتی ئەو تێکۆشەرانە دەربکەن".

#### پێشنیازەکەی نەوشیروان مستەفا

لە نیسانی 2016دا نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری کۆچکردووی بزووتنەوەی گۆڕان لە لەندەن لەگەڵ بەرهەم ساڵح کۆبووەوە، ئەگەرچی ڕەتکردنەوەی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح لەلایەن گۆڕان لە خودی نەوشیروان مستەفاوە بوو، بەڵام دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، بەرهەم ساڵح ئەوی بە ڕێبەرێکی گەورە وەسف کرد "بۆ زۆربەمان مامۆستا و سەرکردە و جێگەی هیوای گەلێکی مەزلومیش بوو".

سالار مەحموود، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی، بەرهەم ساڵح بە کەسایەتییەکی "دەوڵەتمەدار" وەسف دەکات و دەڵێت: "لەنێو خەڵکدا جێی متمانەی زۆرە، نەک هەر بۆ یەکێتی بەڵکو بۆ کورد و کوردستان و دیموکراسیش دوورکەوتنەوەی کاک بەرهەم کەلێنی دروستکردووە".

سالار مەحموود بۆ یەکەمجار لەڕێی ڕووداوەوە ئاشکرای دەکات کە نەوشیروان مستەفا چەند جارێک پێشنیازی بۆ کردووە بێتە نێو بزووتنەوەی گۆڕان و ببێتە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام د.بەرهەم گوتوویەتی خۆم بە شایستەی ئەوە نازانم ئینشیقاقێکی دیکە لەنێو یەکێتیدا بکەم.



### پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ دەڵێت ئەگەری بەهێزی هەیە

# گۆڕان لیستی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بزووتنەوەی گۆڕان پێکهێنانی لیستی هاوبەشی هەڵبژاردن لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە، یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامیش لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی ئیسلامی چاوەڕێی کۆمەڵ ناکەن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ڕۆژی 2017/6/14 ، دوور لە چاوی میدیاکان کۆمەڵ و گۆڕان کۆبوونەتەوە، کۆمەڵ ئامادەیی خۆیان بۆ پێکهێنانی یەک لیستی هاوبەش لەگەڵ گۆڕان و کاندیدێکی هاوبەش بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیشانداوە، بەڵام سەرکردەکانی گۆڕان پرۆژەکەیان ڕەتکردووەتەوە و گوتوویانە: "دەمانەوێ قەبارەی خۆمان لە دوای کۆچی کاک نەوشیروان مستەفا بزانین".

زانا ڕووستایی، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت :"بە ئاسایی دەبینم کۆمەڵ و گۆڕان زیاتر لێک نزیک ببنەوە، پێشبینیش دەکەم لیستێکی نیشتمانی بۆ هەڵبژاردنەکان دروستبکەن".

لە پاڵ نزیکیی بۆچوونەکانی لە گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی کاری هاوبەشی ئیسلامیی هەیە. ئەگەرچی کۆمەڵ بە فەرمی دەستهەڵگرتنی لە پرۆژەی هاوکاریی ئیسلامی ڕانەگەیاندووە، بەڵام ئاراستەکە بەرەو ئەوە دەڕوات کە کۆمەڵ بەجیا بەشداریی هەڵبژاردن بکات. بەپێی زانیاریی (ڕووداو) زۆرینەی مەڵبەندەکانی کۆمەڵ لیستی هاوبەشی ئیسلامی ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و ڕەنجی دوو ساڵی گوتاری توندیان بەرامبەر پارتی بە فیڕۆ دەدات.

(ڕووداو) زانیویەتی 39 ڕێکخراوی ئیسلامی کە 3 نوێنەریان لە دەستەی باڵای کاری هاوبەشی ئیسلامی هەیە، داوایان لە هەرسێ لایەنەکە (یەکگرتوو، کۆمەڵ و بزووتنەوە) کردووە لە ماوەیەکی دیاریکراودا تێڕوانین و قسە و بڕیاری خۆیان سەبارەت بە دروستکردنی بەرەی ئیسلامی بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی بزانرێت کێ لەگەڵ دروستکردنی لیستی ئیسلامییە و کێش لەگەڵی نییە.

هەفتەی ڕابردوو سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی لەکاتی بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنی حیزبەکەی لە پارێزگای هەڵەبجە، دروستکردنی لیستی ئیسلامییەکانی بەناوی "چاکسازیی نیشتیمانی" ئاشکرا کرد و گوتی: "ئەگەر لایەنێک و کەسانێکیش دڵسارد بن یان لەگەڵمان بەردەوام نەبن و نەیەن، ئەوا ئێمە بەردەوام دەبین و لیستەکە ناکەینە قوربانی هیچ کەسێک".

سەرکردەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە و برایانی بزووتنەوە وەڵامی ئیجابی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانمان داوەتەوە بۆ دروستکردنی لیستی ئیسلامی و چاوەڕێی برایانی کۆمەڵ دەکەین، پێمان خۆشە هەموومان پێکەوە بین، بەڵام ڕێزیش لە بڕیاری ئەوان دەگرین".

زانا ڕووستایی لەبارەی لیستی هاوبەشی ئیسلامییەکان دەڵێ: "کۆمەڵ کورسییەکانی زیاد بکات کەم ناکات، ئەگەر بە لیستێک لەگەڵ گۆڕان و لایەنەکانی دیکە بەشداریی هەڵبژاردن بکات. دەنگدەری ئیسلامی جێگیرە، ئەگەر ئیسلامییەکان بە یەک لیستیش بەشداری هەڵبژاردن بکەن ژمارەی کورسییەکانیان لەوەی ئێستا هەیە زیاد ناکات".

هەر لەوبارەوە کامیل مەحموود، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی گوتی "بزووتنەوەی ئیسلامی لە زەمانی جەنابی ڕابەری گشتییەوە وەڵامی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانمان داوەتەوە کە ئامادەی هەموو کارێکی هاوبەشین، هەر لە یەک لیستییەوە تا دروستکردنی یەک حیزب و یەکگرتنی سەرجەم ئیسلامییەکان".

کۆمەڵ.. دەنگی لە هەولێر و بڕیاری لە سلێمانی

کۆمەڵ دوو لەسەر سێی کورسییەکانی لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە هەولێر بوو. 23 هەزار دەنگی لە کۆمەڵەکانی سلێمانی زیاتر بوو، بەڵام گوتاری شەقامی سلێمانی و نزیکبوونەوەی لە گۆڕان بەسەر هەڵوێستەکانی ئەو حیزبەوە لەدوای دانیشتنی 23ی حوزەیرانی 2015 دیارە، زانا ڕووستایی پێیوایە :"ئەو سیاسەتەی کۆمەڵ پشتیوانی و متمانەی جەماوەری بۆ حیزبەکەی زیاتر کردووە".

گشتپرسی ڕێگای کۆمەڵ و گۆڕان جیادەکاتەوە

سەرەڕای نزیکی و هاوهەڵوێستیی گۆڕان و کۆمەڵ لە پرسە سیاسییەکان، بە تایبەتی لە مەسەلەی بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە پرسی گشتپرسیدا کۆمەڵ ڕێگای خۆی لە گۆڕان جیاکردووەتەوە. بە تایبەت سەرکردە هەولێرییەکانی کۆمەڵ داوایان کردووە حیزبەکەیان لە بڕیار وەرگرتن پەلە نەکات، هەربۆیە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/6/10 ی ئەنجوومەنی سیاسی بە سەرپەرشتی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ کە لە هەولێر بەڕێوەچوو، هیچ بڕیارێک نەدرا.

عەلی حوسێن، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە چاوەڕێی زیاترمان لە برایانی کۆمەڵی ئیسلامی دەکرد، ئەو کێشانەی لە ڕابردووش ڕوویاندا بەهۆی ئەدای خراپی سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو، بەڵام ئێستا هەموومان لە بەردەم پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییداین کە ئەویش گشتپرسییە، بۆیە چاوەڕێی ئاساییبوونەوەی زیاتری پەیوەندییەکان دەکەین".

عەلی حوسێن هەروەها دەڵێ: "خیتابی کۆمەڵ و گۆڕان لەسەر گشتپرسی جیاوازە، ئومێدمانە ئەو گشتپرسییە ببێتە دەرفەتێکی باشتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان".

## 4500 سەربازی ئەمریکی لە عێراق کوژراون

**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ژمارەی ئەو سەربازانەی سوپای وڵاتەکەی ئاشکراکرد، کە لە دەستپێکی شەڕی عێراق لە ساڵی 2003 و شەڕی ئەفغانستان لە ساڵی 2001ەوە تاوەکو ئێستا لە هەردوو وڵات کوژراون. پێنتاگۆن ئاماژە بەوە دەکات، لە ساڵی 2003ەوە تاوەکو ئێستا 4526 سەربازی ئەمریکی لە ئەنجامی بەشداریکردنیان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا لە عێراق کوژراون، 32 هەزار و 293 سەربازی دیکەش بریندار بوون. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دەڵێت، لە ساڵی 2001یشەوە تاوەکو ئێستا 2257 سەربازی سوپای وڵات لە ئەفغانستان کوژراون، 20 هەزار و 233 سەربازی دیکەش بریندار بوون.



راپۆرت
رووداو
ژمارە (462) - دووشەممە 2017/6/19

### پارێزەرانی کورد بەرگرییان لێدەکەن

# 800 کەس بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعش لە گرتووخانەکانی دهۆکدان



## بەرپرسی رێکخراوێکی مافی مرۆڤ: 320 ئەندامی داعش لە دهۆک دادگایی کراون

## دادوەرێک: بەهۆی کارانەکردنەوەی پەرلەمان، تیرۆریستان بە یاساکانی عێراق دادگایی دەکرێن

## پارێزەرێک: ناخۆشترین شت ئەوەیە لە دادگا بەرگری لە داعشێک دەکەم

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بەرپرسی رێکخراوێکی مافی مرۆڤ لە شاری دهۆک ئاشکرای دەکات کە زیاتر لە 800 کەس بە تاوان و تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعش لە گرتووخانەکانی دهۆکدان. تاوەکوو ئێستاش دۆسیەی 320 کەسیان یەکلایی بووەتەوە و سزا دراون. پارێزەرێکی کورد دەڵێت ئەوانە پارێزەری خۆیان نییە و دادگا پارێزەریان بۆ دەگرێ، بۆیە ناچارن بەرگرییان لێبکەن.

بەشێک لەو تۆمەتبارانە لەکاتی شەڕەکاندا دەستگیرکراون، بەڵام زۆربەیان لەگەڵ شەپۆلی ئاوارەکانی مووسڵ و تەلعەفەر روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، تەنیا لەو مانگەدا نزیکەی 100 چەکدار و لایەنگری داعش لەڕێی ئاوارەکانی تەلعەفەرەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون. پێشتریش لە نێو ئاوارەکانی سنووری پارێزگای دهۆک 300 کەس بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکراون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆسیەی دەستگیرکردنی ئەندامانی داعش لە سنووری پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی گوت "لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە ئەو ئاوارانەی دەهاتنە دهۆک، زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون، چونکە زۆربەی پیاوەکان باوەڕیان بە داعش هەبوو، لەژێر دەستی داعش مابوونەوە، هەندێکیان چەکیشیان بۆ داعش هەڵگرتبوو، بەڵام ئێستا ئەو ئاوارانەی لە تەلعەفەرەوە دێن، پیاوەکان لە ئافرەتەکان زیاترن. ئەوەش گومانی دروستکردووە کە ئەندامانی داعش خۆیان لە نێو ئاوارەکاندا بشارنەوە، هەندێکیان هەرزوو ئیعتراف دەکەن و دەڵێن داعش بوون، بەڵام وازیان هێناوە".

ئەو سەرچاوەیە کە بەهۆی ئەوەی رێپێدراو نییە قسە بۆ میدیا بکات نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاری زۆرتری لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانە درکاند و گوتی: "تەنیا لەو مانگەدا 100 کەس بە تۆمەتی ئەوەی چەکداری داعشن یان پەیوەندییان لەگەڵ داعش هەبووە، دەستگیرکراون، هەیانە ئەمیری داعش بووە. هەروەها لەو کەسانەی لە دهۆک دەستگیرکراون، پێنج ئافرەتیش هەن کە هەندێکیان راستەوخۆ هاوکاریی داعشیان کردووە.

جگە لەوەش 50 هەرزەکاریان تێدایە، هەندێک لەو هەرزەکارانە داعش مێشکی وەها شووشتوونەتەوە لەنێو زیندانیش شانازی بە داعشبوونی خۆیانەوە دەکەن".

### زیندانی دهۆک پڕبووە لە داعش

حەمدی بەرواری، بەرپرسی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان- لقی دهۆک، ژمارەی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعش لە زیندانەکانی دهۆکدان. بەرواری بە (رووداو)ی گوت "زیندانەکانی دهۆک پڕبوون لە تۆمەتباری داعش، ئێستا 500 تۆمەتباری داعش لە زیندانەکانی دهۆکن، جگە لەوەش 320 کەسیان دادگایی کراون و سزایان بۆ دەرچووە، دوای دادگایی دەرکەوتووە بەشێکیان چەکداری داعش بوون و بەشێکیشیان هاوکاریی داعشیان کردووە".

حەمدی بەرواری ئاشکرای کرد کە لەنێو ئەوانەی دەستگیرکراون کوردیش هەن، بەڵام دەڵێت "ئەو کوردانە هیچیان چەکداری داعش نەبوون، تەنیا هاوکاریی داعشیان کردووە. جگە لەوەش 50 هەرزەکار بەو تۆمەتە دەستگیرکراون کە هەندێکیان ئێستا شانازی بە داعشەوە دەکەن".

سەبارەت بە سزای ئەو کەسانەش، حەمدی بەرواری گوتی "سزاکان بەپێی تاوانەکانیانە، ئەوانەی بەشداریی راستەوخۆیان لە تاوانەکانی داعشدا کردبێ، زۆربەیان سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، کەمترین سزا پێنج ساڵ بەندکردنە. ئەوەش زۆرتر بۆ ئەوانەیە کە بە ناڕاستەوخۆ هاوکاریی داعشیان کردووە، یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشتگیرییان لە داعش کردووە".

### پارێزەرانی کورد بەرگرییان لێدەکەن

بەپێی یاسا، هەر تۆمەتبارێک لە رۆژی دادگاییەکەی پارێزەری نەبێت، دەبێ دادگا پارێزەری بۆ دابین بکات، کرێی پارێزەرەکەش لە خەزێنەی دەوڵەت دەدرێ. ئەو تۆمەتبارانەی داعش هیچیان پارێزەریان نییە، بۆیە پارێزەرانی کورد ناچارن لە دادگا ببنە پارێزەریان و بەرگرییان لێ بکەن.

پارێزەر هەژار سوبحی کە تاوەکوو ئێستا لە دادگاییکردنی پێنج تۆمەتباری داعشدا پارێزەر بووە، دەڵێت "زۆر قورسە بتوانی لە دادگا بەرگری لە تۆمەتبارێکی داعش بکەی، بەڵام ئەوە یاسایە و ئێمەش وەکو پارێزەرێک تەنیا ئەرکە یاساییەکەی خۆمان جێبەجێ دەکەین".

هەژار باسی هەستی خۆی دەکات کاتێک بەرگری لە چەکدارێکی داعش دەکات و دەڵێت: "بەڕاستی کاتێک لە دادگا بیر لە تاوانەکانی داعش دەکەمەوە، ناخۆشترین هەستم هەیە کە بەرگری لە تۆمەتبارێکی داعش دەکەم".

لە کاتی ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، پیاوێکی عەرەبی تەمەن 44 ساڵ دەبرایە هۆڵی دادگا، ئەو دەیگوت "من داعش نیم، کوڕە تەمەن 12 ساڵانەکەم داعش بوو، منیش بەبۆنەی کوڕەکەمەوە دەستگیرکراوم".

ئەو پیاوە عەرەبە باسی چیرۆکی چوونی کوڕەکەی دەکات بۆ ریزەکانی داعش و دەڵێت "ماڵمان لە گوندێکی دەوروبەری تەلعەفەرە، کوڕە تەمەن 12 ساڵانەکەم هاتوچۆی مزگەوتی دەکرد، چەکدارانی داعش لە مزگەوت باسی شەڕ و جیهادیان بۆ کردبوو، رۆژێکیان چەکدارێکی داعش پێیگوتم کوڕەکەت لەگەڵ ئێمەیە، ئێستا راهێنانی پێدەکەین، ئامادەی دەکەین بۆ جیهاد".

بە گوتەی ئەو پیاوە، کوڕەکەی چوار مانگ لە ریزەکانی داعشدا بووە، دواتر وازی هێناوە. کوڕەکەشی ئێستا دەستگیر کراوە. خۆیشی لەسەر ئەوە دەستگیرکراوە کە چۆن رێگەی داوە کوڕە هەرزەکارەکەی بچێتە ریزەکانی داعشەوە.

> ### بە چ یاسایەک دادگایی دەکرێن؟
>
> ساڵی 2006 پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)ی دەرکرد. لە مادده 17ی یاساکەدا هاتووە ئەو یاسایە بۆ دوو ساڵە. بۆیە دوو ساڵ جارێک یاساکە درێژکراوەتەوە. دوایینجاریش یاساکە بۆ ماوەی دوو ساڵ تاوەکوو 16/7/2016 درێژکرابووەوە.
>
> دادوەر سدقی کەریم خان، دادوەری لێکوڵینەوە لە تاوانەکانی تیرۆر لە دادگای دهۆک دەڵێت "لە 16/7/2016 بەدواوە کار بەو یاسایە ناکرێ، چونکە پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە یاساکە درێژ بکرێتەوە. ئێستاش پەرلەمان نییە. بۆیە ئەوانەی بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر دەکرێن، بەپێی مادده 111 لە یاسای سزادانی عێراق مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەیاندا دەکرێ و بەو یاسایە دادگایی دەکرێن".

### نووسەرێکی ئێرانی یاداشتەکانی خۆی لەگەڵ بەندکراوانی قاعیدە لە زیندان دەگێڕێتەوە:

# نوێنەری بەندکراوانی قاعیدە کەسێکی کورد بوو



بەهمەن ئەحمەدی ئامۆیی

## ئەندامانی قاعیدە لێکدانەوەی قووڵیان بۆ ئاین نەبوو

## رەفتاری حکومەتی ئێران هۆکاری نزیکبوونەوەی کوردەکان بووە لە قاعیدە

**رووداو- هەولێر**

یاداشتەکانی بەهمەن ئەحمەدی ئامۆیی، چالاکڤان و رۆژنامەنووسی بزووتنەوەی سەوزی ئێران، دەریدەخات سەلەفییە جیهادییەکانی قاعیدە مێژوویەکی کۆنی چالاکی و ئامادەییان لەناو ئێران و لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

ئامۆیی لە حوزەیرانی 2009 لە کاتی خۆپیشاندانەکان لە دژی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران دەستگیرکرا و بڕیاری حەوت ساڵ و چوار مانگ بەندکردنی بۆ دەرچوو. ئامۆیی کە لە بەشی 350ی بەندیخانەی ئێڤینی تاران بەندکرابوو، ساڵی 2010 ئەو یاداشتانەی نووسیون.

بەگوێرەی یاداشتەکە، لە تەمووز و ئابی 2010 ژمارەی بەندکراوانی قاعیدە زیادی کردبوو، لەنێویاندا نزیکەی 10 کەسیان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەتەمەنترینیان 24 و 25 ساڵ بوون. بەپێی بڕیاری بەڕێوەبەری ئەو بەشە لە گرتووخانەکە، نەدەبوو زیاتر لە دوو بەندکراوی قاعیدە لە یەک ژووردا بن، بەڵام لەبەر چاککردنەوەی بەشەکە، دەرفەتی یەکتربینین لە نێوان بەنکراوەکاندا زیاتر ببوو.

نووسەری یاداشتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەڵسوکەوتی رێکخراوەیی تایبەت بە ئەلقاعیدە، روخساری نامۆ و ریشی درێژی ئەوان، ترسێکی لەلای بەندکراوانی دیکە دروستکردبوو، بۆیەش بڕیاریان دابوو ئەوەندەی بۆیان بکرێ لەگەڵیان تێنەکەون، بەڵام پاش چەند دەمەقاڵە و شەڕێک، بەرپرسانی بەشی 350 گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە باشتر وایە قاعیدەکان پێکەوە لە یەک ژووردا بن. بۆیەش 10 کەس لە قاعیدەکان و 14 کەس لە بەندکراوە سیاسییەکانیان پێکەوە لە یەک ژوور کردبوو".

سەرەتا هیچکەس ئامادە نەبووە لەگەڵ ئەو 10 بەندکراوە قاعیدەیە بچێتە نێو یەک ژوورەوە، بەڵام دواجار نووسەری یاداشتەکە لەگەڵ نۆ چالاکڤانی دیکەی بزووتنەوەی سەوز، کەسێک لە ئەنجوومەنی شاهەنشایی و سێ بەندکراوی سیاسیی کورد بەناوی مەتیج ئەرجان، خەڵکی باکووری کوردستان، رەمەزان ئەحمەد کەمال خەڵکی رۆژئاوای کوردستان و رەمەزان سەعیدی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رازی دەبن لەگەڵیان بمێننەوە.

مانەوە لە ژوورێکدا لەگەڵ قاعیدەکان سەرەڕای ترس و نیگەرانییەکانی، مایەی نوکتە و گاڵتەش بووە و زۆرجار بەندکراوەکانی ژوورەکانی دیکە بە گاڵتەوە سەیری ژوورەکەی ئەوانیان کردووە بۆ ئەوەی بزانن هێشتا زیندوون. قاعیدەکان هەوڵێکی زۆریان دەدا بۆ ئەوەی خۆیان لە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکانی دیکە بەدوور بگرن، کێشەشیان لەگەڵ ئەوە هەبووە کەسێک لە کاتی خەوتندا کراسەکەی دابنێ و هەڕەشەیان لە کەسەکە کردووە.

بەگوێرەی یاداشتەکانی ئامۆیی، لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی هێرشەکانی قاعیدە بۆ سەر بنکەکانی ناتۆ یان ئەمریکا، قاعیدەکانی ناو ژوورەکە تەکبیریان لێدەدا و یەکدییان ماچ دەکرد، لە هەمانکاتدا رەخنەیان لە ناوەندی هەواڵی حکومەتی ئێران دەگرت کە ژمارەی کوژراوەکان کەم دەکاتەوە. ئامۆیی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە قاعیدەکان بڕوایان بە مەولودی پێغەمبەری ئیسلام نەبووە و دەیانگوت "بۆچی نێردراوی خوا خۆی جەژنی لە دایکبوونی بۆ خۆی نەدەکرد؟".

نوێنەری قاعیدەکان کەسێک بووە بە ناوی (عەبدوڵلا.خ) کە لە شاری بۆکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیرکرابوو. بەگوتەی خۆی هەشت ئەمریکی لە ئەفغانستان کوشتبوو، ئەو دەستگیرکردنەکەی خۆی بە ناڕەوا دەزانی، لەبەر ئەوەی پێیوابوو "ئێران لەلایەکەوە خۆی بە دوژمنی ئەمریکا لە قەڵەم دەدا و لەلایەکی دیکەشەوە کەسێک دەستگیر دەکات لە ئەفغانستان ئەمریکییەکانی کوشتووە". لە کاتی ئەو قسانەدا عەبدوڵلا 11 مانگ بەسەر دەستگیرکرانیدا تێپەڕیبوو.

بەپێی گێڕانەوەی ئامۆیی، قاعیدەکانی ژوورەکەیان تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی ئەوتۆیان بۆ ئایین نەبووە "رەنگە تاکە تایبەتمەندیی زەقیان ئەوە بووبێ کە فڵانە کەسەیان 29 جوزئی قورئانی لەبەر بوو".

ئامۆیی دەڵێت "ئەوان لە رۆژنامەکانیشدا تەنیا بە دوای جەدوەلدا دەگەڕان، یان بە دوای ئەو وشانەدا دەگەڕان کە بە بۆچوونی ئەوان ناوی خودایە، ئەگەر لاپەڕەیەکی وەهایان ببینیبایە یەکسەر رۆژنامەکەیان ورد ورد دەکرد بۆ ئەوەی دواتر لە خاوێنکردنەوە و سڕینی ژوورەکەدا کەڵکی لێوەرنەگیرێ".

وەکوو لە یاداشتی چالاکڤانەکەی بزووتنەوەی سەوزی ئێراندا هاتووە، بەندکراوانی قاعیدە هەتا دەهات ژمارەیان زیاتر دەبوو. ئەمەش گرژییەکانی نێو گرتووخانەکەی زیاتر کردبوو. لەنێو قاعیدەکاندا دوو میسری، دوو ئازەربایجانی و یەک فەلەستینیش هەبوون. بەپێی یاداشتەکە "قاعیدەکان گۆشتی ئاژەڵیان نەدەخوارد و دەیانگوت نازانن ئاژەڵەکە چۆن سەربڕدراوە، پانتۆڵەکانیان کورت بوو، دەیانگوت پێغەمبەری ئیسلام گوتوویەتی دەبێ قولەپێ دیار بێ".

لەو ژوورەدا ژمارەیەک کوردی دیکەش هەبوون کە بە گوتەی خۆیان بەهۆی شەڕ لە دژی قاعیدەی کوردستان دەستگیرکرابوون. یەکێک لەوان بە نووسەری یاداشتەکەی گوتبوو "ئەرکی من دەستنیشانکردن و کوشتنی بەرپرسان و پڕوپاگەندەکارانی قاعیدە لە کوردستانی ئێران بوو". چەند جارێکیش شەڕ لە نێوان ئەو دوو گرووپە کوردەدا دروست ببوو.

چالاکڤانەکە لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی ژیانی خۆی لە گرتووخانە نزیکەی 50 ئەندامی قاعیدەی بینیبوو، لە نێویاندا تەنیا دوو کەسی بینیبوو کە خوێندەواریی بەرزیان هەبێ، ئەوانی دیکە لە خەڵکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا بوون.

یەکێک لە دوو قاعیدە خوێندەوارەکە (کە پێدەچێ کورد بووبێت) بە ئامۆیی گوتبوو "کۆماری ئیسلامی وایدەزانی ئەگەر ئیمتیازاتمان بداتێ و رێگەی پڕوپاگەندەمان بۆ بکاتەوە، ئێمە لە کاتی هەر هێرشێکی ئەمریکا لە رۆژئاوای ئێرانەوە پشتگیریی دەکەین".

بە گوتەی ئەو ئەندامەی قاعیدە "بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی قاعیدە لە ناوچە کوردییەکان وایکرد زەمینەی ململانێ لەو ناوچانە زیاتر بێ و خەڵک سەرقاڵی ئەو ململانێیە بن، بەڵام ئێمە بە باشترین شێوە کەڵکمان لەو دەرفەتە وەرگرت کە ئێران پێی دابووین".

گەنجە خوێندەوارەکەی دیکە کوڕێکی خەڵکی سەردەشتە کە پێشتر خوێندکاری بەشی ئەندازیاری کارەبا بووە و ناوی ئەیوب بووە. بە گوتەی خۆی لەناو خێزانەکەیاندا بایەخێکی ئەوتۆ بە ئایین نەدەدرا، تەنانەت خۆیشی هەتا سەرەتای ساڵی سێیەمی زانکۆ گرنگییەکی زۆری بە ئایین نەدەدا، بەڵام پاش ماوەیەک لە زانکۆکەی لە تەورێز لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد ئاشنا بووە، لەوێش توانیبووی ژمارەیەک سەلەفی جیهادیی سەر بە قاعیدە لە نزیکەوە بناسێت.

بەگوتەی ئەیوب، هەڵسوکەوتی حکومەتی ئێران لەگەڵ کورد هۆکاری نزیکبوونەوەی ئەو لە قاعیدە بووە. گەنجە سەردەشتییەکە لەمبارەیەوە گوتبووی: "سوننەبوون و کوردبوون، بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتیی ناوچەکە... گەنجەکان هان دەدات لە گروپەکانی دژی حکومەت نزیک ببنەوە".

ئەو پێیوابووە کۆمەڵەکان، دیموکراتەکان، پژاک و پەکەکە ناتوانن داخوازییەکانی خەڵک دەستەبەر بکەن، پێشیوایە ئێستا مانایەک لە ژیانیدا هەست پێدەکات کە پێشتر لە ژیانی خۆیدا بەدی نەکردبوو. سەبارەت بە چالاکییەکانی خۆشیان ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەوان سێ رێگەیان هەیە، جیهاد، پڕوپاگەندە و تێکەڵەیەک لەو دووە. ئەیوب خۆی زیاتر بڕوای بە رێگەی سێیەم هەبووە.

بەپێی یاداشتەکەی بەهمەن، قاعیدە تەنیا لە نێو سوننەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا پڕوپاگەندەی نەکردووە، بەڵکو لە تاران و شارە شیعەنشینەکانیش ئەندام کۆدەکاتەوە. نووسەری یاداشتەکە لە گرتووخانەکە چاوی بە گەنجێکی تارانی کەوتبوو کە لە مەزهەبی شیعەوە چووبووە سەر مەزهەبی سوننە و پەیوەندی بەقاعیدەوە کردبوو.

## عەلی حەیدەر، وەزیری ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی سووریا بۆ (رووداو)

# کاتەکە گونجاو نییە بۆ گشتپرسی



"دەبێ گشتپرسی لە سەرتاسەری عێراق بکرێ"

**دڵخواز بەهلەوی**
**رووداو- هەولێر**

وەزیرێکی حکومەتی سووریا بۆچوونی وڵاتەکەی لەبارەی گشتپرسی بۆ جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق راگەیاند و گوتی کە ئەوان لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستان نین لە عێراق. کاتەکەشی بۆ گشتپرسی گونجاو نییە، چونکە عێراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕدان.

رۆژی شەشی ئەم مانگە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزبەکانی بەشدار لە پەرلەمان و حکومەت، بڕیاریان لە گشتپرسی دا و رۆژی 25ی ئەیلولی داهاتوشیان وەکوو رۆژی ئەنجامدانی گشتپرسی دیاری کرد. هەر دوای راگەیاندنی وادەی گشتپرسی، کاردانەوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دەرکەوتن.

دراوسێکانی هەرێمی کوردستان (عێراق، ئێران و تورکیا) بۆچوونی خۆیان لەبارەی گشتپرسی دەربڕی، بەڵام حکومەتی سووریا هێشتا بۆچوونی فەرمیی خۆی لەوبارەیەوە رانەگەیاندووە.

عەلی حەیدەر، وەزیری ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی سووریا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند: "وەکوو پرەنسیپ و بەپێی جاڕنامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، هەموو گەلێک مافی خۆیەتی بڕیار لە داهاتوو و چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام هەر وڵاتە و هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە".

حەیدەر گوتی کە گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان کاتەکەی گونجاو نییە "ئەم گشتپرسییە لەو هەلومەرجەدا گونجاو نییە بەتایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە دۆخی جەنگدان لە دژی تیرۆر و پێویستە کاری لە پێشینەیان لەناوبردنی تیرۆر بێت، بەتایبەتی داعش کە نوێنەرایەتی تیرۆری جیهانی دەکات".

عەلی حەیدەر هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا گوتی "سووربوون لەسەر ئەنجامدانی دەبێتە هەوڵێک بۆ سەپاندنی ئەمری واقیع لە دۆخێکی دیاریکراودا و لە داهاتووشدا دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت و بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە، واتە ئەگەر ئێستاش سەربەخۆیی رانەگەیێنرێت، دەکرێ لە داهاتوودا رابگەیێنرێت، چونکە عێراق ئێستا لە دۆخی شەڕدایە".

وەزیری ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر گشتپرسیش بکرێ، پێویستە لە سەرتاسەری عێراق بکرێ "ئەگەر بڕیار لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسیش درا، دەبێت لە هەموو عێراق بکرێ، نەک تەنیا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، بۆ ئەوەی هەموو عێراقییەکان تێیدا بەشدار بن و راو بۆچوونی خۆیان بدەن، بەمەش پرسەکە نابێتە پرسی دابەشکردنی عێراق لە رێگەی گشتپرسیی بۆ هەرێمی کوردستان".

عەلی حەیدەر جەختیکردەوە عێراق خاوەن دەستوورێکی فیدراڵییە و هەر بڕیارێک بدرێت پێویستە لەم چوارچێوەیەدا بدرێت و گوتی "ئێمە گەلێکین هەزاران ساڵ لەسەر ئەم خاکە پێکەوە ژیاوین و چارەنووسیشمان یەکە، هەر هەوڵێک و سیناریۆیەک ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع کارا بێت، ئەوە دەستێوەردانێکی دەرەکییە و مەبەست لێی پارچەپارچەکردنی ناوچەکەیە. کورد لە مێژوودا سەلماندوویەتی کە رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە ناوچەکەدا و هەموو مافێکیان هەیە و پێویستە لە چوارچێوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێدا پارێزراو بن".

# کوردی شیعەی خانەقین بۆ گشتپرسی یەکلابوونەتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- خانەقین**

ئەو پرسیارەی کە سەرکردەکانی باشووری کوردستان دەیانەوێ لە چوارچێوەی پرۆسەی گشتپرسیدا رۆژی 25ی ئەیلوولی داهاتوو رووبەڕووی خەڵکی بکەنەوە، نەک ئەبو عەلی رووگیر ناکات، بەڵکو هەر بە خێرایی بە "بەڵێ" وەڵامی دەداتەوە. ئەو دەڵێت "ئێمە کوردین و دەنگ بە کوردستان دەدەین".

ئەبو عەلی لە یەکێک لە حوسەینییەکان نوێژی نیوەڕۆی کرد و دوای هەندێک پاڕانەوە کە تەنیا خۆی و خودا دەزانن داوای چیی دەکرد، عارەقەی نێوچاوانی بە دەستەسڕێک لابرد و گوتی: "ئێمە چەندین ساڵە خۆمان داوا دەکەین بگەڕێینەوە سەر کوردستان، بەڵێ دەنگ بەو ریفراندۆمە دەدەین و ئینشائەڵڵا کوردستان سەردەکەوێ".

کوردی زۆرینە شیعەی خانەقین، زۆربەیان هەمان رای ئەبو عەلییان هەیە. هاوڕێ هوشیار، تەمەن 27 ساڵ، دەڵێ هەندێک کەس لە دوورەوە وا تێدەگەن کە مادام خەڵکی ئەم ناوچەیەی ئێمە شیعەن، مەیلیان بەلای کوردستاندا کەم بێ: "بەپێچەوانەوە لێرە خەڵک زۆر بایەخ بە گشتپرسی دەدەن، هەموو ئەو هاوڕێیانەشم وەک من بیر دەکەنەوە".

بەڵام ئەو بێ گلەییش نییە "ئێمە خۆمان لەسەر هەرێمی کوردستان حیساب دەکەین، کەچی پرۆژە و ئاوەدانی کوردستانمان پێنەگەیشتووە".

لەکاتێکدا ناکۆکیی مەزهەبی و نەتەوەیی کاریگەری لەسەر ئاسایشی زۆرێک لە ناوچەکانی عێراق هەبووە، بەڵام لە قەزای خانەقین وێنەکە پێچەوانەیە، هێشتا پێکەوەژیان قسەیەکی بەکاری نێو خەڵکە. زۆرتر لە 70%ی دانیشتووانی قەزاکە شیعە مەزهەبن. بانگی حوسەینییە و مزگەوتەکان تێکەڵ بە یەک دەبن.

## کوردێکی شیعەمەزهەب: ئەگەر نەجەف و کەربەلاش رێگربن، بەشداری لە گشتپرسی دەکەین

د.کارزان عەبدولڕەحمان، دکتۆرای لە مێژوودا هەیە و گەشبینە بەوەی "بەڵێ" لە گشتپرسیی قەزای خانەقیندا زۆرینەی رەها بهێنێ "بەڵام دەبێ هێزە کوردستانییەکان لە نێوخۆیاندا تەبایی دروستبکەن و پێکەوە خەڵک هان بدەن، چونکە لەبەر ئەوە نا کە خەڵک زۆرینە شیعە مەزهەبن، بەڵکو لەبەرئەوەی کە خزمەتگوزاریی وەک پێویست لەم ناوچەیە نییە، رەنگە کاریگەرییەکی کەمی هەبێ".

د.کارزان بەدووری نازانێ لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی گشتپرسی، هێزە شیعەکانی عێراق و پارێزگای دیالە بکەونە خۆیان بۆ ئەوەی خەڵک پشتبکەنە سندووقەکان، یان بە نەخێر دەنگ بدەن "بەڵام ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ تەبایی و یەکگرتوویی حیزبە کوردستانییەکان هەیە لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، کە بووە هۆی ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان لە دیالە زۆرترین دەنگی خەڵکی خانەقین ببەنەوە".

سەرژمێرییەکی نوێ نییە ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە دەربخات، بەڵام حەفتاکانی سەدەی رابردوو، ژمارەی دانیشتووانی بە 175 هەزار کەس مەزەندە کراوە، زۆربەی دانیشتووانی خانەقین کوردن و بە مەزهەبیش شیعەن.

لە سەردەمی رژێمی بەعسدا، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر پێکهاتەی دانیشتووانەکەیدا هات کە بە پرۆسەی (تەعریب) ناسراوە. کوردی رەسەنی خەڵکی شارەکە بەزۆر دەرکران و دوورخرانەوە بۆ باشووری عێراق و عەرەب لە شوێنەکانیان نیشتەجێکران.

ئەمیر حوسێن، لەو سێبەرە بچووکەدا دانیشتووە کە عەرەبانەی سەوزە و میوە فرۆشییەکەی دروستیکردووە. ئەمیر دەڵێ "باوکم سوننەیە و دایکم شیعەیە، بەڵام بە خوا دایکم زۆرتر لە باوکم باسی کوردستان دەکات، ئەو زۆرتر حەزدەکات بە یەکجاری بچینەوە سەر کوردستان، خەڵک لێرە هەموو وەک بران و کەس بیر لە مەزهەب و ئەو شتانە ناکاتەوە".

داعش ناحیەی جەلەولای سەر بە قەزای خانەقینی کۆنترۆڵ کرد و تەنیا نزیکەی 15 کیلۆمەتری مابوو شەڕ بگاتە خانەقین. لەساڵانی رابردووشدا چەندینجار لەڕێی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و خۆکوژەوە هێرشکراوەتە سەر حوسەینیەی شیعەکان و بارەگای حیزبە کوردییەکان لە خانەقین، بەڵام ئەو هێرشانە کاریگەرییان نەبووە لەسەر پێکەوەژیانی دانیشتووانی ئەو قەزایە.

خانەقین یەکێکە لە قەزا جێناکۆکەکان لەنێوان حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان و سەر بە پارێزگای دیالەیە لە رۆژهەڵاتی عێراق، بەڵام کاتێک دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان سوور دەبن لەسەر ئەوەی ئەو گشتپرسییەی بڕیارە ئەنجامی بدەن، ناوچە جێناکۆکەکانیش بگرێتەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ نەجەف و کەربەلاش بێنە قسە و داوا لە کوردی شیعە مەزهەب بکەن داوای جیابوونەوە لە عێراق نەکەن.

بە ئەبو عەلیم گوت، ئێستا تۆ لە یەکێک لە حوسەینیەکانەوە قسە دەکەیت، ئایا لە نێوان بانگەوازی بەرپرسانی کورد و نەجەفدا کامیان هەڵدەبژێری؟ ئەو دۆش دانەما و یەکسەر گوتی "ئینشائەڵڵا ناگاتە ئەوەی گرژی ببێ، بەڵام من کوردم و هەتا ئەگەر نەجەف و کەربەلاش داوا بکەن، من بەشداریی گشتپرسییەکە دەکەم".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# کارتی گشتپرسی بە چوار زمان چاپ دەکرێ

## کۆمیسیۆن: ئەگەری هەیە کوردی تاراوگە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی دەنگ بدەن

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پرۆژەیەک بۆ دەنگدانی ئەلیکترۆنی بۆ کوردی نیشتەجێی تاراوگە ئامادە دەکات، کارتی دەنگدان لە گشتپرسیی سەربەخۆییش بە چوار زمان چاپ دەکرێ.

رۆژی 2017/6/8 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانێکی هەرێمی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان دەرکرد و لە دواپین خاڵیدا داوای لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد کار بکات بۆ رەخساندنی بواری بەشداریی رەوەندی کوردستانی لە دەرەوە بۆ ئەو گشتپرسیە.

جوتیار عادل ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەپێی یاسا ئێمە پابەندین بە بەشدارکردنی کوردی هەندەران لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و گشتپرسی، بەڵام رەنگە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسیی ئەمجارە هەندێک کێشەو گرفتی تەکنیکی و سیاسی بێنە پێشمان".

جوتیار عادل ئاماژەی بەو گرفتانە داو گوتی: "پێشبینی دەکەین هەندێک وڵاتی دراوسێ و هەندێک وڵاتی دیکەش رێگا نەدەن سندوقی دەنگدان دابنێین تا بە رێگای کلاسیکی دەنگ بدەن، بۆیە سەرقاڵی پرۆژەیەکی ئەلیکترۆنین بۆ ئەوەی بتوانین لە رێگای ئەم سیستەمەوە کوردی دەرەوەی کوردستان بەشداری لە گشتپرسی بکەن".

محەممەدعەلی، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت کوردی تاراوگە بەشداری لە پرۆسەی گشتپرسی بکەن و دەڵێت "تاوەکو ئێستا کوردی تاراوگە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان نەکردووە، بەڵام گرنگە لەم گشتپرسییە کۆمیسیۆن و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، میکانیزمێکی گونجاو بۆ رەخساندنی بەشداریی ئەوان بدۆزنەوە".

محەممەد عەلی نەبوونی ئامارێکی دروستی تاراوگەنشینان و ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، بە ئاستەنگ لەبەردەم بەشداریی ئەوان لە گشتپرسی دەزانێت.

سەبارەت بە ئاماری کوردی تاراوگە، ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە (رووداو)ی راگەیاند: "هاووڵاتیانی عێراق لە دەرەوە کە کوردیش بەشێکن لەوان، تەنیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەنگیانداوە. بەپێی داتاکان لەو هەڵبژاردنەدا دوو ملیۆن عێراقی مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام تەنیا785 هەزار کەس لە 19 وڵات، دەنگیانداوە".

### کارتی دەنگدان بە چوار زمان

بەپێی ئەو فەرمانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەریکردووە، رۆژی 25ی ئەیلول لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە کاتژێر 8ی بەیانی تاوەکو 6ی ئێوارە پرۆسەی گشتپرسی بەڕێوەدەچێت و پرسیار لە هاونیشتیمانیان دەکرێت: "ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟". دەنگدەر دەتوانێ بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بداتەوە.

کارتی دەنگدانەکە بەپێی فەرمانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی و سریانی چاپدەکرێت.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی بەردەم کۆمیسیۆن پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەرانە، شیروان زرار، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێشتر بە (رووداو)ی گوتبوو، نزیکەی 500 هەزار دەنگدەر زیادی کردووە و کۆمیسیۆن پێشبینی دەکات 3.3 — 3.5 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەبێ.

کۆمیسیۆن بە نووسراوی فەرمی داوای لە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کردووە لیستی ناوی مردووانیان بۆ رەوانە بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ لیستی وەزارەتی بازرگانیی عێراق کە پشتی بە پسوولەی خۆراک بەستووە، ناوی مروودان لە تۆماری دەنگدەران دەربهێنرێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی کە دراوەتە (رووداو)، لە چوار ساڵی رابردوودا 75 هەزار و 305 کەس لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک مردوون کە نزیکەی 33 هەزار کەسیان تەمەنیان لە نێوان یەک مانگ تاوەکو 5 ساڵی بووە.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە ( 462 ) - دووشەممە 2017/6/19



## ئاڵتان تان بە دوو ساڵ بەندکردن سزادرا

**ڕووداو- ڕووها**

دادگایەکی پارێزگای ڕووها، سزای دوو ساڵ زیندانیکردنی بەسەر پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی هەدەپەدا سەپاند. بە پشتبەستن بە سکاڵانامەی نووسینگەی داواکاری گشتیی کۆماری لە ڕووها و بە تۆمەتی "هاندانی خەڵک بە ئاشکرا بۆ ڕق و دژایەتیکردنی دەوڵەتی تورکیا"، ئێوارەی ڕۆژی هەینی 16ی حوزەیران، چوارەم دادگای سزا قورسەکانی ڕووها سزای دوو ساڵ زیندانیکردن بەسەر ئاڵتان تان پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هەدەپە لە بازنەی چەولیگدا سەپاند. وێڕای ئامادەنەبوونی ئاڵتان تان لە دانیشتنی دادگاییدا، دەستەی دادوەران دوای خوێندنەوەی سکاڵانامەی داواکاری گشتیی و خستنەڕووی بەڵگەکانیان لەسەر ئەو پەرلەمانتارەی هەدەپە، سزاکەی بەسەردا سەپێندرا.

# دێرەزوور دوایین سەنگەری داعشە لە سوریا

شارەزایەکی سەربازیی سووری:

### بە تەنیا سوپای سووریا دێرەزوور کۆنترۆڵ دەکاتەوە

**دڵخواز بەهلەوی**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرئەنجام هەموو ئاماژەکان وا دەردەخەن کە شەڕی یەکلاکەرەوە لەگەڵ داعش لە دێرەزووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەبێت نەک لە ڕەققەی پایتەختی خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادی کە ئێستا لە سێ لاوە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات کەوتووەتە بەر پەلامار و لەلای باشوورەوە چەکدارەکانی داعش وردە وردە لێی دەرباز دەبن.

دوای کۆنترۆڵکردنەوەی دەوروبەری ڕەققە، هەفتەی ڕابردوو ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی سووریای دیموکرات کە یەکینەکانی پاراستنی گەل، پێکهێنەری سەرەکیی ئەو هێزەن بۆ سەنتەری شارەکە دەستیپێکرد. هێزەکانی سووریای دیموکرات لە سێ میحوەرەوە گەمارۆی شارەکەیان داوە، بەڵام بەشی باشووری بە کراوەیی ماوەتەوە و هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعشدایە.

هەرچەندە ئازادکردنی ڕەققە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە بەهایەکی سیمبولیکی هەیە بەتایبەتی بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل کە ڕۆژگارێک لە دوایین گەڕەکی کۆبانێدا بەهیوایەکی کزەوە شەڕیان دەکرد، بەڵام شەرەفی لەناوبردنی داعش لەسەر دەستی ئەوان وا دیارە ئەگەرێکی دوورە و ئێستا داعش لە دەوروبەری دێرەزوور خەریکی چێکردنی دوایین سەنگەرەکانی شەڕی بێئومێدانەی خۆیەتی.

یازر عوسمان، شرۆڤەکار لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی بە (ڕووداو)ی گوت، هێزەکانی سووریای دیموکرات لە میحوەری ڕۆژهەڵاتەوە پێشڕەوییەکی بەرچاویان کردووە و توانیویانە تا ئێستا 15%ی شاری ڕەققە کۆنترۆڵ بکەنەوە.



سوپای سووریا تاوەکو ئێستا 26 هەزار مەتر چوارگۆشەی لە دێرەزوور کۆنترۆڵ کردووەتەوە

هێزەکانی ئەمریکا لەسەر زەوی پشتیوانیی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکەن و بۆردومانی ئەو پێگانە دەکەن کە ئەوان دەیانەوێت. هەفتەی ڕابردووش وەجبەیەکی تازەی چەکی قورس و پێشکەوتوویان بە هێزەکە داوە، ئەمە جگە لە بەشداریی ژمارەیەک ڕاوێژکار و شارەزای سەربازیی ئەمریکی و فەرەنسی.

ئەگەرچی داعش بە خێرایی پاشەکشە دەکات، بەڵام یازر عوسمان پێیوایە شەڕی ڕەققە سەخت دەبێت "چونکە داعش پێیوایە ئەم شارە پایتەختی بەناو خەلافەتەکەیانە و پێویستە پارێزگاری و بەرگریی لێ بکەن".

هێشتنەوەی لای باشووری ڕەققە بە کراوەیی، گومانی ئەوەی ورووژاند کە جۆرە ڕێککەوتنێکی نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات و داعش بێ وەک ئەوەی میدیا ڕووسییەکان دەیانگوت بەهۆیەوە چەکدارانی داعش بەرەو تەدمور و دێرەزوور پاشەکشە دەکەن، بەڵام یازر عوسمان ئەوە بەدوور دەزانێ و دەڵێت: "هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات و داعشدا نییە، میحوەری باشوور قووڵایی ناوچەکانی بندەستی داعشە، هەرکاتێک چەکدارەکانیان هەستیان بە مەترسییەکی ڕاستەقینە و شکستێکی یەکجارەکی کرد، بە بەلەم لە ڕووباری فورات کە دەکەوێتە لای باشوور، دەپەڕنەوە".

بەبڕوای ئەو، بە کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە شەڕ لە دژی داعش لە سووریا کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێتە سەرەتایەک بۆ شەڕێکی سەختتر، بەڵام بەدووری زانی هەسەدە بەشداریی لەو شەڕەدا بکات.

یازر دەڵێت "هێشتا بەشێکی زۆری دێرەزوور و دەوروبەری لەدەستی سوپای سووریادایە، چەندین هێزی عەرەبیی دیکەش هەن کە هاوپەیمانان پشتیوانییان دەکەن، بەمەش شەڕی دێرەزوور و ئەبو کەمال (لەسەر سنووری عێراق) دەبێتە شەڕی کۆریدۆر و ڕێگاکان و ململانێی هەژموونی وڵاتە زلهێزەکان. سووریا و ڕووسیا دەستیان بەسەر بەشە سوودبەخشەکەی سووریادا گرتووە و بەنیازن دەست بەسەر بەشە دەوڵەمەندەکەشیدا بگرن. لەولاشەوە هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئێران لە خاکی عێراقەوە دێن بۆ کردنەوەی ئەو کۆریدۆرەی کە ئێران هەوڵی بۆ دەدات. هێزەکانی هاوپەیمانان و ئوردن و هێزە عەرەبییەکانی دیکەش لەلایەکی دیکە و داعشیش لەلایەک. واتە دێرەزوور دەبێتە سێگۆشەی شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەلایەک، ڕووسیا و هاوپەیمانانی لەلایەک و داعشیش لەلایەکی دیکە".

بەرپرسێکی سەربازیی سووری جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەڕی دێرەزوور شەڕی سەپاندنی هەژموونی وڵاتانە بەسەر سووریادا، بەڵام ئەوان ڕێگە بەوە نادەن و خۆیان شارەکە کۆنترۆڵ دەکەنەوە.

لیوا عەلی مەقسوود شارەزا و توێژەری ستراتیژی و سەربازیی سووری لە دیمەشق، دەڵێت ئەمریکا هەموو هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دێرەزوور بکات، چونکە ئەمریکا وای دەبینێت کە بەکۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە، دەتوانێت هەژموونی خۆی بەسەر گرێکوێرەی نێوان سووریا و عێراقدا بسەپێنێ، دواتر ناوچەکە لەت لەت دەکات، بۆ ئەوەی ئەو بوارەی بۆ بڕەخسێت سووریا بەتەواوەتی لەت لەت بکات.

لیوا مەقسوود گوتی: "شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی دێرەزوور ئەرکی سوپای سووریایە بە پشتیوانیی ڕووسیا. نابێت هیچ هێزێکی دیکە بەشدار بێت و بەکرداریش سوپای سووریا جموجۆڵی سەربازیی کردووە دوای ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات پێشڕەوییەکانی بەرەو شاری ڕەققە دەستپێکرد. سوپا ئێستا زۆر نزیکە لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی".

بە گوتەی ئەو بەرپرسە سەربازییە، سوپای سووریا تاوەکو ئێستا 26 هەزار مەتر چوارگۆشەی لە دێرەزوور کۆنترۆڵ کردووەتەوە و گەیشتووەتە ناوچەی "زوهور ئەلغەنائیم" و کۆنترۆڵی سێگۆشەی ئیرک و وێستگەی سێیەمی کردووە.

سەبارەت بە ڕۆڵی حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنی دێرەزوور، لیوا عەلی مەقسوود گوتی "هێزەکانی حەشدی شەعبی پشتیوانی لە سوپای سووریا دەکەن، بە پاڵپشتیی تۆپخانەکانی لە خاکی عێراقەوە و بەداخستنی سنوورەکان و سەرجەم دەروازەکان بەڕووی تیرۆریستان بەتەواوەتی گەمارۆ دەدرێن و لەناو دەبردرێن".

ئەو بەرپرسەی سوپای سووریا بەدووری دەزانێ ئەمریکا هیچ ڕۆڵێکی هەبێ لە شەڕی دێرەزووردا و دەڵێت "ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میحوەری سووری- ئێرانی- ڕووسی بەدوور دەگرن، چونکە ئەمریکا باش دەزانێت چیدی تاکە زلهێزی جیهان نییە و هێزێک هەیە دەتوانێت بەرامبەری بوەستێ و پیلانەکانی لەناو خاکی سووریا پووچەڵ بکاتەوە و کردیشی".

## کێ حوکمی ڕەققە دەکات؟

کێشەی ڕەققە تەنیا بە کۆنترۆڵکردنەوەی کۆتایی نایەت، بەڵکو کێشە گەورەکە لێرەوە دەستپێدەکات. دوای وەدەرنانی داعش کێ حوکمی شارەکە دەکات؟

یازر عوسمان، شرۆڤەکار لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە، ئەستەمە دامەزراوەکانی حکومەتی سووریا بگەڕێنەوە ئەم شارە، چونکە ڕەققە جیاوازە لە هۆل و منبج و شەدادی. ئەمریکییەکان کەمپی مەشق و ڕاهێنانیان بۆ پێگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی عەرەبی لەم ناوچانەدا کردووەتەوە بۆ ئەوەی دوای دەرچوونی داعش لەم ناوچانە، ئیدارەکە ڕادەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات بکرێت". بەڵام لیوا عەلی مەقسوود، شارەزا و توێژەری ستراتیژی و سەربازیی سووری لە دیمەشق دەڵێت: "حکومەتی سووریا هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی گوند و دێهاتەکانی ناوچەکەدا دەسەپێنێ، دوای ئەوەی قوربانییەکی زۆری دا، بۆیە شتێکی ئاساییە دامەزراوەکانی حکومەتی سووریا بگەڕێنەوە ڕەققە".

## هەزاران ئاوارەی خۆی لە باشوور و باکووری کوردستانن

# ڕۆژئاوای کوردستان ملیۆنێک و 250 هەزار ئاوارەی عەرەبی داڵدە داوە

**لۆلۆخان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، نزیکەی یەک ملیۆن و 250 هەزار ئاوارەی عەرەبی سووریا لە ڕۆژئاڤای کوردستان نیشتەجێن (جزیرە 500 هەزار، کۆبانی 100 هەزار و عەفرین 650 هەزار ئاوارە) کە زۆربەیان لە شارەکانی سووریاوە ڕوویان لە ڕۆژئاڤا کردووە.

ساڵی 2012، حکومەتی سووریا لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کشایەوە و پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە) ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە. پەیەدە وەکو هێزێکی کوردی ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و توانی ئەو ناوچانە لە هەڕەشەی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان بپارێزێ، دواتر دەسەڵاتی خۆی و ئاسایش و هێزی چەکداری بەشێوەیەکی سیستماتیک ڕێکخست و لە هەموو ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاڤای کوردستان بووە دیفاکتۆ. هەرچەندە ئەو دەسەڵاتەی لەوێ هەیە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد (ئەنەکەسە) و ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە بە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سووریا تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام پەیەدە ئەوە ڕەتدەکاتەوە و بەردەوام دەڵێت ئەوان سیاسەتی هێڵی سێیەم پەیڕەو دەکەن، واتە دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت و لایەنگریی ئۆپۆزیسیۆن.

بەهۆی ئەو ئارامییەی لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتە ئاراوە، ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عەرەب لە پارێزگاکانی دیکەی سووریاوە کە کەوتنە بەر شەڕ و پەلامار، پەنایان بۆ ئەوێ هێنا. بەڵام لە هەمانکاتدا، نزیکەی ملیۆنێک کوردی دانیشتووی ڕۆژئاڤاش ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان لە باشوور و باکووری کوردستان و تورکیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا کردووە.

سەرکردەکانی ئەنەکەسە دەڵێن سیاسەتی پەیەدە لە دژی لایەنگرانیان بووەتە هۆی ئەوەی کورد لە ڕۆژئاوا کۆچبەر بن و عەرەبی پارێزگاکانی سووریا لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ ببن. هەندێک لەوان ئەمە بە قۆناغی دووەمی بە عەرەبکردنی ڕۆژئاڤای کوردستان دەزانن.

پارێزەر ئومێد کیکانی، دەربارەی ڕەوشی ڕۆژئاڤای کوردستان دەڵێت "قەیرانی سیاسی سووریا و نەمانی ئارامی و دامودەزگای دەوڵەت و تێکچوونی ڕەوشی ئابووری هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵک لە ڕۆژئاڤای کوردستان کۆچبەر ببن. سیاسەتی پەیەدەش، هۆکارێکی دیکە بوو کە وایکرد گەلێ لە لایەنگری ئەنەکەسە ڕۆژئاڤا جێبهێڵن".

بەرپرسانی پەیەدە و لایەنگرانیان دەڵێن هیچ مەترسییەک لەسەر بەعەرەبکردنی ڕۆژئاوای کوردستان نییە و مانەوەی ئاوارەکان لەوێ کاتییە.

سەربەست قەرەچۆلی، چالاکناسێکی ڕۆژئاوای کوردستانە دەڵێت: "ئێمە ناتوانین بڵێین پەیەدە و ڕێڤەبەریی خۆسەر بەشێوەیەکی سیستماتیک گەلی کورد لە ڕۆژئاڤای کوردستان کۆچبەر دەکەن و خەڵکی عەرەبی پارێزگاکانی دیکەی سووریا لە شوێنیان نیشتەجێ دەکەن".

قەرەچۆلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەبەر ڕەوشی ئارامی ناوچە کوردییەکان، خەڵک لە پارێزگاکانی دیکەی سووریاوە دێنە کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی خۆسەریش ناتوانێ پێشوازی لە ئاوارەکان نەکات.

ئێستا دەنگۆیەک هەیە لەبارەی ئەوەی عەرەبەکانی پشتێنەی ئەمنی کە زۆربەیان خەڵکی ڕەققەن، دوای ئازادکردنی ڕەققە بنێردرێنەوە ئەوێ. قەرەچۆلی گوتی ئاگای لەو بابەتە نییە، بەڵام دەڵێت "تاوەکو کێشەی سووریا کۆتایی نەیەت کەس ناتوانێت باسی تەعریب بکات".

هۆشەنگ دەرویش، نوێنەری ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات لە هەرێمی کوردستان کە ئەنجوومەنێکی نزیک لە پەیەدەیە، ترس لە بەعەرەبکردنی ڕۆژئاوای کوردستان بە ناواقیعی دەزانێ و دەڵێت: "ڕژانی خوێنی گەنجان و ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئەوە نییە خاکی خۆمان بدەینە کەس وەک هەندێ کەس بانگەشەی دەکەن".

هۆشەنگ دەرویش هەروەها گوتی "ئەو ئاوارانە بەهۆی شەڕەوە ڕوویان لە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە، هەر کاتێک شەڕ تەواوبوو دەبێ بگەڕێنەوە ناوچەکانیان".

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئەو عەرەبانەی لە چوارچێوەی پشتێنەی عەرەبی لە ڕۆژئاوای کوردستان نیشتەجێکراون. هۆشەنگ دەرویش گوتی "ئەوانەی خەڵکی شارەکانی ڕۆژئاوا نین، پێویستە بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێی هاتوون، بەڵام ئێستا دۆخێک دروستبووە هاوشێوەی کەرکووکە، زۆر لەبار نییە بۆ گەڕاندنەوەیان بە زۆر، بەهۆی ئەوەی ناوچەکانیان شەڕ و ترسی تێدا بەردەوامە".

### پشتێنەی عەرەبی

ساڵی 1965 حکومەتی سووریا بڕیاری بەعەرەبکردنی هەرێمی جزیرەی ڕۆژئاڤای کوردستانی لەژێر ناوی "پشتێنەی عەرەبی" دەرکرد. پشتێنەکە لە جزیرەی ڕۆژئاڤای کوردستان بە درێژایی 300 کیلۆمەتر و بە پانایی 10-15 کیلۆمەتر لە سنووری باشووری کوردستان تاوەکو سەرێکانیێ درێژ دەبێتەوە.



هەندێک لە سەرکردەکانی ئەنەکەسە هاتنی ئاوارەکان بە قۆناغی دووەمی بە عەرەبکردنی ڕۆژئاوای کوردستان دەزانن

حکومەتی سووریا پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی فوراتی بۆ بە عەرەبکردنی جزیرە وەکو هەلێک قۆستەوە. ئەوانەی زەوییەکانیان ژێرئاو کەوت، گوازرانەوە سەر سنوورەکانی تورکیا. حکومەتی سووریاش 700 هەزار دۆنم زەویی گوندەکانی جزیرەی بەسەر 4000 بنەماڵەی عەرەبی غەمر "ئەو عەرەبانەی زەوییەکانیان ژێرئاو کەوتن" دابەش کرد و 42 کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی بۆ دروستکردن. لەو ساڵانەی جەمال عەبدولناسر ببووە سەرۆککۆماری عەرەبیی یەکگرتوو کە لە میسر و سووریا پێکهاتبوو، شەش کۆمەڵگەی بۆ عەرەبەکان لەسەر 100 هەزار دۆنم زەویی کوردی جزیرە دروست کرد کە بریتی بوون لە "تووێنە، تل تەویل، مەناجر، قەسرک، سەفح و شەمۆکە" و عەرەبی دەوروبەری حەلەب و حەما و دووڕزییەکانی سوێدا لەو کۆمەڵگایانەدا نیشتەجێ کران. ئێستا لە جزیرەی ڕۆژئاڤای کوردستان 48 کۆمەڵگەی عەرەبی لەسەر زەوی و جوگرافیای کورد هەن.

ئەوە لەکاتێکدا بوو کە حکومەتی سووریا لە ساڵی 1962 لە ڕێگەی سەرژمێریی گشتییەوە ناسنامەی لە نزیکەی 150 هەزار کوردی جزیرەی ڕۆژئاڤای کوردستان وەرگرتەوە. ساڵی 2011 و دوای سەرهەڵدانی قەیرانەکانی سووریا، حکومەتی دیمەشق بۆئەوەی کورد لە ئاڵۆزییە نێوخۆییەکان دووربخاتەوە، مەرسوومی دانەوەی ناسنامەی بە "بیانییەکان"ی جزیرە پەسەند کرد، بەڵام تاوەکو ئێستاش بەشێک لە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە ناسنامەی سووری بێبەشن کە لە سووریا بە (مەکتووم) ناسراون. بەگوێرەی هەندێ ئامار، هێشتا نزیکەی 3000 ماڵباتی مەکتوومی کورد لە جزیرە دەژین.

## نەدیم زەهاوی، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر لیستی پارێزگاران بۆ (ڕووداو):

# با کوردستان ڕایبگەیەنێ گشتپرسی بۆ جیابوونەوە نییە



بۆ سێیەم خولی لەدوای یەک، لەسەر لیستی پارتی پارێزگاران خۆی کاندید کرد و گەیشتەوە پەرلەمان. نەدیم زەهاوی، پەرلەمانتاری کورد لە پارتی پارێزگارانی بەریتانیا حەز دەکات بچێتە هەمان ئەو لیژنە پەرلەمانییەی لە دوو خولی ڕابردوودا کاری تێدا کردووە. ئەویش لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە، چونکە پێیوایە کاری زۆری ماوە لەو لیژنەیە کە بەشێکی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

نەدیم زەهاوی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پێکهێنانی کابینەی حکومەت لەلایەن کۆنزەرڤاتیڤەکان و دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا و گشتپرسیی هەرێمی کوردستان دەکات.

هەڤپەیڤین: کوردستان حەسەن
ڕووداو - لەندەن

**ڕووداو: مەرجەکانی پارتی یەکێتیخوازانی دیموکرات چییە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆنزەرڤاتیڤ؟**

**نەدیم زەهاوی:** پارتی یەکێتیخوازانی دیموکرات ڕێککەوتنی بەخشینی متمانە پێشکەش بە پارتی کۆنزەرڤاتیڤ دەکات. ئەمە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نییە، وەک ئەوەی ساڵی 2010. ڕێککەوتنی بەخشینی متمانە ئەوەیە لە بەرژەوەندیی کۆنزەرڤاتیڤ دەنگ بدەن لەسەر پڕۆژەیاسای بودجە و دارایی. بێگومان دژی هەر پڕۆژەیاسایەک کاردەکەن کە متمانە بسەنێتەوە لە کۆنزەرڤاتیڤ. زۆر گرنگە بتوانین لەپێناوی بەرژەوەندیی نیشتیمانیدا کار بکەین. مەبەستم ئەوەیە خەڵکی چاوەڕوانی ئەوە لە تێرێزا مەی دەکات کە بتوانێت حوکمی وڵاتەکە بکات و بیکاتە خۆشگوزەران. ئەمڕۆکە ڕێژەیەکی بەرچاوی بێکاریمان هەیە و دووبارە بۆ 50 هەزار زیادی کردووە.

**ڕووداو: پارتی کرێکاران حکومەت بە حکومەتێکی لاواز وەسف دەکات لەبەرئەوەی پارتی کۆنزەرڤاتیڤ زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی لەدەستداوە، ئایا حکومەت لاواز دەبێت؟**

**نەدیم زەهاوی:** باشە، چەند هەفتەیەک لەمەوپێش 183 ئەندامی پەرلەمانی پارتی کرێکاران دەنگیان بە سەندنەوەی متمانە لە جێرێمی کۆربینی سەرۆکی خۆیان دا. بۆیە پێویست ناکات پارتی کرێکاران هیچ وانەیەک فێری ئێمە بکات.

**ڕووداو: بەریتانیا، لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەکەی ڕایگەیاندووە پشتگیریی گشتپرسیی کوردستان ناکەن، بۆ؟**

**نەدیم زەهاوی:** وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند کە بەرژەوەندیی خەڵکی کورد لە عێراقدایە. بڕوانە، گرنگە کوردستان بتوانێت ئەو ئارگومێنتە دروستبکات کە بۆچی ئەم ریفراندۆمە بۆ ئەوان هێندە گرنگە. بەمدواییە هۆشیار زێباریم بینی کە 11 ساڵ وەزیری دەرەوەی عێراق بووە. ئەو پێیگوتم دوای مووسڵ خەریک دەبین بە دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بۆ توندڕەویی ئیسلامی و سەلەفیزم. ئێمەش وەک بەریتانیا کێشەمان لەگەڵ توندڕەوی هەیە، وەک هێرشە تیرۆرستییەکانی ئەمدواییە دەریخست، سێ هێرش لە سێ مانگدا. دیدگای ئەو ئەوەبوو کە تاکە چارەسەر تاوەکوو لە کێشەی داعش و سەلەفیزم ڕزگارمان ببێت، ئەوەیە دڵنیابین لەوەی ئیدارەی عێراق بۆ هەموو عێراقییەکان کاردەکات. بۆیە تاکە چارەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتە، دابەشکردنی دەسەڵات و بەهێزکردنی کۆمەڵە جیاوازەکانی عێراق.

**ڕووداو: پێتوایە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا کاردانەوەی نەرێنییان هەبێت بەرامبەر گشتپرسیی هەرێمی کوردستان؟**

**نەدیم زەهاوی:** پێموایە زۆربەی وڵاتی ئەوروپی قسەی خۆیان دەبێت لەسەر ئەم بابەتە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێمانبڵێت ئەمە پرۆسەی جیابوونەوە نییە، بەڵکو پرۆسەی بەهێزکردنی کۆمەڵەکانی نێو عێراقە. دابەشکردنی دەسەڵاتەکان تاکە بژارەی بەردەم عێراقە. پێموایە دواجار دەبێتە تاکە بژارەش بۆ سووریا، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە لە داهاتوودا لە مووسڵ چی ڕوودەدات. چۆن شێرپەنجەی توندڕەویی ئیسلامی بنەبڕ دەکەیت. با ئەوەمان بیرنەچێت کە داعش ڕێکخراوێک بوو لە عێراق دامەزرا، ئەمە ڕێکخراوێک نەبوو لە سووریا دابمەزرێت و دواتر بێتە عێراق، یان لە خۆرئاوا دابمەزرێت و دواتر بێتە عێراق. بۆیە پێویستە کۆمەڵە جیاوازەکانی عێراق بیر لەوە بکەنەوە چۆن بەسەر ئەم دڕندەییەدا زاڵ دەبن. بەشێکیش لە چارەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتە، وەک هۆشیار زێباری گوتی، لە پرسکردن بە گەلی کوردستان دەربارەی بۆچوونی ئەوان توندوتیژی دروستنابێت، ڕاگەیاندنی جیابوونەوەش دەستبەجێ نابێت، بەڵکو پرۆسەیەکە.

**ڕووداو: دوای ریفراندۆمەکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی بارزانی دەکات؟**

**نەدیم زەهاوی:** دەبێت بوەستین و چاوەڕوان بین. هیچ کەس نازانێت. وەک لە وڵاتەکەی مندا بینیت، هەڵبژاردن سورپرایزی تێدایە. منیش و سەرۆک بارزانیش وەک دوو کەسی دیموکرات دەبێت بوەستین و چاوەڕێی ئەنجامەکان بین، بەڵام پێموایە کاتێک گوێ بۆ کەسێکی وەک هۆشیار زێباری دەگریت کە ماوەی 11 ساڵ وەزیری دەرەوەی عێراق بووە و دەڵێت دابەشکردنی دەسەڵاتەکان تاکە ڕێگەی بەرەوپێشچوونە لە عێراق، ئەوا دەبێت گوێی بۆ بگرین.

**ڕووداو: دووبارە لەسەر لیستی کۆنزەرڤاتیڤ دەچیتەوە ناو پەرلەمان، چی دەکەیت تاوەکوو بەریتانیا دۆستانەتر مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات؟**

**نەدیم زەهاوی:** بەنیازم دووبارە ببمەوە ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە. وەک ئەندامێکی پێشوو و پێشووتری پەرلەمانی ئەو لیژنەیە، داوا لە هاوڕێکانم دەکەم بۆ ئەو لیژنەیە هەڵمبژێرنەوە، کاری زۆر هەیە دەربارەی ناوچەکە بیکەین. لەنێویاندا کێشەی قەتەر و کەنداوی عەرەبی کە جێگەی نیگەرانیی زۆرە، دڵنیام باسی دەکەین. لەگەڵ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ چین، بۆ نموونە. بەڵام بەدڵنیاییەوە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام گرنگ دەبێت. بەریتانیا بەشێک بوو لەو هاوپەیمانێتییەی چووە نێو عێراقەوە تاوەکوو دیکتاتۆرییەت لەناوبەرێت. پەیوەندییەکی زۆر قووڵی بە کوردستانەوە هەیە. لەبیرت بێت ئەوە جۆن مەیجەر بوو کە ناوچەی دژە فڕینی دانا بۆ پاراستنی کوردستان، تا دواجار ئازادبن لە ڕژێمی ستەمکاری سەدام حوسێن.

**ڕووداو: چەند کاژێرێک پێش وەستانی پەرلەمانی پێشوو، ڕاپۆرتێک خوێندرایەوە کە پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان ناکەن، ئایا ئەمە بەردەوام دەبێت؟**

**نەدیم زەهاوی:** بەشێک لەو ڕاپۆرتە، پێموابێت لاپەڕەیەکی ڕاپۆرتەکە دەربارەی کوردستان بوو. ئەو ڕاپۆرتە بەقووڵی نەچووەتە نێو بابەتی کوردستانەوە. زۆربەی بەڵگەکانی دەرخەری لایەنێکی کێشەکەیە، نەک هەردوولا. پێموایە لەم کێشەیەدا گرنگە گوێ بۆ کەسانی وەک هۆشیار زێباری بگرین کە هەم وەزیری دەرەوەی عێراق بووە و هەم پەیوەندی بەتینی بە مووسڵەوە هەیە.

**ڕووداو: ئەی ڕات چییە دەربارەی ئەوەی پارتی کرێکاران دەڵێت پشتگیریی لە دۆزی کورد، تەنانەت سەربەخۆییش دەکەن؟**

**نەدیم زەهاوی:** باشە با دادپەروەر بین، جێرێمی کۆربین هەمیشە هاوڕێیەکی نزیکی کورد و کوردستان بووە. ماوەی 30 ساڵە جێرێمی دەناسم، زۆر باش دەبێت ئەگەر جێرێمی سەرۆکی پارتی کرێکاران بێت، چونکە هاوڕێیەکی باشە بۆ کورد.

**ڕووداو: تۆ ئارەزووی ئابووریش دەکەیت، با پرسیارێکت لێبکەم دەربارەی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کە پێ دەنێتە ساڵی سێیەمییەوە، ئایا بەریتانیا تێگەیشتنی هەیە بۆ ئەمە؟**

> دەبێت کوردستان نیشانی بدات بۆچی ئەو گشتپرسییە گرنگە

**نەدیم زەهاوی:** بەدڵنیاییەوە لە قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان تێدەگەین. هەر بۆیە زۆر گرنگە باش بیربکەینەوە کاتێک دەگوترێت خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقدایە. ئەمە لە 2014دا بەو شێوەیە نەبوو. من زۆر باش ئاگادارم کە نوری مالیکی بەمەبەست بودجەی کوردستانی بڕی، بە پاساوی زۆر بێمانا. دواتریش هێرشی داعش دروست بوو، سێیەم هۆکاریش هەیە، کەواتە سێ هۆکارە، بڕینی بودجە لەلایەن بەغداوە، هێرشی داعش و دواتر دابەزینی نرخی نەوت لە 100 دۆلارەوە بۆ 27 دۆلار. ئەمە کوردستان و ئابوورییەکەی وێران کرد. بێگومان حکومەتی هەرێمیش کاردەکات بۆ چاکسازی لەو ئابوورییەدا بۆئەوەی بکەوێتەوە سەر پێی خۆی. دەستخۆشی لەو کارە دەکەم کە جێگری سەرۆکوەزیران و سەرۆکوەزیران و هەموو تیمەکە دەیکەن لە چاکسازیی ئابووری، هێشتا ڕێگەیەکی زۆر ماوە، بەڵام پێموایە لەسەر ڕێگەیەکی دروستن و ئێمەش حەز دەکەین کاریان لەگەڵدا بکەین. باڵیۆز و تیمەکەمان حەز دەکەن کار لەگەڵ حکومەتی کوردی بکەن، تا دڵنیابن لەوەی کوردستان دەیەوێت خۆشگوزەران بێت.

**ڕووداو: پێتوایە گرێبەستی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆزنەفت لە کاریگەریی قەیرانی دارایی کەمدەکاتەوە؟**

**نەدیم زەهاوی:** واژۆکردنی گرێبەست لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان، ئەوانەی گەورەن، بەتایبەت ئەوانەی ئەوروپا، لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی بەشێکیان هی دەوڵەتن، زۆر کارێکی گرنگە، چونکە ئەوەی دەیڵێت ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، جا کەرتی تایبەت بێت یان گشتی، دان بە هەرێمی کوردستاندا دەنێت و کاریشیان لەگەڵدا دەکات و دانیش بەوەدا دەنێن کە حکومەتی کوردستان پرۆسەی گەشەپێدانی دەستپێکردووە و دەتوانێت ڕێککەوتنیان لەگەڵدا واژۆ بکەیت. لەبیرت بێت، لە جیهاندا ئێستا هەموان پابەندین بەوەی دژی گەندەڵی بین لە ئەمریکا و بەریتانیا. بۆیە ئەمە ئاماژەی هاندەرانەن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستخۆشی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەت دەکەم بۆ واژۆکردنی گرێبەستی لەو شێوەیە. ئەمە پەیامێکی گرنگە کە کوردستان لەسەر نەخشەی جیهانە لەڕووی بازرگانی و ئابووری لەسەر پێی خۆی وەستاوە.

**ڕووداو: بۆچی بەریتانییەکان لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانیان نییە؟**

**نەدیم زەهاوی:** ئەوە ڕاست نییە بڵێین بەریتانییەکان هیچ وەبەرهێنانیان نییە لە هەرێمی کوردستان. زۆر کۆمپانیا هەیە. هەندێکیان ڕەنگە بەتەواوی بەریتانی نەبن، بەڵام لە بۆرسەی بەریتانیادا تۆمارکراون. زۆریشیان دەیانەوێت بچنە کوردستان و کاربکەن لە بواری پەروەردە و زۆر کەرتی دیکەدا. بۆیە بەریتانیا ئامادەیە لەگەڵ کوردستان کاربکات. حەزدەکەم زیاتر ببینم. کاتەکە سەختە، با ئەوەمان بیرنەچێت 1000 کیلۆمەتر شەڕت هەیە لەگەڵ داعش و تێکتانشکاندن، سوپاسی پێشمەرگە دەکەم، لە قووڵایی دڵمەوە بۆ ئەو هەوڵانەی دایان لەپێناو تێکشکاندنی ئەو ڕێکخراوە شەڕانگێزە. بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوە زۆر کۆمپانیا دەترسێنێت، کاتێک دەبیستن داعش تەنیا 30 بۆ 40 کیلۆمەتر دوورە لە هەرێمەکەوە.

**ڕووداو: ئایا نەبوونی زۆرینەی پەرلەمانی پرۆسەی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا سەختتر ناکات؟**

**نەدیم زەهاوی:** سەرۆکوەزیران دوو ڕۆژ لەمەوپێش هاتە لای ئەندامانی پەرلەمان و پێیگوتین ئەنجامەکە باش نەبووە، بەوشێوەیە نەبووە کە ئەو چاوەڕێی کردووە. ئەو بە ئاشکرا گوتی ئەمە کێشەیەکە ئەو دروستیکردووە و چاکیشی دەکات ئەگەر هەڵیبژێرنەوە. بەکۆی دەنگ بڕیارمان دا پشتگیریی بکەین. ڕاستییەکەی سێ کەس پشتگیرییان نەکرد، با بۆ تۆی ئاشکرا بکەم. ئەوەی گرنگە دەست بە پرۆسەی دانوستاندن لەگەڵ هاوبەشە ئەوروپییەکانمان بکەین، بۆ دەرچوونێکی باش لە یەکێتیی ئەوروپا کە هەم بۆ ئێمە باش بێت هەم بۆ ئەوروپا. پێموایە خاڵی هاوبەشی زۆر هەیە بۆ ڕێککەوتن لەسەر زۆر کێشە بۆ کارپێکەوەکردن. سەرۆکوەزیرانیش پێویستە لە کاتی خۆیدا ئەوە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گرنگی بە ئیشەکەی بدات لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، پارەی خوێندنگەکان، لەگەڵ گرنگیدان بە پیر و منداڵ. ئەوە دەکات، توانیویەتی ڕێککەوتنی پێشکەشکردنی متمانە بەدەستبهێنێت لەلایەن پارتی یەکێتیخوازی دیموکراتەوە، پێموایە ئەوەش زۆرینەی دەداتێ تاوەکوو کاربکات. بەهیوام زۆر لە پەرلەمانتارانی پارتی کرێکاران بەرژەوەندیی نیشتیمانی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبەکەیانەوە کاتێک دێتە سەر مەسەلەی گفتوگۆکانی دەرچوونێکی باش لە ئەوروپا. لە ئەجێندای هەڵبژاردندا زۆر ئاشکرابوو کە هەڵوێستی ئەوان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئێمەدا دەربارەی ئەم کێشەیە. گوتیان ئەوان دەیانەوێت بازاڕی هاوبەشیان هەبێت و پاراستنی سنوورەکانیش، کە زۆرینەی پەرلەمانتاران ئەوەیان دەوێت، نزیکەی 80%ی ئێمە دەرچوونێکی باشمان دەوێت لە بەریتانیا. دەبێت ئەوەش بکەین چونکە ئەوە ڕای زۆرینەی خەڵکی بەریتانیا بوو.

**ڕووداو: بەڵام تێریزا مەی، سەرۆکوەزیران دەڵێت دەرچوونێکی توندی دەوێت لە یەکێتیی ئەوروپا؟**

**نەدیم زەهاوی:** ئەوە ڕاست نییە، ئەوە لەناو ڕۆژنامەکاندا بڵاوبووەوە، تێریزا مەی هەرگیز نەیگوتووە دەرچوونێکی توندی دەوێت لە یەکێتیی ئەوروپا. ئەو دەرچوونێکی باشی دەوێت. دەرچوونی باشیش بەمانای پاراستنی بازاڕی هاوبەشە، واتە کۆمپانیا بەریتانی و ئەوروپییەکان بتوانن لەم بازاڕەدا پێکەوە کاربکەن. بیرت نەچێت بەریتانیا ساڵانە 60 ملیار دۆلار دەخاتە یەکێتیی ئەوروپاوە. هاوردەمان زۆر زیاترە لە هەناردە بۆ یەکێتیی ئەوروپا. تێریزا مەی دەرچوونێکی باشی دەوێت لە یەکێتیی ئەوروپا، بەڵام بێگومان کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و یاساکانی خۆمانی دەوێت.

**ڕووداو: ئایا ڕووداوە ئەمنییەکان لە پشتگیریی کۆنزەرڤاتیڤ کەمدەکەنەوە؟**

**نەدیم زەهاوی:** پێموانییە. ڕووداوە ئەمنییەکان هی ئەوەیە داعش ڕێکخراوێکی شەڕانگێزە و مێشکی خەڵکی هەستیار دەشواتەوە. بۆ زانیاریت هەر لە هەمان کاتی ئەو ڕووداوانەدا شکستمان بە پێنج هەوڵی دیکە هێنا لە وڵاتەکەمان، بەڵام بەداخەوە سێ ڕووداو ڕوویاندا. ئەو شێوازەی سەرۆکوەزیران مامەڵەی کرد و ئەو شێوازەی حکومەت یەکگرتووبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، پێموابێ خەڵکی بەریتانیا لەسەر ئەو ڕایە بوون کە باش مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکەدا کراوە.

> بەریتانیا پەیوەندییەکی نایابی لەگەڵ کوردستان هەیە

**ڕووداو: بۆچی بەریتانیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نییە، وەک بەلجیکا و ئەڵمانیا؟**

**نەدیم زەهاوی:** بەریتانیا پەیوەندییەکی نایابی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. باڵیۆز فرانک بەیکەر باشترین پەیوەندیی هەیە لەگەڵ هەموو پارتە کوردییەکان لە عێراق. ئەو لەوکاتەوە پارتە کوردییەکان دەناسێت کە شەڕی سەدام و بەعسی شەڕەنگێزیان دەکرد. زۆر گەشتیشمان ڕێکخستووە لە پەرلەمانەوە بۆ هەرێمی کوردستان. ئێمە بە کۆی دەنگ پڕۆژەیاسامان لە پەرلەمان دەرکرد کە ئەنفال و هەڵەبجەی وەک جینۆساید ناساند. بۆیە پێموانییە ئەو پرسیارە ڕاست بێت کە بەریتانیا گرنگیی بە کوردستان نادات، ئێمە زۆر گرنگی بە کوردستان دەدەین. وەزیری بەرگری و دەرەوە سەردانی کوردستانیان کردووە، تەنانەت وەک قائیمامی لەندەن، بۆریس جۆنسن پێش ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوە، سەردانی کوردستانی کرد.

> دەرچوونێکی باشمان دەوێ لە یەکێتیی ئەوروپا

> بەنیازم ببمەوە ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان

> زۆر کۆمپانیای بەریتانی حەزدەکەن بچنە کوردستان

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (462) - دووشەممە 2017/6/19

## سلێمانی 167 ملیار دینار قەرزداری ئاو و کارەبایە

ڕووداو- سلێمانی

لە سلێمانی قەرزی کارەبا و ئاو هەر زیاد دەبێت و خەڵک و فەرمانگەکان 167 ملیار دیناری ئاو و کارەبا قەرزارن. بەرپرسانی ئیدارەی سلێمانی دەڵێن پارەی کارەبا 12 ئەوەندەی ئەو بڕەیە لە خەڵک وەردەگیرێت. سالار حوسامەدین، بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەگەڵ هاونیشتمانیان ئیجرائاتمان نابێت بەڵام لەگەڵ کەرتی پیشەسازی و بازرگانیدا بەتایبەت پیشەسازی گەورە ئیجرائاتمان توند دەبێت، چاودێرییەکی زۆر دەخەینە سەر ئەو کەرتانە، ئاگاداریمان بڵاوکردووەتەوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێ قەرزەکانیان بدەنەوە".



---

**بەپێی ڕووپێوییەکی فەرمی:**

# 3.3 ملیۆن کەس خۆراکی پێویستیان دەستناکەوێ



قەیرانی دارایی زۆرترین کاریگەری لەسەر سلێمانی هەبووە (فۆتۆ: ڕووداو)

### نەجەف خراپترین و کەرکووک باشترین شارە لەڕووی ئاسایشی خۆراک

### 2.1%ی دانیشووانی کوردستان ناتوانن خۆراکی ڕۆژانەیان دابین بکەن

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێک لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی ڕووپێوییەک دەرکەوتووە بەهۆی درێژەکێشانی قەیرانی دارایی و سیستەمی پاشەکەوتی مووچە و وەستانی کار لە زۆربەی پرۆژەکان، زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست توانای دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە.

ئەو ڕووپێوییە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەهاوکاریی ڕێکخراوی جیهانیی خۆراک (WFP) و دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق و هەردوو وەزارەتی تەندروستی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی ڕەوشی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان کراوە و دەرکەوتووە 59.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کەمتر پارێزراون لەڕووی ئاسایشی خۆراک، واتە وەکو پێویست توانای دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە، 2.1%ی دانیشتووانیش بە زەحمەت دەتوانن خۆراکی ڕۆژانەیان پەیدا بکەن.

ڕووپێوییەکە بۆ خستنەڕووی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ڕەوشی ئاسایشی خۆراکی دانیشتووان، پشتی بەپێناسەی CARI بەستووە کە هەردوو بواری ڕەوشی ئێستای ئاسایشی خۆراک و تواناکانی بەرەنگاربوونەوەی خەڵک بۆ ئاستەنگەکان لەخۆدەگرێت، نیشاندەرە سەرەکییەکانیشی بە پارێزراو، کەمتر پارێزراو، ناپارێزراو لەڕووی خۆراک پۆلێن کردووە.

پارێزراو لەڕووی خۆراک: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە توانای تەواویان بۆ بەدەستهێنانی پێویستییە خۆراکی و ناخۆراکییەکان بەبێ ئاستەنگ هەیە.

کەمتر پارێزراو لەڕووی خۆراک: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەڕێی کەمکردنەوەی ژەمەکان یان بەکارهێنانی بڕێکی کەمتر لە خۆراک لە ژەمەکان و قەرزکردنی خۆراک و داوای یارمەتی لە کەسە نزیکەکان و کڕینی خۆراکی کوالێتی خراپ و فرۆشتنی کاڵاکانی نێوماڵ، خەرجکردنی پاشەکەوت، فرۆشتنی خانوو و هۆکارەکانی گواستنەوە، نەناردنی منداڵ بۆ قوتابخانە و کارپێکردنیان بۆ دەستکەوتنی بژێوی ژیان، کەمکردنەوەی خەرجی لە بابەتی ناخۆراکی وەک پەروەردە و تەندروستی، گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوەیان لە شوێنی خراپتر بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجی، توانیویانە درێژە بە ژیانیان بدەن.

ناپارێزراو لەڕووی خۆراک: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە توانای دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هەندێک لە ئەنجامەکانی ئەو ڕووپێویەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "دەرکەوتووە 59.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئاسایشی خۆراکەوە دەکەونە خانەی کەمتر پارێزراو، واتە بۆ دەستکەوتنی خۆراکی ڕۆژانەیان پەنایان بۆ یەکێک یان زیاتر لەو شتانە بردووە کە لەپێناسی ڕێکخراوی فاودا هاتووە".

سیروان محەممەد هەروەها دەڵێت، لەڕووپێوییەکە بۆمان دەرکەوت هەندێ خێزان لە جیاتی سێ ژەم دوو ژەم نان دەخۆن. یان بڕێکی کەمتر خۆراکیان لە ژەمەکان خواردووە، یان بۆ دابینکردنی خۆراک قەرزیان کردووە، کاڵای ناوماڵ و ئۆتۆمبێل و خانوویان فرۆشتووە. تەنانەت 2.1%ی دانیشتووان ناپارێزراون لەڕووی ئاسایشی خۆراک، واتە توانای دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە".

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 614 هەزار کەس بووە. بەپێی داتاکانی ئەم ڕووپێوییە بێت، زیاتر لە 3 ملیۆن و 334 هەزار کەس وەک پێویست توانای دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە.

ڕووپێوییەکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە 32 قەزا (10 لە هەولێر، 16 لە سلێمانی و حەوت لە دهۆک) کراوە و لە هەر قەزایەکیش 175 خێزان بە نموونە وەرگیراوە. لەداتاکانی ڕووپێوییەکەوە دەردەکەوێت قەیرانی دارایی زۆرترین کاریگەریی لەسەر پارێزگای سلێمانی هەبووە. 66%ی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە کەمتر پارێزراون لەڕووی خۆراکەوە. دوای ئەویش دهۆک دێت کە 63%ی دانیشتووانی کەمتر پارێزراون لەڕووی خۆراکەوە. بەڵام لە هەولێر ڕەوشەکە باشترە، 51%ی دانیشتووانەکەی کەمتر پارێزراون و 2%یان ناپارێزراون لەڕووی خۆراکەوە.

سیروان محەممەد دەڵێت: "لەدوای ساڵی 2015 و بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، شەڕی داعش، قەیرانی دارایی و وەستانی کار لە زۆربەی پڕۆژەکان، داهاتی تاک و خێزان لە هەرێمی کوردستان ڕووی لەکەمی کرد، نزیکەی 45 هەزار کەس بێکار بوون و ڕەوشی ئاسایشی خۆراکی خەڵک کەوتە بەر مەترسی".

بەپێی ڕووپێوییەکە، 51.5%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بژێوی سەرەکییان لەسەر مووچەیە (کەرتی گشتی و تایبەت). بۆیە پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خراپبوونی ڕەوشی ئاسایشی خۆراکە لە هەرێمی کوردستان".

### زانستەکەشی فریای ناکەوێت

دڵشاد ئەحمەد شەریف، مامۆستا لە پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە، ئەگەرچی ماستەری لە ئابووری هەیە، بەڵام هەموو مانگێک خەرجییەکانی لە داهاتی زیاترە. دڵشاد پێشتر مووچەکەی ملیۆنێک و 800 هەزار دینار بوو، ئێستا تەنیا 621 هەزار دینار وەردەگرێ. سەرباری ئەوە کرێچییە و مانگانە 200 هەزار دیناری مووچەکەی بۆ کرێی خانوو دەڕوات.

ئەو دەڵێت: "بۆ دابینکردنی خەرجیی ڕۆژانە و خوێندنی منداڵەکانم ناچار ئۆتۆمبێلەکەم بە 13 هەزار دۆلار فرۆشت، ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل کۆنم بە سێ هەزار دۆلار کڕی، هەروەها خانووەکەشم گۆڕی و خانوویەکی هەرزانترم کڕی. ئەو دەڵێت: "بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی ناپێویست، هەموو ئەو زانستەی لەبواری ئابووری دەیزانم بەکارمهێناوە. سیاسەتی سکهەڵگوشینم پەیڕەو کردووە، بەڵام بڕی ئەو مووچەیەی وەریدەگرم ئەوەندە کەمە، هەر کورت دەهێنێ و بەشی بژێویم ناکات".

### نەجەف خراپترین و کەرکووک باشترینە

هەمان ڕووپێوی لە 12 پارێزگای عێراقیش کراوە. بەپێی ئەنجامەکەشی 55.1%ی دانیشووانی ئەو پارێزگایانە وەکو پێویست توانای دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە و 3.5% یشیان ناپارێزراون لەڕووی خۆراک.

بەپێی داتاکانی ڕووپێوییەکە، دانیشتووانی نەجەف لە خراپترین ڕەوشی ئاسایشی خۆراکدان 90%ی دانیشتووانی دەکەونە خانەی کەمتر پارێزراو و ناپارێزراو لەڕووی خۆراک، دانیشتووانی پارێزگای کەرکووکیش لە باشترین ڕەوشی ئاسایشی خۆراکدان و تەنیا 36%ی دەکەونە خانەی کەمتر پارێزراو. لەوەش گرنگتر، ناپارێزراو لەڕووی خۆراک لەوێ نییە.




---

**هەر هاووڵاتییەکی کوردستان 20 دانەی بەردەکەوێ**

# ساڵانە لە کوردستان 100 ملیۆن پاتری بەکاردەهێنرێ

ڕزگار قەرەداغی
ڕووداو- سلێمانی

بەرپرسانی ژینگە و شارەوانیی سلێمانی لە مەترسییەکانی پاتری تێگەیشتوون، بۆیە ڕێگایەکی تایبەتیان بۆ کۆکردنەوەی داناوە، بۆ ئەوەی مەترسییەکانی بۆ سەر ژینگە و تەندروستیی مرۆڤ کەمبکەنەوە. بازرگانان دەڵێن زۆربەی ئەو پاتریانەی لە کوردستان بەکاردێن، کواڵێتییان زۆر لە خوارەوەیە.

بەپێی ئامارێک کە دەست (ڕووداو) کەوتووە، ساڵانە 107 ملیۆن و 64 هەزار دانە پاتری لەڕێی 15 بازرگانەوە بە بڕی 9 ملیۆن و 600 هەزار دۆلار دەهێنرێتە کوردستان. ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە پێنج ملیۆن کەس بخەمڵێنین، ئەوا هەر کەسێک ساڵانە 20 پاتری بەکاردێنێ.

زۆربەی ئەو پاتریەی لە کوردستانیش بەکاردێت، لە چین، تورکیا، ئەڵمانیا، ئێران و بولگاریاوە دەهێنرێ.

چەند جۆرێکیشی هەیە، لەوانە:
(Alkaline،Lead — Acid ، Lithium — Ion ،Silver Oxide و Nickel — Cadmium).

ئەگەر ماددەی بەکارهاتووی پاترییەکە کاربۆن بێت، کێشەکەی سووکە و هەر تۆنێک 1920 کارتۆن دەبێت. بەڵام ئەگەر لە ماددەی ئەرکەلاین دروست کرابێت، کێشی زیاترە و یەک تۆن 384 کارتۆن دەبێت.

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، ئەو 15 بازرگانە ساڵانە 3122 تۆن پاتری هاوردەی کوردستان دەکەن. ئەگەر هەر کارتۆنێک 30 پاتریی تێدابێ، دەکاتە 107 ملیۆن و 64 هەزار پاتری. ئەگەر ئەو ژمارەیە دابەشی سەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بکرێ کە لە پێنج ملیۆن زیاترە، هەر کەسێک نزیکەی 20 پاتریی بەردەکەوێت.

ئەرسەلان بەکر کە بازرگانێکی پاترییە لە شاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "زۆربەی ئەو پاتریانەی لە کوردستان بەکاردێن، لە چین هاوردەیان دەکەین، هەر کاروانێکیش 26 تۆن پاتری هاوردە دەکەین کە هەر تۆنێکی بە 80 هەزار دۆلارە، ساڵانە هەر بازرگانێک بایی نزیکەی 640 هەزار دۆلار پاتری هاوردە دەکات، واتە لە ساڵێکدا بایی 9 ملیۆن و 600 هەزار دۆلار پاتری".

بەشێکی زۆر لەو پاتریەی دێتە کوردستان لەڕووی کواڵێتی خراپە، بە جۆرێک هەندێکیان لە سەعاتێک زیاتر کارناکەن.

بەهمەن ئیسماعیل کە لە دووکانەکەیدا لە بازاڕی سۆران لە سلێمانی پاتری دەفرۆشێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "داواکاریی زۆر لەسەر پاتریی هەرزانە، بەجۆرێک بە جوملە 4 دانەی 250 دینار دەکەوێ. دەتوانم بڵێم بازاڕی پاتریی کواڵێتی خراپ سەعاتی پاتریی باشە".

بازرگانێکی شاری سلێمانی لەبارەی هۆکاری زۆربوونی پاتریی کواڵێتی نزم لە بازاڕەکانی کوردستاندا دەڵێت هیچ چاودێرییەک لەسەر هاوردەکردنی نەماوە.

فەرهاد محەممەد، بازرگانی پاتری لە سلێمانی کە لقی لە بەغدا و سلێمانی هەیە و ماوەی 25 ساڵە پاتری هاوردە دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر دوو کۆمپانیا هەبوو مۆڵەتیان دەدا بە هێنانی جۆری پاتری، بۆ هەر کاروانێکیش پێنج سەد دۆلاریان لێدەسەندین، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە. هیچ چاودێرییەک نییە لەسەر بازاڕ و هێنانی پاتری، هەموو کەسێک دەتوانێ بیهێنێ".

شاخەوان ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ دەڵێت "پێشتر کۆمپانیای coc نووسراوی بۆ کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی کەرەستەی پاتری و یاریی منداڵان دەکرد، بەڵام پێوەری زانستی بەدی نەدەکرا و هەر وەرەقەی سپی بوو، بۆیە ئەوەمان نەهێشت. لەداهاتوودا کواڵێتی کۆنترۆڵی باش بۆ ئەو مەبەستە دروست دەکەین.

پاتری پێکهاتەیەکی ژەهراویی هەیە کە جۆرێکیان پێکدێ لە کاربۆن، هەویر، تەنەکەی تەنک. ئەو جۆرەیان کە زۆر هەرزانە بارگاوی ناکرێت و تەنیا یەکجار بەکاردێت و فڕێدەدرێ، بەڵام جۆری "ئەرکەلاین، نیکل، کادیۆم و لیپیوم و ئایون و ئۆکسیدفزە" هەندێکیان بارگاوی دەکرێنەوە. بەپێی توێژینەوەیەکیش کە لە زانکۆی قاهیرە کراوە، هەر پاترییەک دەبێ 400 جار بارگاوی بکرێتەوە، ئینجا فڕێ بدرێ.

بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆی قاهیرە، یەک پاتریی بچووکی 60 گرامی بە پەنجا ساڵ مادەکانی لەناودەچێت، لە یەک مەتر چوار گۆشەکەدا 1000 مەتر چوارگۆشە ئاو ژەهراوی دەکات.

د.ئومێد ئیسماعیل مامۆستای بەشی کیمیا لە کۆلێژی زانست لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت "هیچ توێژینەوەیەک لەبارەی زیانەکانی پاتری لە کوردستان نەکراوە، بەڵام زیانەکانی چەندین هێندەی جگەرە و نێرگەلەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی باش مامەڵەی لەگەڵ نەکرێ و بگاتە دەستی منداڵان، دوور نییە تووشی نەخۆشیی مێشک و لاوازیی جەستە و بیرکۆڵی و نەخۆشیی دیکەیان بکات".

ئێستا لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ پاشماوەی پاتری دەکرێ، بە جۆرێک سندوقی تایبەت بە فڕێدانی پاتری دانراوە.

ئەندازیار ئاسۆ جەزا، سەرۆکی بۆردی خۆڵ و خاشاک لە شارەوانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەی دوو مانگە 400 سندوقی تایبەت بە کۆکردنەوەی پاتریمان لە شوێنە گشتییەکان و بەردەم مزگەوتەکان داناون، تاوەکوو هاووڵاتیان ئەو پاترییەی بەکاریدێنن، لە ماڵەوە تێکەڵی خۆڵ و خاشاکی نەکەن، بەڵکو بیکەنە ئەو سەبەتانەوە".

سەبارەت بە پابەندبوونی خەڵکیش بە ڕێنماییەکان، ئاسۆ جەزا گوتی "لە مانگی یەکەمدا سندوقەکان بڕێکی کەم پاترییان تێدابوو، لە ماوەی ئەو مانگەدا لە سنووری شارەوانیی سلێمانی فەردەیەک پاتریمان کۆکردەوە، بەڵام خەڵک ئێستا باشتر بە دەنگمانەوە دێن و ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی پاتری لە سندووقەکاندا زۆرتر دەبێ".



شارەوانیی سلێمانی 400 حاویەی بۆ کۆکردنەوەی پاتری داناوە (فۆتۆ: ڕووداو)

**توێژینەوەیەک:**

### هەر پاترییەکی 60 گرامی 1000 مەتر چوار گۆشە ئاو ژەهراوی دەکات

### پاترییەکانی سلێمانی دەنێژرێن

سەبارەت بە چۆنیەتی لەنێوبردنی ئەو پاتریانەی کۆدەکرێنەوە، ئەندازیار ئاسۆ جەزا، سەرۆکی بۆردی خۆڵ و خاشاک لە شارەوانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "لە ناوچەی تانجەرۆ چاڵێک بە قووڵایی دوو مەتر هەڵدەکەنین، چاڵەکە بە نایلۆنی ئەستوور ڕووپۆش دەکەین، پاشان پاترییەکانی تێدەکەین و بە خۆڵ دایدەپۆشین، بەڵام ئەمە شێوازێکی زۆر کۆنە. هەرکات سیستەمی ڕیسایکلین دانرا، ئەوکات چاڵەکان هەڵدەدەینەوە، بۆ ئەوەی پاترییەکان بکرێنەوە بە ماددەی دیکە".

# رۆڵی وزە لە پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا

## پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لامەرکەزییەتی عێراقی بەرەوپێش برد

**رووداو- هەولێر**

لە کودێتاکەی 1980بەدواوە، تورکیا هەوڵیداوە خۆی وەکوو کەناڵێکی گواستنەوەی نەوت و غازی سرووشتیی وڵاتانی دەوروبەری بۆ ئەورووپا بهێنێتە پێشەوە. بەگوێرەی راپۆرتێکی نوێی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، ئەم هەوڵە بەشێکی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێکدەهێنێ. لە راپۆرتی ئەو ئەنجوومەنەدا، باس لە سێ کەیس دەکرێ کە تێیدا تورکیا لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتی دەرەوەی خۆی دارشتووە، ئەوانیش بریتین لە هەرێمی کوردستان، رووسیا و ئێران. ئەو راپۆرتە کە لەلایەن ئارۆن ستاین، لێکۆڵەر و شارەزای سیاسەتی تورکیا لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک ئامادەکراوە،

لە پێشەکیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاتنەسەرکاری تورگوت ئۆزال، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا، هەم خاڵی وەرچەرخانی سیاسی بووە لە تورکیا و هەمیش هەوڵەکانی چاکسازیی ئابووری لە تورکیا خێراتر کرد. لەو کاتەشەوە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا لەگەڵ حکومەتە هەناردەکارەکانی وزە لە دەوروبەری خۆی، پەیوەندییان هەبووە.

راپۆرتەکە دەڵێت دوو هۆکاری سەرەکی هەن وا دەکەن تورکیا پەرە بەو سیاسەتە بدات، یەکەمیان ئەوە بووە لە وڵاتی جیاوازەوە وزە هاوردە بکات و هۆکاری دووەمیشیان ئەوە بووە کە تورکیا ببێتە وڵاتێک، ئەورووپا بە وڵاتانی دیکەی ئەودیو سنوورەکانی خۆیەوە ببەستێتەوە.

ستاین دەڵێت ئەو سیاسەتەی تورکیا هەر لە سەرەتاوە رووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدای گەورە بووەتەوە، لەوانەش چۆنێتی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە قۆناغی شەڕی ساردا، پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران و عێراق لەسەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئەو دوو وڵاتە. لەو ساڵانەی دواییشدا، سیاسەتی تورکیا کۆمەڵێک کێشەی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروستکردووە، بۆ نموونە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ سزادانی رووسیا لەسەر دەستگرتنی ئەو وڵاتە بەسەر نیمچە دوورگەی کریمیا و هەوڵەکانی کۆشکی سپی بۆ قەناعەتهێنان بە کورد کە پێویستە عێراق وەکوو وڵاتێکی یەکپارچە بمێنێتەوە.

ستاین پێیوایە ئەمریکا و تورکیا کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام هاوکات تورکیا کۆمەڵێک سیاسەتی سەربەخۆی ئابووریشی هەیە کە گرنگترینیان قووڵترکردنەوەی پەیوەندییەکانیەتی لەبواری وزە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە.

### هەولێر لە بەغدا گرنگترە

لە چەند ساڵی رابردوودا، پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەندووە. بەگوێرەی راپۆرتەکە ئەنقەرە پارتی دیموکراتی کوردستان وەکوو هاوپەیمانێکی نزیکی خۆی دەبینێ. لە بەشێکیدا هاتووە: "پەیوەندیی نزیکی تورکیا لەگەڵ بارزانی، پەیوەندیی ستراتیژییە و لە ماوەی دەیەی رابردوودا گۆڕانکاریی گرنگی بەسەردا هاتووە... بەهێزکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێکی بنچینەیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێکدەهێنێ".

بەگوێرەی راپۆرتەکە، هەر ئەم سیاسەتە وای کردووە "ئەنقەرە پشتگیری لە لێکدانەوەی کورد سەبارەت بە یاسا ناکۆکی لەسەرەکەی نەوتی عێراق بکات"، بە تایبەتیش لەبارەی مادەی 111 و 112ی دەستوور کە بەغدا و هەولێر خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکەن. بەبۆچوونی ئامادەکاری راپۆرتەکە "کێشەی نێوخۆی عێراق کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە عێراق، مامەڵەکردنی لەگەڵ پارتی و حکومەتی ناوەندیی عێراق هەبووە".

ئارۆن ستاین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئێستا حکومەتی تورکیا، شانبەشانی ئەو بەشەی عێراق کە لەژێر کۆنترۆڵی کورددایە (حکومەتی هەرێمی کوردستان)، ئەکتەرێکە لە سیاسەتی وزەی عێراقدا". ئەوەش کێشەیەکە کە پەیوەندی بە "پرسی سەربەخۆیی کوردستان و یەکلابوونەوەی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە کەرکوک، نەینەوا، سەلاحەدین و دیالەوە هەیە".

لە ماوەی چەند ساڵی دواییدا، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کەرکووک، "مافی یاسایی"ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واژۆکردنی گرێبەستی نەوتیی سەربەخۆ، گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. بە گوێرەی راپۆرتەکە، خاڵی وەرچەرخان لە تێڕوانینی تورکیادا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بۆ گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش ئەو رێککەوتنەی لە 2011 لە نێوان ئیکسۆن مۆبیل و هەرێمی کوردستاندا کرا.

بەپێی ئەو رێککەوتنە، کۆمپانیا ئەمریکییەکە ئەرکی گەڕان و پەرەپێدانی شەش کێڵگەی نەوتی لە هەرێمی کوردستان پێدرا. خاڵی جێی سەرنج لەو رێککەوتنەدا ئەوە بوو کە ئیکسۆن مۆبیل راستەوخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا رێککەوت. دواتر حکومەتی ئەنقەرە کۆمپانیای وزەی تورکیا (TEC)ی دامەزراند و 20%ی پشکەکانی ئیکسۆن مۆبیلی لە هەرێمی کوردستان کڕییەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی ئەتلانتیک "بەشداریکردنی (TEC) بووە هۆی ئەوەی بەرژەوەندیی حکومەتی تورکیا لەوەدا بێت لێکدانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یاسای نەوت قبوڵ بکات.

گۆڕانکارییەکی دیکە، گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەرێی تورکیاوە بوو. بەپێی رێککەوتنێک داهاتی ئەو نەوتەی لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە دەچێت بۆ تورکیا، بەپێی پشکی هەرکامەیان دابەش دەکرێ. بەو پێیەش کوردستان داهاتی نەوتی خۆی وەردەگرت بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا. راپۆرتی ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە "بەغدا و ئەمریکا کاردانەوەی نێگەتیڤیان بەرامبەر بەو رێککەوتنە هەبوو". لە سەرەتای 2014ش حکومەتەکەی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی عێراق بڕی. ئەمەش هاوکار بوو لەوەدا کە هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوتی کوردستان بۆ تورکیا زیاتر ببێت".

گۆڕانکارییەکی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە ئاکامی هێرشەکانی داعش و چۆڵکردنی کەرکووک لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە بوو. هەتا ئەو کاتەش کەرکووک "هێڵی سوور"ی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بوو لە عێراق، بەڵام پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی شارەکەیان گرتەدەست، تورکیاش دەستی لەو سیاسەتە هەڵگرت. راپۆرتەکەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک پێیوایە یەکێک لە نیشانەکانی ئەو گۆڕانکارییە ئەوەیە "نەوتی رۆژئاوای کەرکووک ئێستا بە تورکیادا دەگوازرێتەوە".

ئامادەکاری راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری وزەدا بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێکدەهێنێ، کۆمپانیای (TEC)یش هەنگاوی قورستری ناوە بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە هەولێر قایمتر بکات، بۆ ئەوە بەرەنگاری گوشارەکانی واشنتنیش دەبێتەوە کە داوا دەکات پەیوەندی و رێککەوتنەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سنووردار بکات.

راپۆرتەکە لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر ئەوەندەی تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی خستووەتە پێش پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق، بەوە لامەرکەزییەتی دەوڵەتی عێراقی بەرەوپێش برد. ئارۆن ستاین جەخت لەوەش دەکاتەوە کە تورکیا بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، باجی گەورەشی لەلای ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننە و حکومەتی زۆرینە شیعەی عێراق لە بەغدا داوە، لەبەر ئەوەی تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەکوو سەنگێک دەبینێ بۆ هاوسەنگکردنەوەی ئەو دەسەڵاتەی ئێران لە بەغدا هەیەتی.



(فۆتۆ: AFP)

## به حەوت خاڵ لە پێش سعودیەیە

# عێراق پاشای نەوتی هیندستانە

**رووداو- هەولێر**

بەگوێرەی داتاکان، عێراق لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا گەورەترین دابینکاری نەوت بووە بۆ هیندستان. پێشتر سعودیە دابینکاری ژمارە یەکی نەوت بۆ هیندستان بوو، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەوە، عێراق توانیویەتی ئەو پلەیە لە سعودیە وەربگرێ.

بەگوێرەی داتاکانی ئاژانسی بلومبێرگ، عێراق لە مانگی ئایاردا 23%ی پێداویستییەکانی نەوتی هیندستانی دابین کردووە و رۆژانە نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی هیندستان کردووە. سعودیە لە مانگی ئایاردا نزیکەی 17%ی پێداویستییەکانی نەوتی هیندستانی دابین کردبوو. لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا رێژەی بەشداریی عێراق لە دابینکردنی نەوتی هیندستان 19% بوو.

سەرەڕای بەشداریکردنی لە رێککەوتننامەی کەمکردنەوەی نەوتی ئۆپێک، عێراق بەردەوام ئاماژەی بەوە داوە کە دەیەوێ پیشەسازیی نەوتی وڵاتەکەی گەورەتر بکات. ئێستا توانای بەرهەمهێنانی کەرتی نەوتی عێراق لە سەرووی چوار ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدایە، بەڵام لە مانگی ئاداری رابردوو عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند لە سەرەتای نیوەی دووەمی ئەمساڵەوە توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بۆ نزیکەی پێنج ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز دەکەنەوە.

هەفتەی پێشوو رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) رایگەیاند کە ئاستی بەرهەمهێنانی رێکخراوەکە لە مانگی ئایاردا 336 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بووەتەوە. لەو بڕەش 44 هەزار بەرمیلی بەر عێراق دەکەوێت.

بەگوێرەی راپۆرتی مانگانەی وەزارەتی نەوتی عێراق، ئاستی هەناردەکردنی نەوت لە تێکڕای مانگی ئایار 101 ملیۆن و 134 هەزار و 586 بەرمیل بووە، واتە 3.2 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەو پێیەش ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە مانگی ئایار 10 هەزار بەرمیل زیاتر بووە لە مانگی پێشتر. نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی هەناردەی نەوتی عێراق لەو مانگەدا بۆ هیندستان بووە.

بەپێی راپۆرتەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق، لە مانگی ئایار 100 ملیۆن و 445 هەزاری لە تێرمینالی باشوور و 679 هەزار و 580 هەزاری لە باکوورەو هەناردەکراوە. داهاتی نەوتی عێراقیش لەو مانگەدا 4 ملیار و 663 ملیۆن دۆلار بووە.

بەڵام سعودیە بە پێچەوانەی عێراقەوە، بەشدارێکی سەرسەختی رێککەوتنەکەی ئۆپێکە و هەر لە سەرەتای رێککەوتنەکەوە بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی زیاتر لەو بڕە دابەزاندووە کە لە رێککەوتنەکەدا بۆی دیاریکرابوو. بەپێی رێککەوتنەکەی ئۆپێک، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی سعودیە نابێ لە 10.058 ملیۆن بەرمیل بەرزتر بێ، ئەم بڕیارەش هەتا مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو کاری پێدەکرێ. هەڵبەت لە چەند مانگی یەکەمی رێککەوتنەکەدا سعودیە بەردەوام زیاتر لەو ئاستەی دادەبەزاند کە بۆی دیاریکرابوو.

پابەندیی لەڕادەبەدەری سعودیە بە رێککەوتنەکە و پابەندنەبوونی عێراق یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزینی پشکەکانی سعودیە لە هیندستان و بەرزبوونەوەی پشکەکانی عێراق لەو وڵاتە. بەگوێرەی دوایین راپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) ، عێراق تەنیا 55%ی پابەندییەکانی خۆی بە رێککەوتنەکەی ئۆپێکەوە جێبەجێ کردووە. یەکێکی دیکەش لە هۆکارەکانی دابەزینی پشکەکانی سعودیە لە هیندستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مانگە گەرمەکانی ساڵدا داوای نێوخۆیی ئەو وڵاتە بەرز دەبێتەوە. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ لە مانگی حوزەیران و سێ مانگەکەی هاوینیشیدا سعودیە نەتوانێ پشکەکانی لە بازاڕی وزەی هیندستان بەرزبکاتەوە.

هیندستان خاوەنی خێراترین گەشەی ئابوورییە لە جیهاندا و حەوتەمین گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا. هەرچەند ئەم وڵاتە پلانێکی زەبەلاحی بۆ بەکارهێنانی وزەی پاک هەیە، بەڵام وەزیری وزەی ئەو وڵاتە جەختی لەوە کردووەتەوە کە "نەوت وەکوو سەرچاوەی سەرەکی وزە لە هیندستان دەمێنێتەوە". هیندستان کە بەهای ئابوورییەکەی دوو ترلیۆن دۆلارە زیاتر لە 86%ی پێداویستی نەوتی وڵاتەکەی لە وڵاتانی ئۆپێکەوە هاوردە دەکات.

هۆکارەکانی دیکەی بەرزبوونەوەی پشکی نەوتی عێراق لە بازاڕەکانی هیندستان بۆ پێشکەوتنی ژێرخانی پاڵاوتنی نەوت لە هیندستان و پێشکەوتنی ژێرخانی بارکردن و گواستنەوەی نەوت لە عێراق دەگەڕێتەوە.

ئار راماچاندران، سەرۆکی کۆمپانیای بهارات پێترۆلیۆم، بە بلومبێرگی راگەیاندووە "هۆکاری ئەو بایەخەی کە بە نەوتی عێراق دەدرێ ئەوەیە ئاستی پیشەسازی پاڵاوتنی نەوتی هیندستان بەرزبووەتەوە و دەتوانین نەوتی قورسیش بپاڵێوین". هۆکارێکی دیکەی سەرنجراکێش بوونی نەوتی عێراق بۆ هەرزانی نرخی نەوتەکەی دەگەڕێتەوە.

لە ساڵانی رابردوودا نەوتی عێراق کێشەی دواکەوتن و پچڕانی گواستنەوەی تێدا بوو، لەبەر ئەوەی لە ژێرخانی بەندەر و تێرمیناڵەکانی نەوتی عێراق توانای هەڵگرتنی گوشاری زۆریان نەبوو. لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا عێراق ژێرخانی گواستنەوەی خۆی پێشخستووە، ئەوەش وایکردووە هیندییەکان بە متمانەیەکی زیاتر لە جاران مامەڵە لەگەڵ نەوتی عێراقدا بکەن.

هیندستان رۆژانە 4.35 ملیۆن بەرمیل نەوت هاوردە دەکات. چاوەڕێش دەکرێت هەتا کۆتایی ئەمساڵ پێداویستی نەوتی ئەو وڵاتە بگاتە 4.5 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەو پێیەش 5%ی نەوتی جیهان لە هیندستان بەکاردەهێنرێت. جیا لەمە 15%ی گەشەی داوای نەوت لە هەموو جیهاندا بۆ گەشەی داوا لە هیندستان دەگەڕێتەوە، وەزارەتی وزەی هیندستانیش پێشبینی دەکات ئاستی داوای نەوت لەو وڵاتە هەتا 15 ساڵی دیکەش هەر روو لە بەرزبوونەوە بێت، هەر بۆیەش هیندستان بازاڕێکی گەرم و سەرنجراکێشە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنەری نەوتن.

رووداو هونەری
ژمارە ( 462 ) – دووشە... 2017

## ئالین دەیکاتە ئینگلیزی



میوا سەلاح / رووداو هەولێر

ئالیـن، کچە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردســتان، دوای ئەوەی بە زمانەکانی ســریانی ،ئەرمەنی و ئەڵمانــی گۆرانی گوت، گۆرانییەکی تازەی بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی (Here I am now) تۆمارکرد. ئالین بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "من هەمیشــە گوتوومە زۆر ئاســاییە کە هونەرمەندی کـورد بــە زمانــی دیکە گۆرانی بڵێ جگە لــە زمانی دایک، چونکە پێموایە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی بیانی بە ڕێگای ئەو گۆرانییەوە زیاتر ئاشــنای هونەر و کەلتووری میللەتی کورد بن".ئالین دەڵێت "هەموو گۆرانییەکانم لەســەر ئەرک و خەرجی خۆم تۆمار کردووە و هیچ کەس و لایەنێک هاوکاری نەکردووم".



## ڤیان عامر بۆ (رووداو): بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی گەردوون و جیهان دەکەم

# شاجوانە کوردەکەی عێراق دژی سەربەخۆیی کوردستانە

لە باوکێکی کوردی خەڵکی سلێمانی و دایکێکی عەرەبی خەڵکی حللە لە شاری بەغدا لە دایک بووە و ئێستا تەمەنی 23 ساڵە. بەکالۆریۆسی لە ژمێریاری ئەندازیاری و پرۆگرامسازیدا هەیە. دوو چاوی سەوز و قژێکی قاوەیی هەیەو باڵای بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرزە و 171 سانتیمەترە، کێشیشی 55 کیلۆگرامە. ڤیان عامر، ڕۆژی 25/5/2017 بە شاجوانی عێراق هەڵبژێردرا و لەلایەن خوشکەکەیەوە تاجی شاجوانی لەسەر نرا. سۆزان عامر، خوشکی ڤیان لە هەڵبژاردنی شاجوانی عێراق لە ساڵی 2016 بە هاوەڵی یەکەمی شاجوان هەڵبژێردرا، دوای شووکردنی شەیما قاسم، شاجوانی پێشووی عێراق، سۆزان جێگەی گرتەوە. ڤیان کە پرۆژەکانی بە گەڕان بە چەند شارێکی عێراقدا دەستپێکردووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی هۆکاری خۆکاندیدکردنی بۆ شاجوانی عێراق و پرۆژەکانی لە داهاتوودا دەکات.

دەرباز یونس
رووداو- هەولێر

**رووداو: چۆن بوو خۆت بۆ ڕێوڕەســمی هەڵبژاردنی شاجوانی عێراق بەربژێر کرد؟**

**ڤیان عامر:** شــاجوانی عێراق، نمایشــێکی جوانی و ڕۆشــنبیری و بوێریی ئافرەتانــە، منیش وەک کچێکی عێراقــی حــەزم کرد بەشــداری بکەم و بنەماڵەکەشــم پشتگیریان کردم.

**رووداو: بە رای خۆت، مەرجەکانی شــاجوان لە تۆدا هەبوون.**

**ڤیــان عامــر:** مەرجەکانی بوون بە شــاجوان لــە مندان هەبوون، بۆیە خــۆم کاندید کرد، وەک مەرجی جوانی، باڵا، کێش، ئاســتی ڕۆشــنبیری و بوێــری. پێموابێ هەموو ئــەو مەرجانە لە مندا هەبوون.

**رووداو: ئامۆژگاریی خوشکەکەت کە شاجوانی پێشــووی عێراق بوو، بۆ تۆ چی بوو؟ بەتایبەتی لەو کاتەی تاجەکەی خستە سەرت؟**

**ڤیان عامر:** ســۆزانی خوشــکم بەبێ جیاوازی

### جلی سەر دەریا ناپۆشم

ئامــۆژگاری و هاوکاریــی تەواوی بەشــداربووانی دەکــرد. ئــەو زیاتــر ڕۆڵی خۆی وەک شــاجوانی عێراق دەبینی. بۆ منیش بەهەمانشــێوە هاوکارم بوو، ئێستاش سوود لە ئەزموونی ئەو وەردەگرم. هەســتێکی زۆر خــۆش بوو کاتێک خوشــکەکەم تاجەکەی خستە سەرم.

**رووداو: پرۆژە و کارەکانی تۆ وەک شــاجوانی عێراق چین؟**

**ڤیان عامر:** لە دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە، پرۆژە و کارەکانم بە هاوکاریی هاوەڵەکانم دەستیان پێکــردووە. ســەردانی چەندیــن شــاری عێراقــم کردووە. لــە ڕۆژانی ڕابردووش لە هەڵەبجە بووم، کار بــۆ چالاککردنی ئافرەتــان دەکەم لە عێراق، چونکە ئافرەتانی عێراق بەهۆی بارودۆخی جەنگ دۆخێکی تایبەتیان هەیە و کارکردنم بۆ ئافرەتان لە ئەولەویەتی کارەکانم دەبێت. جگە لەوەش هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ڕووبــەڕووی بیــری توندئاژۆیی ببمەوە لە عێراق.

**رووداو: ڕەخنــەی زۆر لــە ڕێوڕەســمی شاجوانی عێراق گیرا، بەشێک لە بەشداربووان و خەڵکی پێیانوابوو ڕێوڕەســمەکە بە باشــی بەڕێوەنەچووە، لەســەر ئەنجامەکەش تێبینی زۆر هەبوون؟**

**ڤیــان عامــر:** هــەر پرۆســەیەک لــە هەر شــوێنێک بکــرێ، ڕووبــەڕووی ڕەخنــە و دەستخۆشــی دەبێتەوە. من هــەوڵ دەدەم بە پرۆژە و کارەکانم وەڵامی ڕەخنەکان بدەمەوە، هەڵبژاردنــی شــاجوان لــە عێــراق کولتوور و نەریتێکــی تازەیە، هەر بۆیــە ئەم ڕەخنانەش ئاساین.

**رووداو: بــاس لــەوە دەکرێت کــە بەنیازی بەشــداریی لە هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوون و جیهانیــش بکەیت، یەکێک لــە مەرجەکانی بەشــداربوون لــەوێ دەرکەوتنە بە جلوبەرگی سەر دەریا، تۆ ئامادەی ئەوە بکەی؟**

**ڤیان عامر:** بەڵێ بەشــداری لە پێشبڕکێی

### باوکم کوردە و تۆزێکیش کوردی دەزانم

هەڵبژاردنی شــاجوانی گەردوون و شــاجوانی جیهان دەکەم و خۆم بۆ ئەوە بە باشی ئامادە کردووە. نەک تەنیا هەر من هاوەڵەکانیشــم لە ڕێوڕەسمە جیهانییەکان بەشــدار دەبن، بەڵام ئامــادە نیم جلوبەرگی ســەر دەریا بپۆشــم، بۆ ئەم مەبەســتەش لەگــەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕێوڕەســمە جیهانییەکان قسە کراوە کە ئێمە بەهــۆی کولتووری عێــراق ناتوانین بەو جۆرە جلوبەرگــەوە دەربکەویــن و نمایــش

### کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراق

بکەین، ئەوە لەگــەڵ کولتووری عێراقییەکان ناگونجێت، ئەوانیش ڕەزامەندییان داوە.

**رووداو: تــۆ باوکــت کــوردە، چۆنە فێری زمانی کوردی نەبوویت؟**

**ڤیان عامـر:** بەڵێ باوکم کوردە و خەڵکی ســلێمانییە، دایکیشــم خەڵکــی حللەیە. من شــانازی بە ســلێمانییەوە دەکەم و ناسناوی "ڤیــان ســلێمانی"م هەیــە، بەڵام لــە بەغدا لەدایکبــووم، کوردیش دەزانــم بەڵام تۆزێک، حــەز دەکەم بە باشــی فێری کــوردی ببم و ئێستا هەوڵی جدی بۆ دەدەم.

**رووداو: کچــان هەمیشــە بــۆ پەیوەندیی خۆشەویســتی و شــووکردن مەرجیان هەیە، مەرجەکانی تۆ چین؟**

**ڤیان عامر:** دەبێت کوڕێک بێت بەڕێز بێت و ڕێزی ئافرەتی لابێت و خۆشەویستی و ڕێز لــە نێوانماندا هەبێت، ئەمــە مەرجی منە بۆ شووکردن.

**رووداو: لــە دوای ئــەوەی ناســناوەکەت بردووەتــەوە، داواکاریــی زۆرت بۆ هاتوون بۆ هاوسەرگیری؟**

**ڤیان عامر:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، داواکاری و داخوازیی زۆرم بۆ هاتوون.

**رووداو: ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردســتان و جیابوونەوەی لە عێراق ئێستا مژارێکی گەرمی سیاسی ناوچەکەیە، بۆچوونی تۆ وەک شــاجوانی عێراق و کچێکی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان چییە؟**

**ڤیان عامر:** بۆچوونی من ئەوەیە کە عێراق یەکپارچــە بێت و کوردســتانیش بەشــێکی دانەبڕاوی عێراقە.



## نور ئەلوەزیر، خانمە ئەکتەری سووری بۆ (رووداو):

# پاڕاومەتەوە فێری کوردیم بکەن

روخسارێکی گەنجی نێو درامای سوورییە. یەکەم دەرکەوتنی، ساڵی 2008 لە درامای عەنتەرە بوو، تاوەکو ئێستا بەشداری لە 30 درامای سووریدا کردووە، لەوانەش درامای (ابواب الريح)، (ڤروف غامچە) و "خربە". هەروەها لە درامایەکی عێراقیشدا ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە. نور ئەلوەزیر لە شاری سوەیدا لەدایک بووە و لە دیمەشقی پایتەختی سووریا نیشتەجێیە. دەرچووی پەیمانگەی باڵای هونەری شانۆیە. (رووداو) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

هەڤپەیڤین: دڵخواز بەهلەوی
رووداو- هەولێر

**رووداو: تۆ لەدایکبووی پارێزگای سوەیدا-یت و لە دیمەشــق نیشــتەجێی، کاروانی هونەریت چۆن لەگەڵ درامای سووری دەستپێکرد؟**

**نــور ئەلوەزیر:** من لە خێزانێکدا گەورەبووم کە خولیای هونەر و ئەدەبن. باوکم نووسەری شانۆیە و خوشکم لە بواری ماکییر لە دراما سوورییەکاندا کاردەکات. بۆیــە چوونم بۆ نێو هونەر بە ڕێکەوت نەبوو. یەکەم نزیکبوونەوەی ڕاستەقینەم لە کاری هونەریــدا لەگــەڵ نەجــدەت ئەنــزوور دەرهێنەری بەناوبانــگ بوو کاتێک لە پشــتی کامێــرا کارمان دەکرد و پێشــنیازی ئەوەی کرد ڕۆڵێکم بداتێ لە یەکێک لە دراماکانیدا. ئامۆژگاریی کردم پەیوەندی بە پەیمانگایەکی تایبەت بکەم بۆ مەشق و ڕاهێنان لەسەر کاری نواندن و لەوێشەوە کاری پرۆفیشناڵیم دەستپێکرد لە بواری درامای سووری.

**رووداو: یەکــەم کاری هونەریــت چــی بــوو، بەشداریت لە چەند درامادا کردووە؟**

**نــور ئەلوەزیــر:** یەکەم کاری هونەریــم درامای عەنتەرە بوو لە دەرهێنانی ڕامی حنە کە هونەرمەند ســەللوم حــەداد ڕۆڵی ســەرەکیی تێــدا دەبینی. تاوەکو ئێستاش بەشــداریم لە 30 کاری هونەریدا کردووە کە گرنگترینیــان "ابواب الريح" بوو لەگەڵ دەرهێنەر موسەننا ئەلسوبح.

**رووداو: بەشــداریت لە درامایەکی عێراقیدا کرد کە لە دیمەشق وێنە گیرابوو، ئەوە چۆن ڕوویدا؟**

**نــور ئەلوەزیــر:** دراماکــە بــە ناونیشــانی "زاکیــرەت ئەلتوراب" بوو، ســەرجەم هونەرمەندە بەشــداربووەکان عێراقی بــوون و دەرهێنەرەکەش فادی سەلیم بوو کە سووری بوو. سەرجەم کارەکان لە دیمەشــق بەڕێوەچوون و منیش تێیدا بەشــدار بــووم و دیالۆگــەکان بەشــێوەزاری عێراقی بوون. دراماکە کۆمەڵایەتی بوو.

**رووداو: بۆچــی گەشــتی دەرەوەی دیمەشــقت نەکردووە. بەشداریت لە درامای دیکەی عەرەبییش نەکردووە، پێت چۆنە بەشداری لە کارێکی هونەریی هاوبەش بکەیت؟**

**نور ئەلوەزیر:** کاری هاوبەشی عەرەبی بایەخێکی میدیایی زۆر تایبەتی پێدەدرێ. هەروەها پاڵپشتی دارایــی زۆری دەکرێ. هەموو هونەرمەندێک خەون بــە بەشــداری لەو جۆرە پرۆژانە دەبینێ. هێشــتا

### بەشداریم لە 30 درامادا کردووە

پێشــنیازی لــەم جۆرەم بــۆ نەهاتــووە، پێموایە هونەرمەندی ســووری توانایەکــی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی بەشدار بن لەم کارە هاوبەشە عەرەبییانەدا، بــەڵام زەحمەتە هونەرمەندەکانــی دیکەی عەرەب بتوانن شێوەزاری سووری بەکاربهێنن.

**رووداو: قەیرانــی ســووریا کاریگــەری لەســەر درامای سووری هەبووە؟**

**نــور ئەلوەزیــر:** بێگومــان. قەیرانــی ســووریا کاریگەرییەکــی ئاشــکرای هەبووە لەســەر درامای ســووری، بەتایبەتــی دوای نەمانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرە مەزنەکان کە هەندێکیان پەیوەندییان بەو پرسەوە هەبووە. هەندێکیشیان هۆکارەکانیان هێشــتا نازانرێت چییە و چۆنە؟ بەمەش بەرهەمی هونەری ڕووی لە داکشــان کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەند هونەرمەندێکی دیکەش ئەستێرەیان گەشاوەتەوە، چونکە وێڕای خراپیی دۆخی ئابووری کە کاریگەریی خســتووەتە سەر ئەم کەرتە، بەڵام ئەوان توانییان درێژە بە کارەکانیان بدەن.

**رووداو: کرێی هونەرمەندان وەکو پێشــترە، یان لەم دۆخەدا گۆڕاوە؟**

**نــور ئەلوەزیر:** بێگومان، کرێ بــەراورد لەگەڵ ڕابــردوو زۆر هەرزان بووە و بەشــێوەیەکی بەرچاو دابەزیــوە. بەتایبەتــی بەهای لیرەی ســووری زۆر دابەزیوە لە بەرامبــەر دۆلاری ئەمریکی. ئەمانەش هەموو کاریگەریی ڕاســتەوخۆیان هەبووە لەســەر هونەرمەندان. ئەستێرەکان کرێیان جیاوازە، چونکە هەندێک کەسایەتی هەن هەر ناوەکەیان بەهایەکی تایبەتی هەیە.

**رووداو: هاوژینەکــەت لــە دەرەوەی بــواری هونەریدایە، ئەو پشتیوانیت لێدەکات؟**

**نــور ئەلوەزیر:** ئەو وەرگێڕی زمانی ئینگلیزییە و گەورەتریــن پشــتیوانی منــە. هونەرمەنــد هەلومەرجێکی کارکردنی تایبەتی دەوێ و پێویستی

### خەونی من بەشداریکردنە لە درامایەکی هاوبەشی عەرەبی

بە کاتێکی زۆر هەیە بۆ کارکردن. ئەگەر پشتیوانیی خانــەوادەت نەبێــت، گومانــی تێدا نییــە ناتوانیت بەردەوام بیت.

**رووداو: لــە گەڕەکێــک گــەورە بوویــت کــە زۆربەی دانیشــتووانەکانی کورد بــوون، ئەوە چیت بەبیردێنێتەوە؟**

**نور ئەلوەزیر:** من لە گەڕەکێکی کۆنی دیمەشــق گــەورە بــووم بەنــاوی زاهیــرەی نــوێ، هەمــوو دراوســێیەکانمان کورد بوون. لە بۆنە و جەژنەکاندا سەردانی یەکدیمان دەکرد و بەردەوام داوام لێدەکردن زمانی کوردیم فێر بکەن، بەڵام ئەوان پێیان دەگوتم کە کارێکی سەختە و ناتوانیت فێربیت، من متمانەم بەخۆم هەبوو کە ئەو زمانە فێر دەبم.

**رووداو: بایەخ بەتۆڕی کۆمەڵایەتی دەدەیت؟**

**نــور ئەلوەزیــر:** بەدڵنیاییــەوە، تۆڕەکانــی کۆمەڵایەتی زۆرترین بینەر و خوێنەری هەیە و گرنگە هونەرمەند ڕاســتەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ هەوادارانی بکات. من پەیج و هەژماری تایبەتم لە فەیســبووک، تویتــەر و ئینســتاگرام هەیــە. هەواڵــی بەردەوامی خــۆم و کارە هونەرییــە نوێیەکانم لــە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکەمەوە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 462 ) - دووشەممە 2017/6/19



## ئاوات کەرکووکی داعش دەرچوو

**ڕووداو- لەندەن**

دادگایەکی بەریتانیا کوردێکی بەناوی "ئاوات حەمە ساڵح" تەمەن 35 ساڵ، بە ئەندامی داعش تاوانبارکرد. دادگای ناوەندی تاوانەکانی شاری لەندەن ڕایگەیاند: "ئاوات حەمە ساڵح ئەندامی ڕێکخراوی داعشە. چەندین بابەتیشی لەلا بووە، کە دەیسەلمێنن ناوبراو هەوڵیداوە سەرپەرشتی یان ئامادەکاری بۆ هاندانی کاری توندئاژۆیی بکات". ئاوات حەمەساڵح ناسراو بە "ئاوات کەرکووکی"، کەسێکی نزیکی مەلا کرێکارە و ساڵانێکە لە ئەورووپا دەژی.

مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو ئاوات لەگەڵ دوو کەسی دیکە بەناوەکانی "بەکر حەمەد 38 ساڵ، و زانا ڕەحیم 32 ساڵ" دەستگیرکران و میدیا بەریتانییەکان بە ئەندامی "ڕەوتی شاخ" ناویان بردبوون.

# فەرمانگەیەکی سوێد کارمەندە کۆچبەرەکان دەنێرێتەوە ماڵەوە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سەرکارەکەی پێیڕاگەیاند بۆ ماوەیەک مەیەوە سەر کارەکەت. مەها ئەگەرچی خەمی پەیداکردنی نانی نییە، چونکە بایی ئەوەندە کاری کردووە و باجی داوە، چەند ساڵێک هاوتای مووچەکەی خۆی لە دەوڵەت وەربگرێ، بەڵام دەڵێت 27 ساڵە لە سوێدە قەت وەکوو ئێستا هەستی بە غەریبی نەکردووە، ئەگەر هەروا بەبێ کاری بمێنێتەوە ڕەنگە سوێد جێبهێڵێ.

مەها محەممەد، کوردێکی دانیشتووی سوێدە، چەند ساڵێک بوو یاریدەدەری نەخۆش و پەککەوتەی نێو ماڵەکان بوو، بەڵام وەکوو سەتان بیانی دیکە، لە ماوەی ڕابردوودا لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، چونکە هەندێک لە سوێدییەکان ترسیان لە بیانییەکان هەیە و ڕازی نین خزمەتیان بکەن.

ترس لە بیانی و تاراوگەنشینان، بووەتە بابەتێکی جددی و وێڕای کاردانەوەی کۆمەڵایەتی، کە سەتان کەسی بێکار کردووە، هاوکات سیاسییەکانیش وەک بانگەشەیەک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بەکاری دەهێنن.

لە ئەورووپا، کەسانی پەککەوتە، ئەوەی خۆی توانای دارایی باش بێ، کەسێک یان دووان بەکرێ دەگرێ بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن. ئەوانەشی توانایان نییە، حکومەت پارەکەیان بۆ دەدات.

یاریدەدەرانی کەسی پەککەوتە (Persomligasistent) لە دەرەوە و ماڵ بەپێی پێویستیی کەسی نەخۆش و پەککەوتە، کارەکانیان بۆ دەکەن. بەڵام ئێستا نەخۆش و پەککەوتەکان نایانەوێ بیانییەکان خزمەتیان بکەن، ئەوەش کۆمۆن و دامەزراوە حکومییەکان و کەرتی تایبەتیشی ناچار کردووە کارگوزاری بیانی و تاراوگەنشین لەخۆیان دووربخەنەوە، بەو هۆیەشەوە بە سەتان بیانی بێکار بوون.





زیادبوونی هەستی دژەبیانی کاری کۆچبەرانی زەحمەت کردووە

چیرۆکی دەرکردنی ئەو بیانیانە لەنێو میدیاکانی سوێد دەنگی داوەتەوە. هەندێک کەس پشتگیریی لەو کارەی کۆمۆن و کۆمپانیاکان دەکەن، هەندێکیش بە نیشانەی زیادبوونی هزری نەژادپەرستیی دەزانن.

مەها محەممەد کە زیاتر لە 17 ساڵە خزمەتی نەخۆش و پەککەوتەکانی سوێد دەکات و کۆمپانیاکان شەڕیان لەسەر دەکرد، دەڵێت "زۆر کاری لەوە باشترم هاتە پێش، دەمتوانی خۆم کۆمپانیایەک دابنێم، بەڵام هەموو ئەوانەم ڕەتکردەوە، چونکە ئەو کارەم زۆر لا پیرۆز بوو، ئەوەندە لام خۆشەویست بوو، هەرگیز بیرم لە گۆڕینی نەدەکردەوە".

گوتیشی :"تەسەوری ناکەیت هەستێکی چەند ناخۆشە، بەهۆی جیاوازیی ڕەنگی قژ و پێست، نەخۆشێک نەیەوێیت، یان لێت بترسێت، زۆر هەست بە شکانەوە دەکەم".

سوهەیلە محەممەدی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەمان کاری دەکرد و لە کارەکەی دەرکراوە، گوتی "ئەوە مانای گرفت دروستکردنە بۆ کۆچبەران، ناچارم بەدوای کارێکی دیکەدا بگەڕێم".

سوهەیلە ئەو جۆرە ڕەفتارانە بە تووڕەبوونی سوێدییەکان دەزانێت و دەڵێت "ناهەقیان ناگرم لێمان بترسن، ئەمە ئەنجامی ڕەفتاری هەڵەی کۆچبەرە توندئاژۆکانە. هیچ مەعقول نییە، ئەوان بمانژیێنن، ئێمەش لێیان بکوژین، ئیدی چۆن قبوڵمان دەکەن".

کەناڵی چواری ڕادیۆی سوێد، بڵاوی کردەوە کە لە دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاریی تایبەت بە یارمەتیدانی کەسانی پەککەوتە لە ناوچەیەکی باکووری ستۆکهۆڵم، هەموو کارمەندە بیانییەکان دوورخراونەتەوە.

ڕاپۆرتێکی دیکەی ڕادیۆی سوێدیش کەیسی چەند کەسێکی لەو شێوەیەی بڵاوکردووەتەوە و بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێت، ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو "هۆکاری کەمبوونەوەی خواست لەسەر بیانییەکان زمان و خراپی لە کارەکە نەبووە، بەڵکو جلوبەرگ، حیجاب، هەروەها ڕەنگی پێستیان هۆکارە".

جێنی لارسۆن چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ بە (ڕووداو)ی گوت "نەبوونی یەکسانی لە نێوان ڕەنگە جیاوازەکان بۆ بابەتی کار و بێکاربوونی کەسێک بەهۆی ڕەنگی پێست، یان شێوەی جلوبەرگ، شتێکی تەواو نامۆیە و بەداخەوە خەریکە دەبێتە دیاردە".

ئەگەرچی جیاکاریی ڕەگەزی بە یاسا قەدەغەیە و سزای لەسەرە، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا بە ئاسانی هەست بەو جیاکارییە دەکرێت.

پێشتر تەلەڤزیۆنی سوێد بەڵگەفیلمێکی لەبارەی کچێک بڵاوکردەوە کە لەبەر ئەوەی پەچەدارە، کەس کاری پێنادات. ئادەم گۆستافسۆن، یەکێک لە ئامادەکارانی بەڵگە فیلمەکە دەڵێت "ئەوە سەرەتایەکی مەترسیداری بڵاوبوونەوەی هزری نەژادپەرستییە".

نیکۆلا کەسێکی پەککەوتەیە و ئامادە نییە کەسێکی بیانی خزمەتی بکات. ئەو دەڵێت "نامەوێت هیچ کەسێکی بیانی لەسەر حسابی ژیانی من پارە پەیدا بکات. من دژی پەنابەر نیم، بەڵام پەنابەر میوانن و مافی کاریان نییە، باشترە تا ئەو کاتەی ڕەوشی وڵاتەکەیان چاک دەبێت بۆ خۆیان دابنیشن، نەک بیر لە دەوڵەمەندبوون بکەنەوە".

### کۆچبەران دەکرێنە ڕێکلامی هەڵبژاردن

"تۆ کە ژیانی خەڵکی ئێرە تێکدەدەی، ئێرە ماڵی تۆ نییە". ئەوە قسەی ئاننا شێنبێرگ، سەرۆکی پارتی مۆدێراتی ڕاست بوو لە هەفتەی سیاسیی یارڤا کە حیزبەکان کردوویانەتە دەرفەتێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو. کۆچبەران بەشێکی سەرەکی گفتوگۆکانن. بەشێکیان هانی بیانییەکان دەدەن بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن. بەشێکیشیان بۆ ڕاکێشانی دەنگی سوێدییەکان، دژایەتییان دەکەن. ئاننا شێنبێری سەرۆکی پارتی مۆدێراتەکان، بەشێکی سەرەکی گوتاری خۆی بۆ پرسی کۆچ و بێکاری و تیرۆر و ئاسایش تەرخان کرد. بەشێوەیەک وەسفیکردن کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. ئەو پێیوایە ئەوە بیانییەکانن توندوتیژییان هێناوەتە سوێد.

# کێشەی قەتەر ئێروەیز گەشتی کۆچبەرانی کورد زەحمەت دەکات

## هاونیشتمانیەک: گەشتێکی پێنج ڕۆژیم هەبوو بۆ کوردستان، سێ ڕۆژیان لە دۆحە مامەوە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

قەیرانی سیاسی قەتەر لەگەڵ وڵاتانی دیکەی کەنداو کە تا ئێستا زیانی ملیۆنان دۆلاری بەدواوە بووە، زەحمەتیی زۆری بۆ ئەو کوردانەش دروستکردووە کە بە هێڵی ئاسمانیی ئەو وڵاتە (قەتەر ئێروەیز) هاتوچۆی ئەورووپایان دەکرد.

تێکچوونی پەیوەندییەکانی قەتەر لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو، کێشەی بۆ گەشتە ئاسمانییەکانی هێڵی ئاسمانیی قەتەری دروستکردووە ئەوەش ئاستەنگی بۆ زۆر لەو کوردانە ناوەتەوە کە لە ئەورووپا نیشتەجێن و لەڕێی هێڵی قەتەرییەوە هاتوچۆیان دەکرد.

سامان محەممەد زیاتر لە 4 مانگە بلیتی هێڵی ئاسمانیی قەتەری کڕیوە و تەنیا پێنج ڕۆژیشی هەبوو لە کوردستان بمێنێتەوە. سامان بە (ڕووداو)ی گوت :"جگە لەو ڕەوشە ناخۆشە دەروونییەی لەنێو گەشتەکە هەمبوو، سێ ڕۆژی کاتی مۆڵەتەکەشم لە دەوحە بەڕێکرد".

زیاتر لە هەشت مانگە هێڵی ڕاستەوخۆی نێوان کوردستان و سوێد نەماوە و بەوهۆیەوە زۆر کەس لەوانەی لە ئەورووپاوە دەهاتنەوە کوردستان، ڕوویان لە هێڵی ئاسمانیی قەتەر کرد، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی نرخی گەشتەکانی بەراورد بە هێڵەکانی دیکە هەرزانتر بوو. ئێستا ڕەوشەکە گۆڕاوە و زۆر لەوان هەست بە نائارامی دەکەن و بەشێکی زۆریشیان لە گەشتەکانیاندا تووشی کێشە بوون.

قەتەر ئێروەیز لە ڕێگەی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانییەوە هەفتانە دەیان گەشتی هەبوو کە هەزاران کەس لە ئەورووپاوە پێی دەهاتنەوە. بەپێی گوتەی بریکارێکی ئەو هێڵە لە ستۆکهۆڵم، ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەکە دابەزیوە. ئەو دەڵێت "کێشەی گواستنەوەی ئاسمانی بۆ کوردی ئەورووپا، هەرگیز کۆتایی نایەت".

جەعفەر ڕەشید کە خاوەنی کۆمپانیایەکی گواستنەوەیە لە ستۆکهۆڵم، بە (ڕووداو)ی گوت "لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا هێڵەکانی قەتەر ڕکابەری ئەو کۆمپانیایانە بوون کە گەشتی کوردستانیان هەبوو، بە هێڵەکانی تورکیاشەوە".

لە کاتێکدا هێڵەکانی تورکیا بۆ کوردستان نزیکترن و گەشتەکانیان زۆرترە، بەڵام بەهۆی هەرزانی و پابەندبوون بە کاتەوە، لە هەفتەیەکدا زیاتر لە 100 تکتمان دەفرۆشت، کەچی بۆ سێ هەفتە دەچێت هیچ کەسێک داوای تکتی ئەو هێڵە ناکات".

سعودیە و میسر و ئیمارات، ئابڵوقەی زەمینی و ئاسمانییان خستووەتە سەر قەتەر، بۆیە هێڵە ئاسمانییەکانی قەتەر ناچاربوون ئاراستەی فڕینەکانیان بگۆڕن. تێکچوونی ئاراستەی فڕین، بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی گەشتەکان. یان گۆڕینی کات و ئاراستەی.

سامان محەممەد کە لە کۆمپانیایەکی تەلەفۆن لە ستۆکهۆڵم کار دەکات، بەهۆی زۆری و هەستیاریی کارەکەی دەرفەتی مۆڵەت و گەشت و سەردانی کوردستانی کەمە. ئەو ماوەی پێنج مانگ بوو چاوەڕێی دەکرد کۆمپانیاکەی مۆڵەتێکی هەشت ڕۆژیی بداتێ بۆ ئەوەی گەشتی کوردستان بکات، کە سێ ڕۆژی بۆ هاتن و چوون و پێنج ڕۆژیشی بۆ مانەوە لە کوردستان دانابوو. بەڵام گوتی "کە هاتمەوە تەنیا من و دوو کەسی دیکە لە فڕۆکەکەدا بووین، هەر ترسام. نازانم هۆکارەکەی چی بوو، سێ ڕۆژی ڕەبەق من لە دۆحە مامەوە، تەنانەت لە هۆتێل نەیاندەهێشت بجوڵێین و مافی وەرگرتنەوەی جانتاکانم نەبوو".

ئەو زۆر بە گومان بوو کە بەهەمان هێڵ بڕواتەوە، بەڵام بە ناچاری وای کرد و گوتی: "تەنیا کورد بووم لە فڕۆکەکەدا لە سلێمانییەوە بۆ دۆحە و لەوێشەوە بۆ ستۆکهۆڵم، تەنیا شەش کەس لە نێو فڕۆکەکەدا بووین".

کو ێستا ن ناسیح یەکێکی دیکەیە لەوانەی بەنیاز بووە لە فینلەنداوە بە هێڵی ئاسمانیی قەتەری بگاتەوە کوردستان. ئەو گوتی "پارەکەم نەفەوتا و بۆیان گەڕاندمەوە، کە ئەمە پێچەوانەی کاری کۆمپانیاکانی کوردستان و تورکیا بوو، بەڵام چی لە پارە بکەم، کاتەکەم ڕۆیشت و فڕۆکەشم دەستنەکەوت".

کوێستان دەڵێت: "لە ساڵێکدا تۆ چەند ڕۆژێکت هەیە کە بتوانی سوودی لێ وەربگری، بە نائارامی و دڵەڕاوکێ و فەوتانی سەفەر و لەدەستچوونی، کاتەکەم هەمووی ڕۆیشت".

ئەردەڵان هەولێریش بەهۆی گۆڕینی گەشتەکەی و زیادبوونی ترانزێتەکەی، جانتا و کەلوپەلەکانی لەدەستچووە. بەپێی گوتەی ئەردەڵان، بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە، قەتەر ئێروەیز باشترینیان بووە و پابەندی بابەتە یاساییەکان بووە و پارەی بۆ گەڕاندووەتەوە. بەڵام دەڵێت "هەموو شتێک بە پارە ناگەڕێتەوە، من چی لە 275 یۆرۆ بکەم وەک قەرەبووی کەلوپەلەکانم، کە هەندێک شتی بۆ من بە پارە ناپێورێت".

بەڵام جەعفەر ڕەشید لەو ترس و دوودڵییەی گەشتیاران کەمدەکاتەوە و دەڵێت "هیچ کێشەیەک بۆ فڕۆکەکانی ئەورووپا و بەتایبەتی ئەوانەی سوێد نییە و گەشتەکانی هێڵی قەتەری ئاساییین. ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی گەشتیارانی کورد بنەمای نییە".





## ژنێک منداڵەکەی خۆی دەفرۆشێ

**دیمەن بورهان / ڕووداو- هەولێر**

ئافرەتێکی تەمەن 33 ساڵ، دەڵێت بەهۆی خراپی باری ئابووریان دەیەوێ یەکێک لە منداڵەکانی بفرۆشێ. (س.ف) کە دانیشتووی شارۆچکەی دەربەندیخانە بە (ڕووداو)ی گوت سێ کچ و سێ کوڕ، چواریان کاتی خوێندنیانە، تەنیا دوانیان لە قوتابخانەن، هاوژینەکەی بێکارە و ڕۆژانە بەدوای کاردا دەگەڕێت و دەستی ناکەوێت. باردۆخی ئەم خێزانە هێندە خراپە، کە دەیانەوێت یەکێک لە منداڵەکانیان بفرۆشن، (س) دەڵێت "دەرگا نەما سەری پێدانەکەم، بەڵام کەس هاوکاری نەکردم، بۆیە پێم بە جەرگی خۆمدا نا و بڕیارم داوە یەکێک لە منداڵەکانم بفرۆشم تا بژێوی منداڵەکانی دیکەم دابین بکەم و لەبرسا نەمرن، بەڵام دراوسێکان نەهێڵن".

## ئەو کوڕەی خەسووی خۆی کوشت قسە بۆ (ڕووداو) دەکات

# "لە داخی دایکم کوشتم"



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

هەیبەت منداڵی زاواکەی لەباوەشدا بوو ئەو کاتەی زاواکەی دەستدرێژی گوللەی لێکرد، ئاواش بووە قەڵغان بۆ پاراستنی گیانی نەوەکەی. ڕووداوەکە بە کوژرانی هەیبەت و گەنجێکی دراوسێیان کۆتایی هات.

هەیبەت ئەحمەد، 55 ساڵ، دایکی 8 کوڕ و 4 کچە. ڕۆژی 2017/6/13 دوای پارشێوکردن لە حەوشەی ماڵەکەیدا لەلایەن (ف.ر)ی زاوایەوە کوژرا.

(ف)ی تەمەن 27 ساڵان، کە پێنج ساڵە لەگەڵ ڕابیعە سدیقی کچی هەیبەت هاوسەرگیریی کردووە، ئێستا لە زیندانە و باسی هۆکاری کوشتنی خەسووی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد: "ئەو شەوە لەگەڵ دوو هاوڕێم تاوەکو درەنگ خواردمانەوە، نزیکەی کاژێر دووی شەو بوو لەگەڵ یەکێک لە برادەرەکانم چووینە کارگەیەک و لەوێ ماینەوە، ئەو نووست، منیش کە زۆر بێتاقەت بووم، سویچی ئۆتۆمبێلەکەی هاوڕێکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم، لەناو ئۆتۆمبێلەکە هەندێک خواردنەوەی تێدا مابوو، ئەویشم خواردەوە، تەلەفۆنم بۆ ماڵی خەزوورم کرد و لەگەڵ کوڕە خەزوورەکەم بووە دەمەقاڵێمان، داوام لێکرد من و هاوژینەکەم لەیەکدی جیاببینەوە، چونکە بەیەکەوە نەدەگونجاین".

(ف) هەر ئەو شەوە بەئۆتۆمبێلی هاوڕێکەی دەچێتە بەردەم ماڵی خەزووری و بە چەک هەڵدەکوتێتە سەریان.

### کوڕێکی هەیبەت:
### دایکم زەکاتی بۆ زاواکەمان کۆدەکردەوە دەیگوت با منداڵەکانی سەرگەردان نەبن

(ف) دەڵێت "بەبێ ئەوەی کەس ببینم، لەسەر دەرگای حەوشەوە دەستڕێژی گوللەم لێکردن و هەڵاتم".

پێش ئەنجامدانی تاوانەکە (ف) و ماڵی خەزووری بۆ چارەسەری کێشەکە ڕێککەوتبوون. ئەو گوتی "پێش ڕووداوەکە لەگەڵ ماڵی خەزوورم دانیشتین و پێکهاتین، تەنانەت کوڕی خەزوورم پێیگوتم مانگانە 100 هەزار دینار دەدەمە باوکت، با ئەویش ژوورێکتان بداتێ و تێیدا بژین، بەڵام کاتێک هاتمە ماڵەوە دایکم نەیهێشت و گوتی خۆم سووتاندبێت ناهێڵم بێنەوە ئەم ماڵە".

(ف) دەڵێت هۆکاری ڕووداوەکە ئەو قسانەی دایکی بووە و زۆر لەوە تووڕە بووە.

ڕابیعە سدیق نازانێت شین و ڕۆڕۆ بۆ مەرگی دایکی بکات یان بۆ لێکترازانی خێزانەکەی. ئەو بە گریانەوە گوتی: "هەموو شتێکم قبوڵ بوو، ئامادەبووم لە تەنیا ژوورێکدا بژیم، بەڵام هاوژینەکەم کاری نەدەکرد، هەرچییەکی دەستکەوتبایە بە مەشرووبی دەدا. دایکم یارمەتی دەداین".

ڕابیعە دەڵێت چەندینجار لەلایەن هاوژینەکەیەوە ئەشکەنجە دراوە "بەردەوام بە شەق و زللە و دار لێیداوم".

بۆیە ماوەیەک پێش ڕووداوەکە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کردبوو. ڕابیعە دەڵێت "شکاتم لێکرد و بە بەڵگەی پزیشکی و وێنەوە شوێنی لێدانەکانیم هەیە و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام دەستگیر نەکرا. زیاتر لە مانگێکە هاتوومەتەوە ماڵی باوکم، چونکە بێ ماڵ و پارە بووین".

#### بوختان بۆ کوڕەکەم دەکەن

لەبارەی شەوی ڕووداوەکەشەوە ڕابیعە گوتی "نزیکەی کاژێر یەکی شەو تەلەفۆنی بۆ کردم، بە تووڕەییەوە گوتی دایکم خانوومان ناداتێ. دواتر گوتی دەبێت هەمووتان بکوژم، منیش پەیوەندیم بە خەزوورمەوە کرد و پێمگوت کوڕەکەت هەڕەشەی کوشتنمان لێدەکات، بەڵام ئەو گوتی وا نییە ئێوە بوختان بۆ کوڕەکەم دەکەن".

سەبارەت بە کاتی ڕووداوەکە ڕابیعە گوتی "لەسەر دەرگاوە دەستڕێژی گوللەی لێکردین، دایکم دەستنوێژی هەڵگرتبوو، پەلاماری کچەکەمی دا بۆ ئەوەی گوللەی بەرنەکەوێت، بەڵام گوللەیەک بەر خۆی کەوت".

سەباح سدیق، برای ڕابیعە باسی شەوێک پێش ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ئێمە شەوێک پێش ڕووداوەکە لەگەڵ (ف) دانیشتین، بۆ ئەوەی ژیانیان لێ نەشێوێت برایەکم ئامادەیی دەربڕی هاوکارییان بکات و خۆمان خانووی بۆ بەکرێ بگرین، بەمەرجێک ببێت بە کەسێکی باش و خوشکەکەم بباتەوە، بەڵام دیارە ئەو لەگەڵ ماڵی باوکی شەڕی ببوو، هەڵیکوتایە سەر ئێمە و دایکم و گەنجێکی دراوسێمان کە هیچیان تاوانیان نەبوو، تێداچوون".

سەباح دەشڵێت: "دایکم زەکات و خێری خزمەکانی کۆدەکردەوە و لە دەستی زاواکەمانی دەکرد، دەیگوت با دوو منداڵەکەی سەرگەردان نەبن، بەڵام بەداخەوە ئەوە پاداشتی بوو".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕووداوە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و تۆمەتبارەکە لە ماوەی 24 کاژێردا دەستگیرکرا و لە لێکۆڵینەوەدا دانی بە تاوانەکەیدا نا".

# پۆلیس کچێکی 12 ساڵی بەشوودراو ڕزگار دەکات

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

### سارا: شەوان کە مێردەکەم دەبینی لێی دەترسام



سارا، تەمەنی تەنیا 13 ساڵانە و ماوەی ساڵێک بوو شووی بە کوڕێک کردبوو کە 15 ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، ئەو لەجیاتی خەمی بەڕێوەبردنی ماڵ و ڕازیکردنی مێرد، هێشتا حەزی لەوەیە وەکو منداڵێک بچێتە دووکان و چیپسێک بکڕێ و بەدەم ڕێگاوە بیخوات.

کاتێک قسە لەگەڵ سارا دەکەی، وەک منداڵێک دەستەکانی بەملاولای خۆیدا دەجوڵێنێ و دەڵێت "حەزم لە چیپس بوو، بەس مێردەکەم نەیدەهێشت بچمە دووکان بیکڕم".

سارا هەندێ شوێنی گیانی شین بووەتەوە، خەوتن لەگەڵ مێردەکەی بە دەستدرێژی دەزانێت، دەڵێت "زۆر شەو کە مێردەکەم دەبینی لێی دەترسام، چونکە ئەو بە لێدان سێکسی لەگەڵ دەکردم".

سارا ئاوارەیەکی ڕۆژئاوای کوردستانە، کەسوکارەکەی بە نهێنی بەشوویان داوە و ئێستا جیابووەتەوە. لەبارەی هاوژینەکەی زیاتر قسە دەکات و دەڵێت "پێیدەگوتم دەبێت منداڵت ببێت، لەسەر ئەوەش لێیدەدام".

#### چۆن ڕزگاری بوو؟

ڕۆژێک سارا لەگەڵ برای هاوژینەکەی بۆ کارێکی یاسایی دەچنە هۆبەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە کەمپەکەیان، ئەمە بە دەرفەت دەزانێت بۆ ڕزگاربوون لە هاوژینەکەی و ئەو دۆزەخەی بۆی دروستکردووە، لەوێ چیرۆکی خۆی بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەگێڕێتەوە. دوای گوێگرتن لێی، دەینێرن بۆ شەڵتەر و لەوێ پارێزراو دەبێت تاوەکوو کەسوکارەکەی لە حاڵی سارا تێدەگەیەن، دواتر کەسوکارەکەی ئامادەی لەخۆگرتنەوەی کچەکەیان دەبن و لە (ز) جیادەبێتەوە".

نەقیبی مافپەروەر لانە لوقمان، بەرپرسی هۆبەی کەمپی کەورگۆسک لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر، لەبارەی کەیسی سارا بە (ڕووداو)ی گوت: "لەکاتی جێبەجێکردنی کاروباری کەمپدا بووم پیاوێکی بەتەمەن خۆی کرد بەژووردا، کچێکی منداڵیش دوای ئەو هاتە ژوورەوە، چەند نووسراوێکی پێبوو کە بۆ کاروباری خێزانی بوو، داوای کرد واژۆی بکەین بۆ ئەوەی کاروباری سارای پێ جێبەجێ بکرێت لە کەمپ، کاتێک لێمپرسی ئەو منداڵە چی تۆیە؟ گوتی ژنی براکەمە. بەڵام کە تەماشای سارام کرد ئەوەندە منداڵ بوو بەهیچ شێوەیەک بڕوات نەدەکرد شووی کردبێ".

#### سارا داوا دەکات واژۆی نەکات

بەرپرسی هۆبەی کەمپی کەورگۆسک دەڵێت بەنیاز بووە واژۆ لەسەر داواکارییەکە بکات، بەڵام کە سەیری سارای کردووە، بە دەستەکانی ئاماژەی بۆ کردووە واژۆی نەکات، بۆیە ئەو دەکەوێتە گومانەوە و بە برای هاژینەکەی دەڵێت بچێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی چەند پرسیارێک لە سارا بکات.

ڕاستەوخۆ دوای چوونە دەرەوەی پیاوەکە، سارا دەست بە هەڵڕشتنی خەمەکانی دەکات کە ساڵێکە لە ناخی خۆیدا کۆیکردبوونەوە.

نەقیب لانە گوتی "سارا خێرا گوتی یەک ساڵە دەمەوێت بگەمە کەسێک و هاوکاریم بکات، بەڵام نەیانهێشتووە لەگەڵ کەس قسە بکەم".

دوای گوێگرتن لە قسەکانی سارا، بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی پێدەدرێت، وەک بەرپرسی هۆبەی کەمپی کەورگۆسک دەڵێت "لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنانەوە سارامان نارد بۆ شەڵتەرێک و توانیمان لەو زیندانەی ساڵێک بوو تێیدا دەژیا ئازادی بکەین".

#### جارێ بیر لە شووکردن ناکاتەوە

سارا بە جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی کێشەکەی چارەسەر کرا، ئێستا لەگەڵ کەسوکارەکەی دەژی و گەڕاوەتەوە بەر خوێندن. ئەو دەڵێت خەونی گەورەی هەیە و بڕیاری داوە تاوەکوو زانکۆ تەواو نەکات، بیر لە شووکردن ناکاتەوە.

### لە 16 ساڵی بەشوو درابوو

# ژنێکی تەمەن 18 ساڵ لە سەنگەسەر دەسووتێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

### کەسوکارەکەی:
### هیچ کێشەیەکی نەبوو

دوو ساڵ بوو شووی کردبوو، خەونی ئەوە وو منداڵێک لە باوەش بگرێ، بەڵام خاک ئەوی ـە باوەش گرت. چرا لەنێو ماڵەکەیدا بە ئاگر ۆتایی بە ژیانی هات، کەسوکارەکەی دەڵێن ووداوەکە "قەزاوقەدەر" بووە، بەڵام پۆلیس گومانی هەیە و دەڵێن ڕەنگە خۆی سووتاندبێ.

ڕۆژی 2017/6/9 ژنێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی (چرا.م.ح) دانیشتووی گەڕەکی ـەرمانبەران لە ناحیەی سەنگەسەری سەر ـە قەزای پشدەر، لەنێو گەرماوی ماڵەکەیاندا ئاگر لە جەستەی بەربوو. پۆلیس لە شوێنی ووداوەکە دەبەیەکی نەوتی دۆزییەوە، بۆیە گومان دەکرێ نەوتی بەخۆیدا کردبێ و ئاگری ـە جەستەی خۆی بەردابێ.

چرا دوو ساڵ لەمەوبەر شووی بە کوڕە پوورێکی خۆی کردووە، بە گوتەی کەسوکارەکەی، شووکردنەکەی بە خۆشەویستی ووە و هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مێردەکەی نەبووە.

شوان کە مامی چرایە بە (ڕووداو)ی گوت: چرا و مێردەکەی خاڵۆزا و پوورزای یەکن، ـەکدییان زۆر خۆشدەویست، هیچ کێشەیان ـەبوو. لە نەخۆشخانەش هیچ گلەییەکی لە ێردەکەی نەبوو".

شوان ڕەتیکردەوە چرا خۆی سووتاندبێ ـ گوتی "سووتانی چرا بەهۆی کلپەی غازەوە ووە، سەرقاڵی ئامادەکردنی نانی ئێوارە بووە، ـاز کلپەی کردووە و سووتاوە".

مێردی چرا پێشمەرگەیە. شالاو کە برای ێردەکەیەتی دەڵێت باری داراییان باش بووە و ـە مووچەی پێشمەرگایەتی دەژیان.

شالاو بە (ڕووداو)ی گوت: "براژنەکەم ـافرەتێکی بێ کێشە بوو، بەڵام زۆر خەمی لەوە ـەخوارد کە دوو ساڵ بوو شووی کردبوو، منداڵی ـەبوو". ئەوەش وەک ئاماژەکردنێک بۆ ئەوەی کە ڕەنگە لەبەر ئەوە خۆی سووتاندبێ.

شالاو کە دراوسێی ماڵی براکەیەتی، باسی ـاتی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "براکەم ـە ماڵ نەبوو، لە ناکاو بووە دەنگە دەنگ لە ـۆڵان، کە چووینە دەرەوە گوتیان چرا ئاگری ێبەربووە، دەستبەجێ گەیاندمانە نەخۆشخانەی ـشتیی ڕانیە، دواتر بردمان بۆ سلێمانی، بەڵام ـازانین خۆی سووتاندووە، یان سووتاوە".

شالاو هەروەها دەڵێت: "چرا لە نەخۆشخانە لەلای پۆلیس گوتی بە قەزا و قەدەر سووتاوم، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێژەی سووتانەکەی زۆر بوو، دەبەیەک نەوتیش بە بەتاڵی لەلای پۆلیسە، لە ژووری دانیشتنەکەیان دووکەڵی سووتان هەبووە و لە گەرماوی ماڵەوەشیان هەر دووکەڵ و پاشماوە هەیە، بۆیە پۆلیس گومانی هەیە. بۆ ئێمەش بووەتە جێی پرسیار، ئەگەر خۆی سووتاندبێ، بۆچی خۆی سووتاندووە، چونکە هیچ کێشەیەکی نەبوو".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە لەبارەی سووتانی ئەو ئافرەتە بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2017/6/9 ئافرەتێکی سووتاویان هێنایە نەخۆشخانە، چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕێژەی سووتانەکەی نزیکەی 99% بوو، بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، ڕۆژی دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

هەر لەوبارەوە نینا محەممەد، لێپرسراوی بەشی بەدواداچوون لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕاپەڕین گوتی "ئەو ژنە تەنیا یەک شەو لە نەخۆشخانە مایەوە و ڕۆژی دواتر گیانی دەرچوو، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سو و تا نە کە شی نەتوانرا گوتەی لێ وەربگیرێ، بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری ڕووداوەکە چی بووە".

نینا گومان دەخاتە سەر ڕووداوەکە و دەڵێت: "زۆر جار کەیسەکان لەلایەن کەسوکاری قوربانییەکانەوە دەشاردرێنەوە، بەتایبەت ئەوانەی بەر لەوەی بگەنە نەخۆشخانە دەمرن، یان لەبەر سەختیی سووتانەکانیان ناتوانرێ ئیفادەیان لێ وەربگیرێ. ئەم ئافرەتەش ئیفادەی وەرنەگیرا، ڕێژەی سووتانەکەشی بەرزە و جیاوازە لە کەسێک کە بە ڕێکەوت دەسووتێ. بۆیە ڕووداوەکە بەلای پۆلیسەوە جێی گومانە و دەبێ لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بکرێ".



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 462 ) - دووشەممە 2017/6/19



## پەرستارێک خۆی دەکوژێ

**ڕووداو- کەلار**

پۆلیسی کەلار رایدەگەیێنێت، هاووڵاتییەک بە گوللە گیانی لەدەستدا، کەسوکارەکەشی دەڵێن، لەماڵەکەی خۆیدا گوللەیەکی بەخۆیەوە ناوە. رائید عەلی جەمال قەدوری، بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی کەلار، بە (ڕووداو)ی راگەیاند "ڕۆژی یەکشەممە 2017/6/18، کەسێک بەناوی (ف.ا.ع) بەهۆی بەرکەوتنی گوللە گیانی لەدەستداوە". (ف) تەمەنی 36 ساڵ بووە و پیشەی یاریدەدەری پزیشک بووە. بەگوتەی پۆلیسی کەلار، کەسوکاری ئەو پەرستارە لەماڵەکەی خۆیدا گوللەیەکی بەخۆیەوە ناوە و گیانی لەدەستداوە. سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش. قەدووری گوتی "کەسوکاری پەرستارەکە دەڵێن نەخۆشی دەروونی هەبووە".

# مەلایەک و هەشت فەقێ لەسەر تاوانی مزگەوتەکەی کەلار دەگیرێن



تەرمی فاروق ناجی لە گەرماوی مزگەوتێک بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

نۆ ساڵ لەمەوبەر، فاروق خولیای خوێندنی ئاینی دەکەوێتە مێشکی، بەر لە تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی، واز لە قوتابخانە دێنێ و ڕوودەکاتە مزگەوتی قەزایەکی کەلار و دەبێتە فەقێ، بەڵام هەفتەی رابردوو تەرمەکەی لە هەمان مزگەوت بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە. باوکی دەڵێت کوڕەکەی زۆری نەمابوو ببێتە مەلا "بەڵام خنکاندیان". پۆلیسیش دەڵێت دوای ڕووداوەکە مەلا و هەشت فەقێی مزگەوتەکە بە بڕیاری دادوەر دەستبەسەرکراون.

ڕۆژی 2017/6/14 تەرمی گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ بەنێوی فاروق ناجی، کە لە مزگەوتی سیراجەددین لە قەزای کەلار فەقێ بوو، لەنێو گەرماوی مزگەوتەکە دۆزرایەوە.

ناجی محەممەد، باوکی فاروق دەڵێت کوڕەکەی بە پشتێنێک لە گەرماوی مزگەوتەکەدا هەڵواسراوە، باوکی فاروق نازانێت ئەو پشتێنە هی فاروق بووە یان هی کەسێکی دیکە، چونکە ئەو دەڵێت "لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار بینیم کوڕەکەم ملی بریندار ببوو، پزیشکەکان نەیانهێشت تەماشای بکەم و منیان کردە دەرەوە، چونکە پەرێشان بووم".

ناجی باوکی حەوت منداڵە، بەڵام فاروقی لە هەموو منداڵەکانی دیکەی زیاتر خۆشویستووە، شەش منداڵەکەی دیکەی لەلایەک بوون و فاروقیش لەلایەک. ناجی دەڵێت "کوڕەکەم ئەوەندە بەڕەوشت و لەسەرخۆ بوو، ئەوەی ڕۆژێک ناسیبێتی لەبیری ناکات. گەنجێک بوو بۆ خوا دەژیا، ڕوو لە کاری باش بوو، نەک کاری خراپی نەدەکرد، بەڵکو بیرکردنەوەی خراپیشی هەرگیز نەبوو".

## باوکی فەقێیەکەی کەلار: کوڕەکەم خنکێنراوە

هەرچەندە دوای ڕووداوەکە وا بڵاوکرایەوە کە فاروق خۆی خنکاندووە، بەڵام باوکی گومانی هەیە و دەڵێت "دڵنیام کە کوڕەکەم خۆی نەخنکاندووە، یەکێک لە بەڵگەکانیشم ئەوەیە کە فاروق هەرگیز لەدوای نوێژی نیوەڕۆ خۆی نەدەشووشت و ئەوانەی لەگەڵین دەزانن، ئەو عادەتی ڕۆژانەی بوو کە پێش نوێژی نیوەڕۆ خۆی دەشووشت، بەڵام ئەو ڕۆژە دوای نوێژی نیوەڕۆ لە گەرماوی مزگەوتەکەدا بووە".

بەگوتەی باوکی فاروق، کارگوزاری مزگەوتەکە پێیگووتووە کە ڕۆژی ڕووداوەکە، دوو لە هاوڕێ فەقێیەکانی چەند کاژێرێک بوو زانیبوویان خنکاوە، بەڵام نەیانوێراوە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن و کەس ئاگادار بکەنەوە.

دادگا بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە ئەو هەشت قوتابییەی لەگەڵ فاروق وانەیان دەخوێند و مامۆستا ئاینییەکەشی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، دەستبەسەر کردووە.

(ع) کە هاوڕێی فاروقە، بە (ڕووداو)ی گوت "فاروق خەونی بوون بە مامۆستایەکی ئاینی هەبوو. ئەوم هیچکات بە بێهیوایی نەبینیوە، بۆیە دڵنیام خۆی نەخنکاندووە. دەشڵێت فاروق گەنجانە بیری نەدەکردەوە. وەک زانایەک عاقڵ بوو. قەت نەمبینیوە تووڕە بێت یان کێشەیەکی هەبووبێت، چونکە دوای دنیا نەکەوتبوو".

رائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان لەبارەی ڕووداوەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 2017/6/14، ئاگادارکراینەوە کە تەرمێک لە مزگەوتی سیراجەدین لە گەڕەکی سەت ماڵەکەی قەزای کەلارە، مەفرەزەمان چوونە شوێنی ڕووداوەکە و دەرکەوت تەرمی کەسێکە بەناوی فاروق ناجی محەممەد، لەدایکبووی ساڵی 1995، بەمەبەستی پشکنین تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی کەلار کرا و پۆلیسیش لە لێکۆڵینەوەدایە لەبارەی چۆنێتی ڕووداوەکە. هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کە خۆی هەڵواسیوە یان هەڵواسراوە".

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان گوتیشی "فاروق خوێندکاری هەمان مزگەوت بووە و لەوێ لەگەڵ 8 گەنجی دیکەدا ڕۆژانە لەلایەن مامۆستایەکی ئاینییەوە وانەی ئاینیان پێگوتراوەتەوە، بۆیە بە بڕیاری دادوەر و بەپێی مادەی 405، ئەو مامۆستایە و 8 قوتابییەکەی دەستگیرکراون".

## تۆمەتبارەکە نووسراوێکی وەزارەتی پێشمەرگەی ساختە کردبوو

# تۆمەتبارێک پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان دەکوژێت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

سەپان ستار، تەمەن 35 ساڵان، پۆلیسی بەشی ڕووبەڕووبوونەوەی ساختەکاری بوو لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیدا بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی داواکراو، لەلایەن تۆمەتبارەکە و کوڕەکەیەوە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا.

تۆمەتبارەکە بەناوی (ق.ج) بە تۆمەتی ساختەکردن لەلایەن دادگاوە داواکرابوو، سەپان و چەند کارمەندێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەکاتی چوون بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار، لەدەستیان هەڵدێت و لەگەڵ کوڕەکەی بە چەک هێرش دەکەنە سەر کارمەندەکان و سەپان دەکوژن و کارمەندێکی دیکەش بریندار دەکەن.

ستێر ستار کە برا گەورەی سەپانە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە 2017/5/15 لەکاتی دەوامی فەرمیدا براکەم بە فەرمانی دادوەر ڕۆیشتووە بۆ دەستگیرکردنی کەسێکی تۆمەتبار، بەڵام تۆمەتبارەکە بە گوللە وەڵامی داونەتەوە و جگە لە شەهیدکردنی براکەم، هاوڕێ و هاوکارێکی دیکەی براکەشمی بریندار کرد کە گوللەکە بەر دڕکەپەتکی کەوتووە و ئێستا لە جێگادا کەوتووە".

ستێر کە براکەی بە شەهیدی یاسا ناودەبات، پێیوایە کەیسی شەهیدکردنی براکەی جیاوازە و دەڵێت "ئەم کەیسە جیاوازە لە کەیسەکانی دیکە، پێویستە هەموو لایەک بێنە وەڵام، ئەم ڕووداوە مەترسیدارە کە کەسانێک خۆیان لە یاسا بە بەهێزتر بزانن، چونکە براکەی من هیچ پەیوەندی بە کەسی تۆمەتبارەوە نەبووە و تەنیا ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە".

زیاتر لە مانگێک بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە، بەڵام تۆمەتبارەکان تاوەکوو ئێستا دەستگیر نەکراون. ستێر دەڵێت "ماوەی مانگێک تێپەڕیوە و بکوژانی براکەم کە باوک و کوڕێکن و ناسراون، لەم شارەدا ئازادن، بۆیە داوا دەکەین یاسا بەزووترین کات بکوژانی براکەمان بە سزای خۆی بگەیەنێ. داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، چۆن لەسەر کەیسی بکوژی باران ڕەشید کە لەسەر فوول لایت کوژرا، هاتەدەنگ و بکوژ دۆزرایەوە و دەستگیرکرا، ئاواش کەیسی براکەی ئێمە چارەسەر بکات، ئێمە پێشتر هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە نەبووە و ناشمانەوێت دوژمنداری لەگەڵ ئەو خێزانە دروست بکەین، بەڵکو تەنیا خوێنی براکەمان دەوێت".

کانیاوی تەمەن 24 ساڵان، هەشت ساڵ لەمەوبەر شووی بە سەپان کردووە، ئێستا خاوەنی دوو کوڕە. ئەو ڕۆژەی ڕووداوەکە ڕوویدا، کانیاو خۆی هاوژینەکەی دەگەیەنێتە شوێنی کارەکەی و دەڕوات، بەڵام بێئاگایە لەوەی ئەم ڕۆیشتنەی دواجاری دەبێت و ناگەڕێتەوە. کانیاو دەڵێت "ئەوەی لە خەیاڵی ئێمەدا نەبوو مەرگ بوو، شەوەکەی تاوەکوو درەنگی شەو لە ماڵی باوکی سەپان بووین و بۆ بەیانییەکەی خۆم گەیاندمە شوێنی کارەکەی، نەمدەزانی ئەمە دوا پێکەوەبوونمان دەبێت". دەشڵێت "سەپان هەر هاوژینم نەبوو، ئەو کوڕی خاڵیشم بوو، باوکی دوو منداڵی بێنازمە، بۆیە تەنیا داواکاریم ئەوەیە بکوژانی سەپان بەزووترین کات دەستگیر بکرێن و حکومەت ڕێگەیان نەدات ماڵی کەسانێکی دیکە وێران بکەن".

دوای شەهیدبوونی هاوژینەکەی، ئێستا کانیاو کرێچییە و تەنیا شەهیدانەی هاوژینەکەی شک دەبات کە داهاتووی منداڵەکانی پێ دابین بکات و بڕیارە لە چەند مانگی داهاتوودا پێی بدرێت، ئەو نایەوێت بچێتەوە ماڵی باوکی، بەڵکو دەیەوێت منداڵەکانی بەدەستی خۆی گەورە بکات، هەر بۆیە لەتەنیشت ماڵی باوکی خانوویەکی بەکرێ گرتووە.

پارێزەری راوێژکار برزۆ سەعید کە وەک پارێزەرێکی خۆبەخش بەرگری لە کەیسی سەپان دەکات، لەبارەی وردەکاریی ڕووداوەکە دەڵێت "لەکاتی دەوامی فەرمیی سەپان و سێ هاوڕێی بە فەرمانی دادوەر دەچن بۆ گەڕەکی سەلاحەدین بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک بەناوی (ق.ج.ک) کە نۆرینگەی سوننەتکردنی منداڵانی هەیە و لەلایەن دادگاوە تۆمەتبار کرابوو بە ساختەکردن".

برزۆ گوتی "(ق.ج) بەهۆی کێشەی خێزانی لەگەڵ ماڵی خوشکێکی و تەقەکردن لە یەکدی، سێ چەکی لە جۆرەکانی کلاشینکۆف، ویزا، دەمانچەی ولتەر لەلایەن نووسینگەی منارەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی دەستی بەسەرداگیرابوو، بەڵام (ق.ج) نووسراوێکی وەزارەتی پێشمەرگە ساختە دەکات بۆ وەرگرتنەوەی چەکەکانی.




مانگێک بەسەر کوژرانی سەپاندا تێپەڕیوە و بکوژەکانی هێشتا دەستگیر نەکراون

لە نووسراوەکەشدا خۆی وەک رائید لە وەزارەتی پێشمەرگە دەناسێنێ، لەکاتێکدا خۆی هیچ پلەیەکی سەربازیی نییە".

پاش ئاشکرابوونی، لەلایەن دادگاوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت. برزۆ گوتی "سەپان و سێ هاوڕێی دەچن بۆ دەستگیرکردنی (ق)، بەڵام ئەو خۆی نادات بەدەستەوە و لەگەڵ کوڕەکەی دەست بە تەقە دەکەن و ڕاستەوخۆ سەپان شەهید دەکەن و دەشگەڕێنەوە سەری، بە دەسکی کلاشینکۆفەکە لەسەری سەپان دەدەن، گرتەی ڤیدیۆییمان هەیە کە بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە، هەروەها فاروق کە شۆفێری هاوڕێکانی دەکرد و خاوەنی 8 منداڵە، گوللە بەر پشتی کەوتووەو ئێستا لەسەر جێگایە".

ئەو پارێزەرە دەشڵێت: "هیچ لایەنێک و دامودەزگایەکی حکومی تۆمەتبار ناکەین، بەڵکو تەنیا دەمانەوێت بکوژانی سەپان بەزووترین کات دەستگیر بکرێن".

هێشتا تۆمەتبارەکانی ئەم کەیسە دەستگیر نەکراون. رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "سەپان کارمەندێکی خۆشەویست و پابەند بە ئەرکەکەی خۆی بوو. ئێمە لە بنەماڵەکەی بەپەرۆشترین بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و گەیاندنیان بە سزای یاسایی خۆیان، لەدوای ڕووداوەکەوە پەراوی لێکۆڵینەوە کراوەتەوە و بەردەوامین لە هەوڵەکانمان بۆ دۆزینەوەی تاوانباران کە بەدڵنیاییەوە لە دەستی یاسا ڕزگاریان نابێت".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

# دەستدرێژی لەژێر هەڕەشەدا

کچێک تەلەفۆنی بۆ کردین بۆ ئەوەی ڕێنمایی بکەین چۆن دەربازی بێ لەو کێشەیەی لەگەڵ خزمێکیان تێیکەوتووە. ئەو کچە جگە لە تەمەنی، ئامادە نەبوو هیچ لەبارەی ناو و ناونیشانی خۆی ئاشکرا بکات. هەرچەندە نەدەزانرا ئەو بەسەرهاتەی بۆی گێڕاینەوە ڕاستییە یان هەڵبەستراو، بەڵام ڕێنمایی و ئامۆژگاریمان کرد.

کچەکە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی: "لەڕێی فەیسبووکەوە کوڕێکم ناسی، سەرەتا هاوڕێ بووین، بەرەبەرە متمانە لە نێوانمان دروستبوو، ئیدی بووین بە خۆشەویستی یەکدی، نامە و وێنە گۆڕینەوە لە نێوانمان هەبوو، بەڵام خزمێکمان کە دراوسێشمان بوو، هەموو شتێکی لێ تێکدام. ئەو خزمەمان زۆربەی کات لە ماڵی ئێمە بوو، ڕۆژێکیان کە نامەم بۆ خۆشەویستەکەم دەنارد، مۆبایلەکەی لەدەست ڕفاندم، تەماشای نامەکانی کرد، دواتر زانی وێنەم بۆ ناردووە و هەندێک لە وێنەکانیش نیمچەڕووت بوون، چووە لای ئەو کوڕە و هەڕەشەی لێکرد، مۆبایلەکەشی لێستاند. ئەو خۆی وا نیشاندا کە خەمخۆر و دڵسۆزی منە، ئامۆژگاریی کردم کە واز لەو کوڕە بهێنم. منیش وازم لێهێنا، بەڵام بەو مەرجەی کە هاندی مۆبایلی کوڕەکە بشکێنێ، ئەویش بەڵێنی دا. ماوەیەکی زۆر بێدەنگی لەو بابەتە کرا، تاوەکوو ڕۆژێکیان خزمەکەمان پێیگوتم دەزانی هاندەکەم نەشکاندووە؟ منیش گوتم: ئەی تۆ بەڵێنت نەدا؟ ئێستا مەبەستت چییە، دەتەوێ بە کوشتنم بدەی؟ گوتی: نەخێر، دەمەوێ لەگەڵم ڕابوێری. منیش پێمگوت عەیبە تۆ خزمی منی، من وەکو برایەکی خۆم سەیرت دەکەم. بەڵام ئەو هەڕەشەی لێکردم و گوتی: ئەگەر لەگەڵم نەخەوی مۆبایلەکە دەدەمە دەست باوکت و براکانت. زۆر لێی پاڕامەوە، بەڵام سوودی نەبوو. منیش بیرم کردەوە ئەگەر مۆبایلەکە بداتە دەست کەسوکارەکەم حەتمەن دەمکوژن، بۆیە ناچار بووم تەسلیم ببم، ڕۆژێکیان ئەوەی مەبەستی بوو لەگەڵی کردم و ئیدی لەو ڕۆژەوە خۆم لەبەرچاو کەوتووە، هەر کاتێک ئەو پیاوە دەبینم بێز لە خۆم دەکەمەوە. کاتێک دێتە ماڵمان زۆر دەترسێم، یەکسەر دەچمە لای دایکم. ئەگەر ئەمجارە داوام لێبکاتەوە دڵنیام خۆم و ئەویش دەکوژم".

بۆ ئەو کچە ڕوونکرایەوە کە ئێمە ئەفسەری ئافرەتمان هەیە دەتوانێت بە جلی مەدەنی سەردانی ماڵەوەتان بکات و قسە لەگەڵ خوشک و دایکت بکات و کێشەکەت بۆ چارەسەر بکات، یان خۆت بەشێنەیی بابەتەکە لەلای خوشک و دایکت باس بکە، بەڵام ئەو کچە بەو چارەسەرە ڕازی نەبوو، ئامادەش نەبوو ناونیشانی خۆی ئاشکرا بکات.

بۆیە ناچاربووین لایەنە یاساییەکەی دۆسیەکەی بۆ ڕوون بکەینەوە. لە یاسادا بەپێی مادە 393 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسیەیە دەکرێ. ماددەکە دەڵێت "سزا دەدرێت بە حەپسکردنی هەتاهەتایی یان کاتی، هەر یەکێک بەبێ ڕەزامەندی لەگەڵ ژنێک جووت ببێ، یان لەگەڵ نێرێک یان مێینەیەک بەبێ ڕەزامەندی یان ڕەزامەندی نێربازی بکات. بە زەرفی موشەددەد دادەنرێ لە حاڵەتی یەکەم: ئەگەر تاوانلێکراو 18 ساڵی تەواو نەکردبێ. دووەم: تاوانلێکراو خزمی پلە سێی تاوانبار بوو، یان پەروەردەکاری تاوانلێکراو بوو، یان ئەرکی چاودێریکردنی تاوانلێکراوی لە ئەستۆ بوو، یان تاوانلێکراو خزمەتکاری تاوانبار بوو......".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی

# لەدوای پەلاماری شنگالەوە 9900 کوردی ئێزدی کوژران یان ڕفێنراون

**ڕووداو- هەولێر**

ساڵی ڕابردوو، کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی و سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کە ڕێکخراوێکە لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کاردەکات، ڕایگەیاند کە توندوتیژییەکانی داعش لە دژی کوردی ئێزدی لە شنگال و دەوروبەری دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە. داعش خۆیشی هیچکات نەیشاردووەتەوە کە دەیەوێ لەڕێی کوشتن، بەکۆیلەکردن و بڕواپێهێنانی زۆرەملێیەوە شوێنکەوتووانی ئایینی ئێزدی لەناوبەرێ. ئەوەی هەتا ئێستا دیار نییە ئەوەیە قەبارەی توندوتیژییەکانی داعش لەدژی ئەو کۆمەڵگە کوردییە چەند بووە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە، تیمێکی چوار کەسی دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کرد و پوختەی لێکۆڵینەوەکەشیان لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمریکی بڵاوکردەوە.

لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئامار و ژمارەی جیاواز لەبارەی کوژراو و ڕفێنراوانی ئێزدی خراوەتەڕوو. ژمارەکان باسی 2500 بۆ 5000 کوژراو و زیاتر لە 6000 ڕفێنراو دەکەن، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا ئێستا ئەو ژمارانەی پشتڕاست نەکردووەتەوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (فۆرین ئەفەیرز)، بە دۆکیومێنتکردنی ژمارەی کوژراوان و ڕفێنراوەکان تەنیا بۆ ئەوە گرنگ نییە کە وەکوو بەڵگەیەک بەدەستی دادگا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە بێ، بۆ ئەوەی دواجار توندوتیژییەکان بخرێنە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە، بەڵکو ئەو داتایانە بۆ گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی، هەوڵەکانی ڕزگارکردنی ئەوانەی هەتا ئێستا لەژێر دەستی داعشدان و دانانی ستراتیژێکی تۆکمەی چاودێریی تەندروستیش بایەخێکی زۆریان هەیە، ئەوە جگە لەوەی ئەو جۆرە دۆکیومێنتانە بۆ هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکە و پەرەپێدانی ئاشتەوایی نێوخۆییش گرنگن.

بۆ ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوە مەیدانییە، تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە لە 13 کەمپی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ 1300 خێزاندا کردووە و لەبارەی کوشتار و ڕفاندنی ئەندامانی خێزانەکە لەلایەن داعشەوە پرسیاریان کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، لەو 1300 خێزانەی قسەیان لەگەڵ کراوە، 988 خێزانیان کوردی ئێزدی خەڵکی ناوچەی شنگال بوون، 19 خێزانیش ئێزدیی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی پارێزگای مووسڵ بوون. ئەوانی دیکە 105یان کوردی شەبەک، شەش تورکمان، 83 کوردی سوننە، 86 عەرەبی سوننە و 13 خێزانیش ئاشووری بوون. تێکەڵکردنی ئایین و خەڵکانی دیکەی جگە لە ئێزدی لە لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەوە بووە بەراوردێک لە نێوان کوژراوانی کوردی ئێزدی و خەڵکانی سەر بە ئایین و نەتەوەکانی دیکە بکرێ.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کۆکراونەتەوە، لە چەند ڕۆژی هێرشەکانی داعشدا لە ناوچەی شنگال لە ئابی 2014 ، نزیکەی 9900 کوردی ئێزدی (واتە 2.5%ی دانیشتووانی ناوچەکە) کوژراون یان ڕفێنراون. لەو ژمارەیە 3100 کەسیان کوژراون کە 1400 کەسیان بە گوللە، سەربڕین و زیندەبەچاڵکردن بووە. 1700 کەسیشیان بەهۆی برسێتی یان تینوێتی مردوون. 6800 کەسەکەی دیکەش (واتە 1.7% دانیشتووە ئێزدییەکانی ناوچەکە) ڕفێنراون.

لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپۆرتە مەیدانییەکەدا 4300 کەس (واتە نزیکەی 67%ی ڕفێنراوەکان) ڕزگاریان ببوو، 2500 کەسیش (واتە زیاتر لە 33%ی ڕفێنراوەکان) شوێنبزر بوون.

ژمارەیەکی وردی دانیشتووانی کوردی ئێزدی ناوچەی شنگال لە کاتی هێرشەکەدا بەردەست نییە، جیا لەمە ژمارەی کوژراو و ڕفێنراوەکان دەکرێ هێشتاش لەو ژمارانە زیاتر بێ کە لە ڕاپۆرتەکەدا خراونەتەڕوو، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی نادیار لە خێزانەکان هەموو ئەندامەکانیان ڕفێنراون یان کوژراون، بۆیە هیچ کەسێکیان نەماوە چیرۆک و بەسەرهاتی خۆی و خێزانەکەی باس بکات.

توندوتیژییە تایفییەکانی عێراق بەشێوەیەکی تایبەت پیاوانی کردووەتە ئامانج. بەڵام لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی (فۆرین ئەفەیرز) دەریدەخات داعش لە کاتی هێرشەکانی بۆ سەر کوردی ئێزدی گوێی بە تەمەن و ڕەگەز نەداوە. بۆیەش لەو خێزانانەی وەکوو کەیس وەرگیراون، 1%ی خێزانەکان تەنیا یەک کەسیان دەربازی بووە و زیندوو ماوە، ئەندامانی دیکەی خێزانەکان یان کوژراون یان ڕفێنراون یان شوێنبزرن.

لە کاتی هێرشەکانی داعشدا، ڕێژەی منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ لە ناوچەی شنگال 41.2 %ی دانیشتووان بووە، ڕێژەی ڕەگەزی مێیینەی ناوچەکەش 49.4% و نێرینەش 51.6% بووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ قوربانیی سەرەکیی هێرشەکانی داعش بوون، بەجۆرێک نزیکەی 93%ی کوژراو و مردووەکانی سەر چیای شنگال لەکەسانی سەر بەو تەمەنانە پێکدێن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ ناتوانن وەکوو کەسانی پێگەیشتوو لە کاتی هێرشەکاندا رابکەن یان خۆیان دەرباز بکەن، هەروەها تەنیا 18.8%ی منداڵە ڕفێنراوەکان توانیویانە ڕابکەن یانیش بە هەر شێوازێکی دیکە ڕزگاریان ببێ. ژمارەی کوژراو و ڕفێنراوەکان لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا لەیەک نزیکە.

شایەتحاڵە ئێزدییەکان ئاشکرایان کردووە چارەنووسی کچ و کوڕە ئێزدییەکان تەواو جیاواز بووە، لە کاتێکدا کچەکان یان وەکوو دیاری بە چەکدارەکانی داعش دراون یان فرۆشراون، کوڕەکان بە زۆرەملێ ڕەوانەی کەمپەکانی مەشقی داعش کراون.

یەکێک لەو ڕەخنانەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ئەمریکا دەگیرێ، ئەوەیە کە دەیانتوانی ڕێگە لە کوشتار و ڕفاندنی کوردی ئێزدی بگرن، بەڵام ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێت ئەگەر هەوڵە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان نەبوونایە هێرشەکانی داعش ئاکامی زۆر قورستریان دەبوو، دەیان هەزار کەسی دیکە دەکوژران یان دەڕفێنران. بەڵام ئەگەر هاریکارییەکان خێراتر گەیشتبان ژیانی خەڵکانێکی زیاتر ڕزگار دەکرا.

سەرەتای مانگی ئابی 2014، چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری. لە ئاکامی ئەو هێرشەدا هەزاران کوردی ئێزدی کوژران، ڕفێنران و ئاوارە بوون. لە ئاداری 2015، نووسینگەی کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا کوشتار و ڕفاندن و بە کۆیلەکردنی کوردە ئێزدییەکانی لەلایەن داعشەوە بە کردەوەی جینۆساید هەژمارکرد.

ساڵێک دواتر و لە ڕۆژی 14ی ئادار، ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکاش بە کۆی دەنگ توندوتیژییەکانی داعشی لەدژی کوردانی ئێزدی، شیعەکان، مەسیحییەکان و گروپەکانی دیکە بە جینۆساید دانا.



93%ی کوژراو و مردووەکانی سەرچیای شنگال منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵان بوون (فۆتۆ: ڕووداو)

> هێشتا 33 %ی ڕفێنراوانی شنگال بێسەروشوێنن

> 93 %ی ئەوانەی لە چیای شنگال مردن، منداڵ بوون

### چارەنووسی 9900 کوردی ئێزدی

- **3100** کەس کوژراون
- **1400** بە گوللە، سەربڕین و زیندە بەچاڵ
- **1700** بەهۆی برسێتی و تینوێتی
- **6800** ڕفێنراون
- **4300** کەس ڕزگارکراون
- **2500** شوێنبزرن

# بەغدا کەلوپەلی ئەنفالکراوان ناداتەوە هەرێمی کوردستان

## بۆ پاراستنی کەلوپەلی قوربانییەکانی جەنگ گرێبەستێک لەگەڵ پۆڵەندا واژۆ دەکرێ

### وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:
### مۆزەخانەیەکی گەورەی نیشتیمانی دروست دەکەین



نزیکەی 500 کەلوپەلی قوربانیانی ئەنفال لە بەغداوە هێنراونەتەوە هەرێمی کوردستان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر ڕێککەوتننامەیەک دەربڕیوە کە لەنێوان پۆڵەندا و حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ دەکرێ لەپێناوی پاراستنی کەلوپەلی قوربانییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و شەڕی داعش. وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، داوامان کردووە ئەگەر دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان باش بوو "مۆزەخانەیەکی گەورەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دروستبکرێ".

لە ساڵی 2013 وە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە پۆڵۆنیا، هەوڵی دروستکردنی هەماهەنگی دەدات لەگەڵ شارەزایانی پۆڵۆنی لە بواری پاراستن و نمایشکردنی کەلوپەل و هەموو ئەو پاشماوانەی لە قوربانییەکانی جەنگ جێماون. بۆ ئەوەی بتوانرێ لەو ڕێگایەوە مۆنۆمێنت و مۆزەخانەکان پیشانی خەڵک و گەشتیاران بدەن کە شەڕ و شۆڕەکان و کۆمەڵکوژییەکان چ مەینەتییەکیان دوای خۆیان جێهێشتووە. لەو ڕووە پۆڵۆنییەکان ئەمڕۆ پێشەنگی ئەوروپان.

گفتوگۆ و هەوڵەکانی زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا، لە ساڵی 2013 وە دەستپێکردووە بۆ ئەوەی پسپۆڕان و سەرپەرشتیارانی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئاوشفیتز، ئەزموونی خۆیان بهێننە کوردستان و لەچوار بواردا ڕاهێنان بە سەرپەرشتیارانی مۆنۆمێنت و مۆزەخانەکانی هەرێمی کوردستان بکەن "چۆن بتوانن کەلوپەلەکان بۆ چەندین سەدە بپارێزرێن، چۆن هەڵبگیرێن، چۆن نمایش بکرێن، چۆن لە بواری پەروەردەدا سوودیان لێ ببینرێ".

مۆزەخانەی ئاوشفیتز یەکێک بوو لە گەورەترین گرتووخانەی سەربازیی نازییەکان لە پۆڵۆنیا کە جووەکانیان تێدا بەند کردبوو، دواتر هەر لەوێ زۆربەیان سووتاندن، بەڵام ئێستا بووەتە مۆزەخانەیەکی بەنێوبانگی جیهانی. جلوبەرگ و پێڵاو و هەموو کەلوپەلی قوربانییەکانی تێدا پارێزراوە. تەنانەت قژی قوربانییەکانیش. ئەوان بەهۆی ئەو مۆزەخانەیە و مۆزەخانەی نیشتمانیی وارشۆ، ساڵانە ملیۆنان گەشتیار لە سەرتاسەری جیهانەوە بۆ وڵاتەکەیان ڕادەکێشن. هەر ئەوەش وای کردووە خەڵاتی باشترین مۆزەخانەکانی جیهان لەساڵی 2016 بدرێتە مۆزەخانەی پۆڵین لە وارشۆی پایتەخت.

زیاد ڕەئوف، دەڵێ دوای هەوڵێکی زۆر و دوای چەند ساڵێک، پسپۆڕانی مۆزەخانەی ئاوشفیتز هاتنە سەر ئەو بڕوایەی بێنە کوردستان و یارمەتیمان بدەن، بۆیە چەند جارێک شاندی وەزارەتی شەهیدان و خودی وەزیری شەهیدانمان بانگهێشت کرد بۆ لایان "بڕیارە سەرەتا یاداشتێک واژۆ بکرێ بۆ ئەوەی چەند کەسێک لە کوردستانەوە بانگ بکرێن و خولیان بۆ بکرێتەوە".

مەحموود حاجی ساڵح، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، باسی گرێبەستەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پۆڵۆنیا دەکات و دەڵێ ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەرداوە "دەینێرینەوە بۆ پۆڵۆنیا بۆ ئەوەی واژۆی بکەن و دواتر ئێمەش واژۆی دەکەین و دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە". بەڵام هەرێمی کوردستان لە قەیرانی داراییدایە، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەڵێ پۆڵۆنییەکان ڕەچاوی دۆخی دارایی حکومەتیان کردووە "هیچ پارەیەکمان لێ وەرناگرن، تەنیا دەیانەوێ ئەو تیمانەی کە دێن لەلایەن ئێمەوە خەرجیی هاتن و مانەوەیان دابین بکرێ و تەواو".

### بەغدا کەلوپەلی قوربانییان ناداتەوە

جگە لە پاشماوە و کەلوپەلی قوربانییەکانی هۆلۆکۆست، هەزاران کەلوپەل و بەڵگەنامە لە مۆزەخانەی نیشتمانیی وارشۆ پارێزراون و نمایش کراون کە تەمەنیان نزیک دەبێتەوە لە دوو سەدە، بەڵام لە باشووری کوردستان ئەو کەلوپەلانەی لە کیمیابارانی هەڵەبجە بەجێماون، یان ئەوانەی لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی عێراق دۆزراونەتەوە و یادگاریی ئەنفالکراوانی کوردن، نەپارێزراون، ئەوانەشی لەبەردەستن مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە. ئەوە جگە لەوەی تاوەکو ئێستا چەندین تۆن کەلوپەلی ئەنفالکراوان لە بەغدا ماونەتەوە.

وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەڵێ: "نزیکەی 500 پارچە کەلوپەلمان هێناوەتەوە، بەڵام ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ماوە و بەغدا ناماندەنەوە". گوتیشی هەر جارێک داوای دەکەین ڕەتیدەکەنەوە ڕادەستمان بکەنەوە و دەڵێن ئەوە بەڵگەنامەی گرنگن و بابەتێکی نیشتمانییە و ئێمە لای خۆمان دەیپارێزین: "بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی بیهێنینەوە بۆ هەرێمی کوردستان".

مەحموودی حاجی ساڵح باسی شێوازی دانان و نمایشکردنی ئەو کەلوپەلانە دەکات و دەیبەستێتەوە بە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لەگەڵ پۆڵۆنییەکان واژۆیان کردووە "دوای ئەوەی دەیهێنینەوە، ئەو شارەزا پۆڵۆنییانە دێنە ئێرە و سەیری شوێنەکانمان دەکەن و بڕیار دەدرێ، چۆن هەڵبگیرێن و چۆن نمایش بکرێنەوە، بەڵام ڕەنگە لە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ هەڵیانبگرین".

## توێژینەوەی پزیشکێکی کورد

# سێ ساڵی دیکە شێرپەنجە هەڕەشە لە نیوەی کوردستان دەکات



پرۆژەی چرۆ بە پشکنینی پێشوەخت بەرەنگاری شێرپەنجە دەبێتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو - هەولێر**

بەپێی توێژینەوەیەک کە لەلایەن پزیشکێکی کوردەوە کراوە، خێرایی تووشبوون بە شێرپەنجە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بۆیە ئەو پزیشکە هۆشداریی دەدات لەوەی ئەگەر پێش بەو نەخۆشییە نەگیرێ، دوای سێ ساڵی دیکە نیوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسیی تووشبووندا دەبن بەو نەخۆشییە.

توێژینەوەکە لەلایەن د.کارزان محەممەد بە هاوکاریی تیمێک لە پزیشکانی ئەمریکی، لە ماوەی دوو ساڵدا لە کوردستان و عێراق کراوە و تایبەت بووە بە ڕێژەی شێرپەنجە لە کوردستان و عێراق و پاشان لە جۆرناڵی زانستی (JAMA oncology) بڵاوکراوەتەوە. دکتۆر کارزان دەڵێت لەو توێژینەوەیەدا ژمارەی ترسناکیان دەستکەوتووە.

لەوبارەوە دەڵێت: "عێراق لەو وڵاتانە نییە کە زۆرترین شێرپەنجەی تێدایە، بەڵام لەو وڵاتانەیە کە شێرپەنجە بە خێرایی تێیدا بڵاودەبێتەوە، بە جۆرێک ئەمساڵ ڕێژەی خێرایی تووشبوون بە شێرپەنجە بەراورد بە ساڵانی نەوەتەکان 35% زیادی کردووە". ئەو توێژەرە هۆشداری دەدات و دەڵێت: "ئەگەر تووشبوون بەو خێراییە بڕوات، لە ساڵی 2020 نیوەی دانیشتووانی عێراق لەبەردەم مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجەدا دەبن".

ئەوەی بەلای ئەو پزیشکەوە لە کوردستان مایەی شۆک بووە، ڕێژەی تووشبوونی ئافرەتە بە نەخۆشییەکە و دەڵێت: "لەماوەی شەش مانگدا ژمارەیەکی زۆر ئافرەت تووشی شێرپەنجە بووبوون، زۆربەیان تووشی شێرنجەی مەمک و شێرپەنجەی منداڵدان بووبوون. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە شۆک بوو، 25%ی ئەو ئافرەتانەی بەو دوو جۆرە شێرپەنجەیە مردوون، سەرەتا شەرمیان کردووە بە کەسوکاریان بڵێن ئازار لە مەمک یان لە منداڵدانیاندا هەیە".

سەبارەت بە زۆرترین جۆری ئەو شێرپەنجەیەی لە کوردستان بڵاوە، د.کارزان دەڵێت: "لەنێو ئافرەتاندا زۆرتر شێرپەنجەی مەمک و منداڵدان، لەنێو پیاوانیش زۆرتر شێرپەنجەی سییەکان بڵاوە".

بە گوتەی ئەو توێژەرە، زۆرترین حاڵەتەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە سلێمانییە، بەڵام تووشبوون بە نەخۆشییەکە لە پارێزگای دهۆک زۆر خێرایە، بە جۆرێک لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا 50% زیادی کردووە".

ئەوەی بەلای ئەو گرووپە توێژەرەوە مایەی مەترسی بووە، جۆرە شێرپەنجەیەک بووە لە نێو منداڵان. د.کارزان دەڵێت "لەنێو منداڵاندا شێرپەنجەی خوێن بڵاوە. 3.8%ی منداڵان تووشبووی ئەو شێرنجەیەن یان مەترسی تووشبوونیان لەسەرە".

لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە ڕێژەی تووشبوون بە شێرپەنجە لە عێراق زیاترە بەراورد بە هەرێمی کوردستان، بەڵام کوردستان وەکو جۆری تایبەت بە نەخۆشییەکە سەرنجڕاکێشترە. د.کارزان دەڵێت "لە شارێکی وەکو سەماوە تێبینیمان کرد زۆرتر شێرپەنجەی پێست لەنێو منداڵان بڵاوە، لە بەغداش زۆرتر شێرپەنجەی قۆڵۆن و گەدە بڵاوە".

لە توێژینەوەکەدا ئاماژە بە هۆکارەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە نەکراوە، د.کارزان لەو بارەیەوە دەڵێت "هۆکار زۆرن بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە، بەڵام لە کوردستان هیچ توێژینەوەیەک لەسەر هۆکاری تووشبوون نییە، ئێمە پێویستمان بە سەنتەرێک هەیە لە کوردستان کە کۆمەڵێک توێژەر کاری تێدا بکەن، بۆ ئەوەی هۆکارە سەرەکییەکەی تووشبوون بە شێرپەنجە دەستنیشان بکەن".

ئێستا د.کارزان و هاوکارەکانی پرۆژەیەکیان بۆ ئەوە لەبەردەستە و سەرقاڵی دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەتن بە دەستنیشانکردنی شێرپەنجە و هۆکارەکانی تووشبوون بەو نەخۆشییە.

د.کارزان گومانی لەو توێژینەوانە هەیە کە لە کوردستان دەکرێن و دەڵێت "زۆربەی ئەو توێژینەوانە هی ئەوە نین پشتیان پێ ببەستی، چونکە لەلایەن دەزگایەکی زانستیی متمانەپێکراووە نییە".

ئەو دەڵێت "لە کوردستان چارەسەری شێرپەنجە بەشێوەی ستوونییە، لە کاتێکدا دەبێ تۆ بەشێوەی ئاسۆیی ڕووبەڕووی ئەو نەخۆشییە ببیتەوە، ئەویش بە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی تووشبوون و پشکنینی پێشگیری لە نەخۆشییەکە".

لە هەرێمی کوردستان ئەو نەخۆشییە تاوەکو ئێستا بە نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراو سەیر دەکرێ، بەڵام ئەو پزیشکە دەڵێت شێرپەنجە چارەسەری هەیە ئەگەر زوو دەستنیشان بکرێ: "زۆر نیشانەی سەرەتایی تووشبوون بە شێرپەنجە لە پلازمای خوێن و تیشک دەدۆزرێتەوە. کە ئەو نیشانانەت دەستنیشان کرد دەتوانی بە چارەسەری کیمیایی بە چەند دانیشتنێک چارەسەری بکەی".

سەبارەت بە چارەسەری کیمیایی کە ئێستا لە کوردستان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکە بەکاردێت، ئەو پزیشکە دەڵێت "بەپێی هەموو ئەو توێژینەوانەی لە جیهاندا کراون، 97%ی بەکارهێنانی دەرزی کیمیایی چارەسەر نییە، ئەگەر زوو نەخۆشییەکە دەستنیشان نەکرێ، بەڵام بە بەردەوام لە کوردستان ئەو دەرمانانە بە نەخۆش دەفرۆشرێن".

بۆ ئەوەی ببیت بە پزیشکی خۆت و پێویستت بە پزیشک نەبێ، ئەو دکتۆرە بە پێویستی دەزانێت کوالێتی ژیانت چاک بکەی لە خواردن و خواردنەوە و هەروەها وەرزشکردن. چونکە وەرزش لە کەشوهەوای کراوە کۆمەڵێکی زۆر لەو خانانەی بەلاڕێدا ڕۆیشتوون، چارەسەر دەکات. هەروەها باری دەروونی، چونکە خراپیی باری دەروونی وا دەکات ئەو خانانەی بەلاڕێدا ڕۆیشتوون، زۆرتر ببن.

د.کارزان بکالۆریۆس و ماستەری لە کوردستان بەدەستهێناوە، دکتۆراشی لە بەریتانیا خوێندووە، تاوەکو ئێستا 23 توێژینەوەی پزیشکی بڵاوکردووەتەوە کە نۆ لە توێژینەوەکانی لە جۆرناڵە زانستییە بەنێوبانگەکانی جیهاندا بڵاوکراونەتەوە. دوایین توێژینەوەشی ئەمساڵ لە جۆرناڵی زانستی (JAMA oncology) بڵاوکراوەتەوە کە دوو ساڵی خایاندووە و ستافێکی گەورەی جیهانی بەشدارییان تێدا کردووە. تێچووی توێژینەوەکە لە کوردستان 22 هەزار دۆلار بووە، بەڵام توێژینەوەکە بەگشتی نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری تێچووە و بیل گەیتس، خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت فەندی کردووە.

### پرۆژەی چرۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە

د.کارزان محەممەد، پسپۆڕ لە بواری توێژینەوە لە شێرپەنجە دەڵێت، بەنیازی دامەزراندنی سەنتەرێکن بۆ پشکنینی پێشوەختە و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە. زانکۆی ئیشق بۆ ئەو مەبەستە باڵەخانەی بۆ دابینکردوون و ئێستاش لەڕێی پرۆژەیەکەوە بەناوی پرۆژەی چرۆ، هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کۆمەکیان بۆ دامەزراندنی سەنتەرەکە دەستپێکردووە. تێچووی سەنتەرەکە نزیکەی 1.5 ملیۆن دۆلارە و تۆڕی میدیایی ڕووداو سپۆنسەری میدیایی پرۆژەکەیە.

د.کارزان دەڵێت "تاوەکو ئێستا 500 کەس ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ دامەزراندنی سەنتەرەکە بکەن. هەموو کەسێکیش دەتوانێ کۆمەکی ئەو سەنتەرە بکات، ئەگەر بە بەخشینی 250 دیناریش بێ".

گوتیشی: "کۆنسێرتی زۆر گەورە و یاریی دۆستانە ڕێکدەخەین بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ دامەزراندنی سەنتەرەکە".

ئەگەر ئەو سەنتەرە دابمەزرێ، د.کارزان دەڵێت "پێویستە هەر کەسێک ساڵانە لانیکەم دووجار پشکنینی پێشوەختە بۆ شێرپەنجە بکات. ئێمە دەتوانین ڕۆژانە بەبێ بەرامبەر ئەو پشکنینە بۆ 500 کەس بکەین".

## "دوژمنێکی شیرینە"

# واز لە شەکر بهێنی چی ڕوودەدات؟

**ڕووداو - NHS**

دەزگای نەتەوەیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە بەریتانیا (NHS) داوا لە بەریتانییەکان دەکات خواردنی شەکر کەم بکەنەوە، چونکە کەمکردنەوەی شەکر لە خۆراکی ڕۆژانەدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تەندروستی دەبێت.

دامەزراوە بەریتانییەکە لە ڕاگەیێنراوێکدا نیگەرانی دەردەبڕێت لە بڕی شەکری وەرگیراو لە ڕۆژێکدا کە بەپێی داتاکانی ئەوان بەریتانییەکان ڕۆژانە سێ ئەوەندەی بڕی ڕێگەپێدراو شەکر دەخۆن.

NHS دەڵێت: "هەر بەریتانییەک هەفتانە 140 کەوچکەچا شەکر دەخوات، ئەمەش لەداهاتوودا تووشی چەندین کێشەی دەکات".

NHS بۆ هاندانی بەریتانییەکان چەند سوودێکی وازهێنان لە خواردنی شەکر دەخاتەڕوو، لەوانە:

### کێش دادەبەزێنی

NHS گوتەی پرۆفیسۆر ناڤید ساتا، لە زانکۆی گلاسکۆ بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: "وەرگرتنی بڕی ئاسایی شەکر لە ڕۆژێکدا پێویستە، بەڵام لە بڕی ڕێگەپێدراو زیاتر دەتکاتە قەڵەوێکی هەمیشە نەخۆش". دەزگا بەریتانییەکە دەڵێت ئەو مەترسییەی لە شەکردا هەیە، ئەگەر بیزانیت، ئەوا تامە شیرینەکەی لەنێو دەمتدا دەبێتە تامێکی تاڵ.

### دڵت کاراتر دەبێت

توێژینەوەیەکی پزیشکانی ئەمەریکی لەساڵی 2014 دەریخستبوو خواردنی ڕۆژانەی سێ کێکی شیرین مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ بەخێرایی بەرز دەکاتەوە. NHS دەڵێت کێشەکە لەوەدایە کە شەکری نێو خۆراکەکان نادیارە و بە بێدەنگی دەچێتە نێو جەستەوە، ئەمەش مەترسییەکە چەند هێندە دەکات. دەزگای نەتەوەیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە بەریتانیا شەکر بە "دوژمنێکی سەرسەختی دڵ" ناودەبات.



### بێتاقەتی لەناکاوت نامێنێ

NHS دەڵێت ئەگەر لەو کەسانە بیت کە بەردەوام خۆراکە شیرینەکان دەخۆیت، بە دڵنیاییەوە دابەزینی ئاستی شەکریش لە خوێنتدا خێراترە، ئەمەش زیاتر تووشی داهێزرانی لەش و بێهێزیت دەکات، ئەگەر دەست لە شەکر و خۆراکە شیرینەکان هەڵگری، لەو کاریگەرییە لاوەکییەی "دوژمنە سپییەکە"ش بەدوور دەبی، چونکە ئیدی ڕێژەی شەکر لە خوێنتدا هەڵبەز و دابەز ناکات.

### لە شێرپەنجە بەدوور دەبی

دەزگا بەریتانییەکە بە پشتبەستن بە سەنتەری بەریتانی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە دەڵێت ئەگەر خواردنی بڕی زۆری شەکر و شیرینی هۆکارێکی سەرەکیی تووشبوون بە قەڵەوی بێت، قەڵەویش مەترسیی تووشبوون بە 13 جۆری شێرپەنجە زیاد دەکات، لەکاتێکدا کە شەکر لەنێو خەڵکیدا بە هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجە نەناسراوە.

### ددانەکانت پتەوتر دەبن

NHS بە بیری هەمووانی دێنێتەوە کە شەکر ددانەکان وێران دەکات، لە بەریتانییەکان دەپرسێت:

"لە خوێندنی سەرەتاییەوە فێربوون کە شەکر ددانەکان تێکدەدات، بۆچی وازی لێ ناهێنن؟".

دەزگای نەتەوەیی خزمەتگوزاریی تەندروستی داوا دەکات مەترسییەکانی شەکر وردتر بخرێنە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە، تاوەکوو خەڵکی لێی دووربکەونەوە.

### بیرکردنەوەت باشتر دەبێت

د.سارا بریوەر، پسپۆڕی خۆراکی دروست دەڵێت: "خانەکانی مێشک پێویستیان بە شەکر هەیە بۆ کارکردن، بەڵام ئەگەر شەکرەکە لە بڕی ئاسایی تێپەڕی، کارکردنی مێشک هێواش دەکاتەوە".

سارا ئەمە بە هۆکاری بیرتەپیی ئەو کەسانە دەزانێت کە بەردەوام شیرینی دەخۆن.

### بەرگریی جەستە بەهێز دەبێت

خواردنی شەکری زۆر، ئەو خانە جەنگاوەرانەی سیستمی بەرگریی جەستە خاو دەکاتەوە کە هێرش دەکەنە سەر بەکتریاکان. NHS دەڵێت بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی جەستەتان، واز لە شەکر بهێنن.

# قەڵەوی هەڕەشە لە سێیەکی جیهان دەکات

**ڕووداو - ئاژانسەکان**

سەنتەری هەڵسەنگاندنی پێوەرە تەندروستییەکانی سەر بە زانکۆی واشنتن ڕایدەگەیەنێت، زۆرینەی ئەوانەی بە هۆکارێکی پەیوەست بە کێشی زیاد دەمرن، کێشی خۆیان بە زیاد نەزانیوە و هەستیان پێ نەکردووە.



د.کریستۆفەر مورێی، توێژەر و سەرۆکی سەنتەرە ئەمەریکییەکە دەڵێت، چوار ملیۆن حاڵەتی مردن لە ساڵی 2015 کە بە هۆکارێکی پەیوەست بە قەڵەوییەوە تۆمارکراون، 40%یان وەک قەڵەو دەستنیشان نەکراون.

توێژینەوەکە داتای 35 ساڵی کۆکردووەتەوە لە ماوەی نێوان 1980 تاوەکو 2015 و دەریدەخات لەو ماوەیەدا زیاتر لە 2 ملیار کەس لە 195 دەوڵەتی دنیا بەهۆکارێکی پەیوەست بە قەڵەوی باری تەندروستییان تێکچووە، بەڵام نە خۆیان بە قەڵەو زانیوە و نە پزیشکانیش لە قەڵەوییەکەیان ئاگاداریان کردوونەتەوە.

کریستۆفەر داوا دەکات پێداچوونەوە بە یاسای هاوکۆلکەی بارستایی جەستە BMI بکرێت، بەو پێیەی 30%ی دانیشتووانی زەوی خستووەتە دەرەوەی بازنەی قەڵەوی، لەکاتێکدا قەڵەوی هۆکاری ناتەندروستبوونیانە.

بەپێی ڕێسا پزیشکییە پەیڕەوکراوەکان، هاوکۆلکەی بارستایی جەستە بە هاوکێشەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئاستی ئاسایی کێشی مرۆڤ، بەڵام پسپۆڕەکەی زانکۆی واشنتن داوا دەکات چیدی BMI نەکرێتە پێوەر بۆ قەڵەوی.

# دەرمانێکی نوێ ئەسمەرت دەکات



**ڕووداو - ئاژانسەکان**

گۆڤاری زانستیی cell reports لە دوا ژمارەیدا بەرهەمهێنانی دەرمانێکی نوێی ڕاگەیاند کە لە توانایدایە "کاراتر و سەلامەتتر" لە تیشکی خۆر پێستت ئەسمەر بکات.

د.دەیڤید فیشەر، توێژەر و پسپۆڕی دەرمان لە نەخۆشخانەی گشتیی ماساشوستس لە ئەمەریکا دەڵێت چیدیکە پێویست ناکات بۆ خۆئەسمەرکردن خەڵکی بچنە بەر هەتاو لە کەنار دەریاکان، دەرمانە نوێیەکە ئەو کارەی بۆ ئاسان کردوون.

دەیڤید دەڵێت تیشکی خۆر بە تێکشکاندنی خانەکان، پێست تاریک دەکات و کەسەکە ئەسمەر دەردەکەوێت، بەڵام دەرمانەکەی ئەوان میلانینی ڕاستەقینە بەرهەمدەهێنێ کە هۆکاری سەرەکیی تۆخبوونی ڕەنگی پێستە.

ماتیۆ گاس، ئەندامی کۆمەڵەی پزیشکانی پێست لە بەریتانیا دەڵێ توێژینەوەکە دڵخۆشکەرە، چونکە ڕێگرییەکی باش دەبێت لە تووشبوونی گەنجان بە شێرپەنجەی پێست کە بەهۆی زۆر خۆدانە بەر خۆر تووشی دەبن.

ماتیۆ توێژینەوەکە بە "پێشکەوتنێکی ناوازە" دەزانێت و ڕوونیدەکاتەوە "هەر هەوڵێک شێرپەنجەی پێست کەم بکاتەوە، دەبێت بە گەرمی پشتگیریی بکەین".

دەیڤید فیشەر دەڵێ یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوە بە گەنجی، پێستە، بەڵام هەتاو پێست پیر دەکات، بۆیە کاتێک جێگرەوەی هەتاومان دەستدەکەوێت، مانای وایە ماوەی مانەوەی مرۆڤ بە گەنجێتی، درێژتر دەکەینەوە.

### لە قاعیدە دەوڵەمەندترە

# بودجەی ساڵانەی داعش دوو ملیار دۆلار بووە

**ڕووداو– هەولێر**

دۆخی دارایی گرووپە تیرۆریستەکان یەکێکە لەو پرسە سەرەکییانەی کە حکومەتەکان لە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا پێوەی سەرقاڵن. ئەو پرسە دوو تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێ، یەکەمیان: سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوەکانە و، دووەمیان: چۆنێتی گواستنەوەی پارەیە.

سەرەڕای ئەو هەڵمەتە نێودەوڵەتییەی لەدژی تیرۆر هەیە، کەچی باری دارایی ڕێکخراوە توندئاژۆکان هەمیشە باشە!

بودجەی ساڵانەی ڕێکخراوی قاعیدە پێش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر 30 ملیۆن دۆلار بووە، کەچی بودجەی داعش لەساڵی 2015 دا نزیکەی دوو ملیار دۆلار بووە!



زیانی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لە ئابووریی ئەمریکا 3.3 ترلیۆن دۆلار بووە

## سەرچاوەکانی پارە

دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بەشێکی سەرەکییە لە کاری ڕێکخراوە تیرۆریستەکان. بەپێی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا (CNAS)، سەرچاوە سەرەکییەکانی پەیداکردنی پارەی ڕێکخراوە توندئاژۆکان بریتییە لە: بە بارمتەگرتن، قاچاخی مادە هۆشبەرەکان، یارمەتی و بەخشینی پارە یان بەزۆر وەرگرتنی پارە لە خەڵک، سەرچاوە سروشتییەکان، دەستگرتن بەسەر بانکەکاندا و یارمەتیی دەوڵەتان.

**بارمتە:** بەپێی ڕاپۆرتەکەی (CNAS)، لە نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2014، گرووپە توندڕەوەکان 165 ملیۆن دۆلاریان لەو ڕێگەیەوە دەستکەوتووە کە 120 ملیۆن دۆلاری بۆ قاعیدە و لقەکانی بووە. داعش تەنیا لە ساڵی 2014دا نزیکەی 45 ملیۆن دۆلاری لەو ڕێگەیەوە دەستکەوتووە.

**قاچاخی مادە هۆشبەرەکان:** یەکێک لە سەرچاوە هەرە باوەکانی گرووپە تیرۆریستەکانە. لە ساڵی 2013دا هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC) زیاتر لە 60%ی قاچاخی مادە هۆشبەرەکانی ئەو وڵاتەی لەدەست بووە، لەو ڕێگەیەشەوە ساڵانە یەک ملیار دۆلاریان دەستکەوتووە. بزووتنەوەی تاڵیبانیش لە ساڵانی 2011 و 2012 نزیکەی 100 ملیۆن دۆلاریان لەڕێگەی چاندن و قاچاخی مادە هۆشبەرەکانەوە دەستکەوتووە.

**دەوڵەتە پشتیوانەکان:** هەندێک دەوڵەت یارمەتی دارایی ئەو گرووپانە دەدەن کە لە وڵاتانی دیکە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکەن. ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە ئاماژە بە ئێران دەکات کە هاریکارییەکی بەرفراوانی دارایی پێشکەش بە ژمارەیەک گرووپی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات. ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "ئێران جگە لەوەی ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ حیزبوڵڵای لوبنانی دەنێرێ، بڕێکی زۆریش چەک و تەقەمەنی و مەشقی سەربازی و پارە بۆ حەماس، جیهادی ئیسلامیی فەڵەستین و بەرەی گەل بۆ ڕزگاریی فەڵەستین دەنێرێ"، کە هەموویان لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان.

**یارمەتی خۆبەخشانەی تاکەکەسەکان:** ئەم جۆرە یارمەتییە لەلایەن دەوڵەمەندەکانی لایەنگری گرووپەکان، ڕێکخراوە هاوڕێبازەکانەوە پێشکەش دەکرێن.

**دەستگرتن بەسەر ناوەندە داراییەکاندا:** بەپێی مەزندەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، داعش لە ساڵی 2014دا لە کاتی گرتنی بانکەکان لە عێراق و سووریا، 500 ملیۆن دۆلاری دەستکەوتووە.

**سەرچاوە سروشتییەکان و شوێنەوارەکان:** بریتین لە نەوت، غازی سروشتی، ئەڵماس، کانزاکان و خەڵووز. ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نیوەی داهاتی داعش لە 2015دا لەڕێی دەرهێنانی نەوت لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە سووریا و عێراق بووە. ڕێکخراوی ئەلشەباب زۆرینەی داهاتی خۆی لەڕێی بازرگانی بە خەڵووزەوە دەستدەکەوێ.

**وەرگرتنی پارە لە خەڵک:** پارەکە لەژێر ناوی (زەکات) وەردەگیرێ. بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، داعش لە 2015 دا نزیکەی 350 ملیۆن دۆلاری لە خەڵکی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی وەرگرتووە. ئەو پارەیەش لە باجی سەر بازرگانەکان، پارەی خزمەتگوزاری و گومرکی سەر ئەو کاڵایانەی بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودا دەگوازرانەوە، لە خەڵک و بازرگانەکان وەرگیراوە.

**گواستنەوەی پارەی تیرۆر:**

بەپێی ڕاپۆرتێکی دەستەی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە (FATF)، دراوی دیجیتاڵی، کارتی بانکی، بانکە ئینتەرنێتییەکان ڕێگەیەکی باون کە ڕێکخراوە تیرۆریستەکان بۆ کاروباری دارایی خۆیان بەکاریدەهێنن. بۆ نموونە هێرشبەرانی 11ی سێپتەمبەر بۆ گواستنەوەی پارە بانکەکانی ئەمریکایان بەکارهێنابوو. پێش ئەو هێرشانە قاعیدە زیاتر پشتی بە میکانیزمی (حەواڵە) دەبەست. بەڵام دوای هێرشەکانی 2001، ئەمریکا زۆربەی تۆڕەکانی حەواڵەی پارەی قاعیدەی تێکدا، بۆیە قاعیدە ڕووی لە گواستنەوەی پارە لە ڕێی کەسانی جێی متمانە کرد.

## خەرجیی هێرشەکان

ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان زۆربەی داهاتەکەیان بۆ خەرجیی هێرش و شەڕەکانیان بەکاردەهێنن، بەڵام خەرجیی هێرشەکان بەپێی قەبارە و بایەخیان دەگۆڕێن. بۆ نموونە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر نزیکەی 500 هەزار دۆلاری تێچوو، لەو بڕە پارەیە 270 هەزار دۆلاری لە ئەمریکا خەرجکرابوو، بەڵام هێرشەکەی 2015ی سان بێرناردینۆی ئەمریکا تەنیا 4500 دۆلاری بۆ چەک، کەلوپەلەکان، بۆمب و گواستنەوە تێچووبوو. هێرشەکانی 2015ی پاریس 10 هەزار دۆلاریان تێچووە.

## زیانی هێرشەکان

زیانی هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر ئابووریی وڵاتان زۆر زیاترە لەو پارەیەی ڕێکخراوەکان لە هێرشەکەدا خەرجی دەکەن. بۆ نموونە زیانی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لە ئابووریی ئەمریکا 3.3 ترلیۆن دۆلار بووە. واتە بۆ هەر دۆلارێک کە قاعیدە لەو هێرشانە خەرجی کردوون، ئەمریکا حەوت ملیۆن دۆلار زیان بەر ئابوورییەکەی کەوتووە. هێرشەکانی پاریس 1.2 ملیار دۆلار زیانیان لە ئابووریی فەرەنسا داوە. واتە بۆ هەر دۆلارێک کە داعش لە هێرشەکەی پاریسی خەرجی کردووە، 210 هەزار دۆلار زیان بەر ئابووریی فەرەنسا کەوتووە.

## بەرەنگاربوونەوە

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (CNAS) ژمارەیەک ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی سەرچاوە داراییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان وشک بکرێن یان ڕێگە لە گواستنەوەی پارەیان بگیرێت. لەوانە ڕێگەی دیپلۆماتیک، ڕێگەی دارایی و ڕێگەی سەربازی.

ڕێگەی دیپلۆماتیک: بەجیهانیکردنی ئابووریی وڵاتان و سیستەمی بانکەکان وا دەخوازێ بۆ دۆزینەوە و بلۆککردنی پارەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هاوکارییەکی نزیک لە نێوان وڵاتاندا هەبێت. وەکوو بەشێک لەو هەوڵانە، ئیدارەی پێشووی ئەمریکا دەستەی (CIFG)ی پێکهێنا کە لە نوێنەری 35 وڵات پێکدێ و کار بۆ دۆزینەوە و بلۆککردنی پارەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکات.

ڕاپۆرتەکەی (CNAS)دەڵێت حکومەتی ئەمریکا بۆ ڕێگەگرتن لە بازرگانیی نەوتی داعش هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات، بۆ ئەوەی نەهێڵن داعش نەوت ئاویودی سنوورەکان بکات. ئەمریکا داوای لە وڵاتانی ئەورووپیش کردووە بەهیچ شێوەیەک پارەی ئازادکردنی بارمتەکان نەدەن.

ڕێگە داراییەکان: بەشێک لەو میکانیزمە شەفافکردنەوەی زیاتری کارکردنی بانکەکان و حکومەتەکان لەخۆدەگرێ. بۆ ئەو مەبەستە دەستەی (FATF) کۆمەڵێک پێوەری داناوە کە گرنگترینیان "ناسینەوەی موشتەری و بەکارهێنەر"ە.

بەشێکی دیکە لەو هەنگاوە دەرکردنی بڕیار لە دژی سەرچاوە داراییەکانی ڕێکخراوەکانە، بۆ نموونە ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕ لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر فەرمانی ژمارە 13224ی دەرکرد و لە ساڵی 20101ەوە لەژێر ئەو فەرمانە 900 کەس ناویان خراوەتە لیستی ئەو کەسانەی داراییان لە بانکەکانی جیهاندا بلۆک بکرێ. لەو ژمارەیە زیاتر لە 360 کەسیان لەگەڵ قاعیدە، داعش و حیزبوڵڵای لوبنانن.

## ڕێگەی سەربازی:

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا، ئەم ڕێگەیە کاریگەرترین بووە بۆ لەناوبردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش. لە چوارچێوەی ئەو هەنگاوەدا 20 گەنجینەی پارەی داعش بۆردومان کراون کە سەتان ملیۆن دۆلاریان تێدا بووە. هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان پیشەسازیی نەوتی داعشیان کردووەتە ئامانج کە کێڵگەکان، پاڵاوگەکان و تانکەر لەخۆدەگرێ. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی نەوتی داعش بە ڕێژەی 30% کەمی کردووە. لە مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردوو ئەمریکا 168 تانکەری نەوتی داعشی تێکشاند و بەو هۆیەوە داعش دوو ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوت.




# داعش تەمەنی هێرشبەرەکانی دەگۆڕێت

## لە ئابی 2016 هەتا نیسانی ئەمساڵ 27 کەسی تەمەن سەرووی 60 ساڵ خۆیان تەقاندووەتەوە

**ڕووداو– هەولێر**

ڕۆژی 22ی ئادار، خالد مەسعود لەلای پردی وێست مینیستەر لە نزیک پەرلەمانی بەریتانیا، هێرشی کردە سەر ئەو خەڵکەی لەسەر پردەکە پیاسەیان دەکرد، دواتر پۆلیسێکی دایە بەر چەقۆ. بۆ ڕۆژی دوایی داعش ڕایگەیاند کە خالد مەسعود ئەندامی ئەوان بووە. خاڵی سەرنجڕاکێش بۆ دەزگاکانی ئەمنیی بەریتانیا تەمەنی هێرشبەرەکە بوو. مەسعود تەمەنی 52 ساڵە، بۆیە دەزگا ئەمنییەکانی بەریتانیا بە هێرشبەرێکی ناوازەی داعش ناوی دەبەن، چونکە تەمەنی ئەو 25 ساڵ لە تێکڕای تەمەنی هێرشبەرە باوەکانی داعش لە ئەمریکا زیاتر بوو.

لەڕووی مێژوویەوە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ کاری خۆکوژی پشتیان بە ئەندامە گەنجەکانی خۆیان بەستووە، بەڵام داعش لە دوو ڕووەوە ئەو نەریتەی گۆڕیوە، لەلایەکەوە خۆکوژی مێرمنداڵی بەرهەمهێناوە و لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی زۆر کەسانی بەساڵاچووی وەکوو خۆکوژ و شەڕکەر بەکارهێناوە.

بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ئەمریکا (Counter Terrorism Center)، تەمەنی هێرشبەرەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە نێوان 20 بۆ 25 ساڵ بووە، تەمەنی سەرکردەی گرووپەکانیش 25 بۆ 40 ساڵ بووە. زۆربەی بەدواداچوونەکان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، لە پۆلێنکردنی چەکدار و خۆکوژەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان جەختیان کردووەتە سەر سێ خاڵ کە بریتین لەوەی "گەنج بێ، تەمەنی لە نێوان–22 24 ساڵ بێ و سەڵتیش بێ".

ئوسامە بنلادن، سەرکردەی کوژراوی قاعیدە، لە کاتی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەردا 40 ساڵ بووە. ئەبو موسعەب زەرقاوی، سەرکردەی لقی عێراق و شامی قاعیدە، لە کاتی کوژرانیدا 40 ساڵ بووە. بەڵام داعش، بە تایبەتی لە چەند مانگی ڕابردوودا، خەریکە گۆڕانکارییەکی گەورە لەو نەریتەدا دەکات. ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەبووە کە چەکدارە گەنج و سەڵتەکان لەگەڵ ئەوەی هێزێکی جەستەیی باشتریان بۆ ئەنجامدانی هێرش هەیە، لە پاش کوژرانیشیان هیچ بارگرانییەکی وەکوو هاوژین و منداڵ بەسەر ڕێکخراوەکەدا جێناهێڵن.

ڕاپۆرتەکەی (CTC) ئاشکرای دەکات، یەکەم نموونەی چەکداری بەساڵاچووی داعش شێخ ئەبو عەلی ئەلئەنباری بووە کە لە ئاداری 2016 هەواڵی کوژرانی لەلایەن پێنتاگۆنەوە بڵاوکرایەوە و چەند مانگێک دواتر بابەتێک لەسەر ئەنباری لە گۆڤاری (ئەلنەبا) بڵاوکرایەوە. ئەنباری یەکێک بوو لەوانەی لەناو داعشدا وەکوو شوێنگرەوەی ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی داعش، سەیر دەکرا، بەڵام لە هێرشێکی ئاسمانیدا لەسەر سنووری نێوان سووریا و عێراق کوژرا. لە دوای کوژرانی ئەلئەنباری، تەمەن 59 ساڵ، داعش زیاتر لە جاران پشتی بە چەکدارە بەتەمەنەکان بەستووە، بە تایبەتیش بۆ هێرشە خۆکوژییەکان.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لە ئابی 2016 هەتا سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ 27 چەکداری داعشی تەمەن سەرووی 60 ساڵ خۆیان تەقاندووەتەوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت ئەو ژمارەیە تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە داعش لەلایەن خۆیەوە پشتڕاستی کردوونەتەوە.

15 لەو خۆکوژانە کە دەکاتە (55%)، لە مووسڵ خۆیان تەقاندووەتەوە. پێنجیان (18%) لە حەلەب. سێ کەسیان لە ڕۆژئاوای شرگات و یەک چەکداریش لە بەرەکە. لەو 27 کەسە خۆکوژە 14یان واتە (52%) عێراقی بوون. چواریان سووری. دوویان دیار نییە سوورین یان عێراقی و بە ئەنساری ناسراون. دوویان میسرین، دوویان ئوردنین. هەریەک لە تاجیکستان و کازاخستانیش یەک خۆکوژی بەساڵاچوویان هەبووە. دوو لە خۆکوژە بەساڵاچووەکانیش دیار نییە خەڵکی چ وڵاتێک بوون.

لەو 27 کەسە 16یان لە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراودا کوژراون، سێ کەسیان پشتێنی بۆمبڕێژکراویان هەبووە، یەک کەسیان دەستڕێژی کردووەتە سەر بنکەیەک و دواتر خۆی کوشتووە. دوو کەسیان چەکدار بوون، یەک کەسیان لە هێرشی ئاسمانیدا کوژراوە و چوار کەسیشیان دیار نییە بە چی کوژراون.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ، داعش زیاتر لە جاران پشتی بە خۆکوژ و چەکدارە بەساڵاچووەکان بەستووە کە بەشێکیان بە کردەوە لە هێرشەکاندا بەشدارن. بەشێکیشیان لە ڤیدیۆ پڕوپاگەندەییەکاندا لە پاڵ منداڵ و مێرمنداڵە خۆکوژەکان دەردەکەون. ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە داعش بە بەرنامە کەسانی بەساڵاچوو بەکاردەهێنێ.

ئەوان بەدووری نازانن یەکێک لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی بەساڵاچووەکان ئەوە بێ کە داعش پێویستی بە خۆکوژ بێ، لەبەر ئەوەی لە شەڕی مووسڵدا ژمارەیەکی زۆر چەکداری لێ کوژراوە، بە تایبەتیش لەڕووی ژمارەی خۆکوژە گەنجەکانەوە تووشی کەموکورتی بووبێ. بە گوتەی فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا، لە شەڕی مووسڵدا زیاتر لە 2000 چەکداری داعش کوژراون کە ژمارەیەکی زۆریان خۆکوژ بوون.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت ڕەنگە کەمبوونەوەی چەکدارە گەنجەکان وای کردبێ داعش پەنا بۆ بەساڵاچوو بەرێ، بۆ ئەوەی گەنجەکان لە شەڕە کۆڵانییەکاندا بەشدار بن و بەساڵاچووەکانیش کە توانای ئەو جۆرە شەڕانەیان نییە، وەکوو خۆکوژ بەکاربهێنرێن.

ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەمریکا پێشبینی دەکات داعش لە دوای لەدەستدانی هەموو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی، لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بێ کە بەهۆی فراوانبوونەوەی جیاوازی تەمەنی چەکدار و خۆکوژەکان لە منداڵی 10 ساڵانەوە بۆ پیاوی 70 ساڵان، ژمارەی چەکدار و خۆکوژەکانی بەرز بکاتەوە.



ڕەنگە کەمبوونەوەی چەکدارە گەنجەکان وای کردبێ داعش پەنا بۆ بەساڵاچوو بەرێ



# دوایین رۆژەکانی سەدام لە زاری پاسەوانە ئەمریکییەکانەوە



## لە زیندان داوای فیلمی ئازاری مەسیحی کردبوو

## بەردەوام گوێی لە رادیۆ کۆنەکەی دەگرت

**رووداو – هەولێر**

هاوینـی 2006، تیمێکی پۆلیسـی سـەربازیی ئەمریـکا رەوانەی عێراق کران، بڕیار بوو ئەو تیمە لە پاڵ سـەربازانی سـوپای عێراق شەڕی نێوخۆی عێـراق کۆنترۆڵ بکەن. بـەڵام دوای چەند مانگێک ئەرکەکەیـان گـۆڕا و بوون بە پاسـەوانی سـەدام حوسێن کە ئەوکات بەناوبانگترین بەندکراوی جیهان بوو. چیرۆکی دوایین رۆژەکانی سـەدام لەگەڵ ئەو پاسەوانە ئەمریکییانە بابەتی کتێبێکە بەناونیشانی "بەندکراوێـک لـە کۆشـکەکەی خۆیـدا" کـە ویڵ باردن وێرپەر نووسـیویەتی و بەشێکی لە گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمریکیدا بڵاوبووەتەوە.

تیمەکـە بە (تیمی سـوپەر 12) دەناسـرا و فەرمانیـان پێکرابـوو بەهیچ شـێوەیەک باسـی ئـەو ئەرکـە نوێیەی خۆیـان نەکـەن، تەنانەت خێزانەکانیشـیان نەدەبـوو هیـچ لەوبارەیـەوە بزانـن، خۆیان و ئیمەیڵەکانیـان بەردەوام لەژێر چاودێریدا بوو.

ئـەوکات سـەدام و هاوەڵەکانـی لـە ژێرزەمینی باڵەخانەی دادگای بـاڵای تاوانەکانی عێراقدا بوون. ئەرکی تیمەکەش ئەوە بوو بەردەوام چاویان بەسەر سەدامەوە بێ بۆ ئەوەی شتێک لە خۆی نەکات، یان کەسێک شتێکی لێنەکات. دیواری زیندانەکەی سەدام نیوەی خشـت و نیوەکەی دیکەی شووشـە بوو، بۆ ئەوەی پاسەوانەکان بتوانن لەودیوەوە سەدام ببینن.

ئـەوکات سـەدام و حـەوت بەرپرسـی دیکـەی رژێمی بەعس لەسەر کوشتارەکەی دوجەیل دادگایی دەکـران. سـەدام و حـەوت بەرپرسـەکە تۆمەتبار بوون بەوەی فەرمانی کوشتنی 148 کەسی خەڵکی دوجەیلیـان دەرکـردووە. سـەدام لە سـاڵی 1982 سـەردانی شـارۆچکەی زۆرینـە شـیعەی دوجەیلی کردبـوو، ئەوکات حکومەتی بەعس رایگەیاندبوو کە لە کاتی سەفەرەکەدا هەوڵی کوشتنی سەدام دراوە.

بەشـی زۆری بەسـەرهاتەکان لـە گۆشـەنیگای کەسێکەوە بەناوی (ستیڤ هاچینسن) دەگێڕدرێتەوە کە لە کتێبەکەدا بە شارەزا ناوی هاتووە و سەرکردەی (تیمی سـوپەر 12) بووە. بەگوێرەی نووسـەرەکە، دەنگۆیەک هەبووە کە گرووپە چەکدارەکان سـەدام حوسـێن لە زینـدان بڕفێنـن، جیا لەمـە دەبووایە ئاگایـان لەوەش بێ کە نەوەک سـەربازێکی عێراقی بۆ تۆڵەسەندنەوە یان بۆ ناوبانگ، سەدام بکوژێت.

بەگوێـرەی گێڕانـەوەی نووسـەری کتێبەکـە، هاچینسـن و تیمەکەی ئـاگادار کرابوونـەوە بەهیچ شێوەیەک خۆیان تووشـی دەمەقاڵێ لەگەڵ سەدام و دەوروبەرەکەی نەکەن. بەڵام هەرکام لە ئەندامانی ئـەو تیمـە دەبووایـە رۆژانە لانیکەم هەشـت کاژێر چـاوی بەسـەر سـەدامەوە بـێ. هەر ئـەوەش وای کردبـوو جۆرێک لـە پەیوەندی لە نێوان پاسـەوانە ئەمریکییەکان و سـەدام دروسـت ببێت، هەرچەندە هاچینسن دەیزانی "ئەو بەندکراوە بۆ گاڵتە نابێ".

## لەسەر مۆمێک شیعرێکی بۆ کچەکەی هەڵکۆڵی و بۆی نارد

## بەر لەوەی بچێتە دادگا گژوگیاکانی ئاو دەدا

وەکـوو نووسـەری کتێبەکـە باسـی دەکات، ئەمریکییـەکان نەیاندەویسـت بەهیـچ شـێوەیەک مامەڵەی خراپ لەگەڵ سەدامدا بکرێ، لەبەر ئەوەی دەیانزانـی مامەڵەی چاک لەگەڵ سـەدام کاریگەری لەسـەر دانیشـتنەکانی دادگاش دەبێ. بۆیە داوا لە ئەندامانـی تیمەکـە کرابـوو ئەوەی پێیـان دەکرێ بیکەن بۆ ئەوەی "سەدام سەلامەت و دڵخۆش بێ". بەڵام تێپەڕینی کات و پێکەوەبوونی بەردەوام ئەو و سەدامی لەیەک نزیکتر کردبووەوە.

سـەرەتا پەیوەندییەکانی سـەدام و هاچینسـن لـە رێگـەی وەرگێڕێکـەوە بـووە بە نـاوی جۆرێف کـە هەندێکجـار پێکەوە سیگاریشـیان کێشـابوو، بـەڵام پاش چەند دەمەتەقێیـەک، بۆی دەردەکەوێ ئینگلیزییەکەی سەدام زۆر باشە. هەرچەندە پێشتر پێیانگوترابـوو کە سـەدام لە هەندێـک حاڵەتدا بە بەرنامە ئینگلیزی قسە دەکات.

ئەوەی هاچینسنی تووشی سەرسوڕمان کردبوو، ئەوە بوو کە سـەدام "کەسێکی لەسـەرخۆ بوو. لە کەسـێک نەدەچـوو کە دادگایـی کرابـێ و بڕیاری لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچووبێ". بەپێـی گێڕانەوەی نووسـەرەکە، سەدام بە شـتی زۆر بچووک دڵخۆش دەبوو، لەوانەش کێشانی سیگار کە بە گوتەی خۆی فیدڵ کاسترۆ، سەرۆکی پێشووی کوبا فێری کردبوو.

یەکێـک لـە سـەرقاڵییە رۆژانەکانـی سـەدام گوێگرتن لە رادیۆ کۆنەکەی خۆی بووە. بەرپرسانی گرتووخانەکە پێشـنیازی ئامێرێکـی (دی ڤی دی) شـیان بۆ کردبوو، بەڵام سەدام رادیۆ کۆنەکەی پێ باشتر بووە. بەگوێرەی پاسەوانەکان، سەدام زۆربەی جاران گوێی لـە کەناڵە عەرەبییەکان و کەناڵەکانی مۆسیقای پۆپی ئەمریکا دەگرت، بەتایبەتیش مەری جەی. بلایج. هەندێکجاریش سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبێک بووە کە هەمیشـە لەسەر مێزەکەی بووە و پێدەچـێ کتێبێک بووبێ لەبارەی خۆی یان مێژووی دەسەڵاتدارێتی خۆی.

وەکوو لـە کتێبەکەدا هاتـووە، جارێک لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا، سەدام چاوی بە وێنەیەکی سەردەمی قوتابخانە کەوتبوو. وێنەکەی پێشانی دوو پاسەوانە ئەمریکییەکە دابوو و گوتبووی "لە سەردەی گەنجێتیمدا، بەرێوەبەری مەکتەبەکەمان دەریکردم". ئـەم بڕیـارە مامی سـەدامی (کە سـەدامی بەخێو دەکرد) توورە کردبوو، بۆیە دەڵێت: "مامم کە ئەمەی بیست، تفەنگێکی دامێ و گوتی برۆ هەتا دڵنیا نەبی کە رێگە دەدەن بگەڕێیتەوە قوتابخانە مەیەوە".

سـەدام فـرەی لـە چایەکەی هێنـا، مژێکی لە سـیگارەکەی دا، پاڵی بە دیوارەکەوە دا و بزەیەکی بۆ پاسەوانەکان کرد. پاسەوانەکان خۆیان دەبووایە بزانن بەرێوەبەری قوتابخانەکە چی بەسەر هاتبوو.

هەندێکجـار پاسـەوانەکان لەجیاتـی "بەرێزم" وشـەی (vic)یـان بـۆ سـەدام بەکارهێنـاوە، کە کورتکـراوەی (very important criminal) واتـە تاوانباری زۆر گرنگ)ە.

بەر لە هەموو گواسـتنەوەیەکی بۆ دادگا، سەدام کۆمەڵێک کار هەبووە کردوویەتی، لەوانەش ئاودانی گوڵ و گیاکانی کە تەنیا گژوگیا بوون، پاشان جانتا سەوزە سەربازییەکەی خۆی دەپێچایەوە، هەمیشەش زۆر ئـاگای لـەوە بـوو "کە ئـەو شـتەی یەکەمجار لەوێ پێویسـتی دەبێ لە سـەرەوەی جانتاکە بێ". دواییـن شـتەکان کە دەیپێچایەوە دەفتەری یاداشت و قوتوویەکـی پـڕ لە جگـەرە بوو کـە دەبووایە لە سـەرەوەی جانتاکـە بێـت. بۆ ئـەوەی هـەر کات گەیشتنە نێو دادگا، لەبەردەست بێ.

لە کانوونی یەکەمی 2006 هەموان دەیانزانی لە داهاتوویەکی نزیکدا سەدام لە سێدارە دەدرێ. رۆژێک یەکێـک لە پاسـەوانەکان ژمارەیـەک مۆمی لەلایەن هاوژینەکەیـەوە بە دیاری بۆ دێت. پاسـەوانەکە کە ناوی رۆجەرسـنە، مۆمەکان پێشانی سەدام دەدات. سـەدام داوای یەکێک لە مۆمەکان دەکات و لەسـەر مۆمەکە چەند وشـەیەکی عەرەبی هەڵدەکۆڵێت، بە گوتەی خۆی شیعرێکی بۆ کچەکەی نووسیبوو، داوای لە رۆجەرسن کردبوو ئەو مۆمە بدات بە خاچی سوور بۆ ئەوەی بیگەیەننە دەستی کچەکەی.

چەنـد رۆژێـک دواتـر و لـە رۆژی کریسـمەس، مۆمێکـی دیکـەی لـە پاسـەوانەکە وەرگرتبـوو، ئەمجارەیان شـیعرێکی بۆ یەکێک لـە هاوژینەکانی نووسیبوو. پاسەوانەکە پێی سەیر بووە سەدام باسی هاوژینەکانی بکات، چونکە "هەر کاتێک بابەتی خێزان هاتبایە ئاراوە، سەدام یەکسەر بابەتی گفتوگۆکەی بۆ لای منداڵەکانی دەگۆڕی".

سەدام گوتبووی: "ئێمە نەریتێکمان هەیە، هەموو ساڵێک لە رۆژی کریسمەسدا مۆمێک دادەگیرسێنین. بۆ ئەم کریسمەسـە لەسـەر ئەم مۆمە شیعرێک بۆ هاوژینەکەم دەنووسم".

لـە مـاوەی ئەو چەنـد مانگـەدا سـەدام چەند جارێـک ئاماژەی ئەوەی پێشـان دابوو کە بایەخ بە نەریتی مەسـیحییەکان دەدات، بـۆ نموونە جارێک داوای کردبـوو فیلمی "ئازاری مەسـیح"ی بۆ بهێنن کە بەگوتەی خۆی باشترین فیلمە لە هەموو ژیانیدا بینیبێتـی. دوای تەواوبوونی فیلمەکەش، گوتبووی مامەڵەی جووەکان لەگەڵ مەسیح توورەی کردووە.

رۆژی دوای کریسـمەس دادگای باڵای تاوانەکانی عێـراق داوای تێهەڵچوونەوەکـەی سـەدامی رەتکردبووەوە. پاسـەوانەکان بڕیارەکـەی دادگایان پێ سەیر نەبووە. لەبەر ئەوەی شایەتیدانی هەندێک لـە شـایەتحاڵەکانی هێرشـە کیمیاییەکـەی سـەر هەڵەبجەیـان بیسـتبوو. رۆجەرسـن لـە یەکێک لە بیرەوەرییەکانیـدا دەگێڕێتـەوە: "بیرم کردەوە ئەمە خەڵکانێکی زۆری کوشتووە، هەموو خەڵکی شارێکی کوشتووە، بەڵام من بەو جۆرە سەیری ناکەم، چونکە لە زیندان لەگەڵ من وانییە".

## بە ئینگلیزی قسەی دەکرد و گوێی لە مۆسیقای پۆپی ئەمریکی دەگرت

## لە فیدڵ کاسترۆوە فێری جگەرەکێشان ببوو

رۆژی 30 ی کانوونـی یەکەمـی 2006 ئەو رۆژە بوو کە ئەرکی پاسەوانیکردنی سەدام کۆتایی دەهات، لەبـەر ئـەوەی سـەدام رەوانەی بەر پەتی سـێدارە دەکرا. بە گوتەی پاسـەوانە ئەمریکییەکان، سەدام لەو کاتەدا هەوڵێکی زۆری دەدا ئارام بێ، وای پیشان بدات کە هەست بە شانازی دەکات و سەرەڕای ژانی پشتی دەیویست لە کاتی رێکردندا پشتی راست بێ. لە کاتی رۆیشتنیشیدا چەند وشەیەکی بە گوێچکەی هەرکام لە پاسەوانە ئەمریکییەکاندا چپاندبوو. پێش ئەوەی بە هەموویان بڵێ "خواتان لەگەڵ بێ".

پڕۆژەی هیلالی شیعی هەنگاوێکی نوێ دەنێت

# بەعاج.. لە حەشارگەی بەغدادییەوە بۆ وێنەی خامنەیی

**رووداو – هەولێر**

گرتنـەوەی شـارۆچکەی بەعـاج لەلایـەن میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی رێی بـۆ ئێران خۆشـکردووە هەنگاوێکـی دیکـە لـە پلانـی دروسـتکردنی هیلالـی شـیعی لـە تارانـەوە بـۆ کەنارەکانی دەریای نێوەڕاسـت نزیکتر ببێتەوە کە میلیشـیاکانی حەشدی شەعبی رۆڵی وەدیهێنەر و هەم پارێزەری هیلالەکەش دەگێڕن.

شارۆچکەی بەعاج لە رۆژئاوای پارێزگای مووسڵ کـە زۆربـەی دانیشـتووانەکەی عەرەبی سـوننەن، بەتەواوی چۆڵە و هیچ ئاسەوارێکی ئاوەدانی و ژیان لـە شـارۆچکەکەدا بەدی ناکرێ. تاکـە جووڵەیەک کە لەم شـارەدا دەبینرێ، هاتوچۆی چەکدارەکانی حەشدی شەعبییە کە دوو هەفتە لەمەوبەر داعشیان لێرە دەرکرد.

ژمـارەی دانیشـتووانی بەعـاج لـە 15 هەزار کـەس تێناپـەڕێ، بـەڵام ئێسـتا ئەم شـارە لە پلانـە درێژخایەنەکـەی ئێراندا بۆ دروسـتکردنی کۆریـدۆری شـیعە، پێگەیەکـی گرنگـی هەیـە، بەوپێیـەی خاڵی پێکـەوە بەسـتنەوەی هەردوو دیوی عێراق و سووریایە.

پەیامنێـری رۆژنامـەی گاردیەنی بەریتانی لەو شـارۆچکەیەوە دەڵێت، چەندین دروشـم و وێنەی عەلی خامنەیی، رێبەری ئێران و قاسم سولەیمانی، فەرمانـدەی سـوپای قودس لەناو شـارۆچکەکەدا دەبینرێ. لەسەر یەکێک لە لافیتەکان نووسراوە "لە مووسـڵەوە بۆ بەعاج، سوپاسی قاسم سولەیمانی دەکەیـن".. سـولەیمانی لـە ماوەی سـێ سـاڵی رابردوودا رۆڵی سەرەکی لە جێبەجێکردنی فەرمانی خامنەیی بۆ دروسـتکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیدا هەبووە.

یەکێک لە هێزە پێکهێنەرەکانی حەشدی شەعبی، هێزێکە کە قاسـم سولەیمانی پەیوەندییەکی کۆنی لەگـەڵ فەرماندەکەیاندا هەیە. فەرماندەی ئەو هێزە ئەبو مەهدی ئەلموهەندیسـە کـە زۆرجار بە حاجی موهەندیس بانگ دەکرێ. ئەم کەسە ساڵانێکی زۆر لە ئێران بووە و لەلایەن سـوپای قودسەوە مەشقی سـەربازی و فەرماندەیی پێدراوە. هەفتەی پێشوو، موهەندیس لە شـاری بەعاج سـەردانی چەکدارانی حەشـدی کرد و لـەوێ بە رۆژنامـە بەریتانییەکەی راگەیانـد: "ئەمـە دواییـن قـەڵای داعـش بـوو لە ناوچەکـەدا، ئێـرە لەسـاڵی 2013 و 2014 خاڵی پەڕینـەوەی چەکدارانی داعش بـوو لە تورکیاوە بۆ ناوەڕاستی عێراق".

بەعاج لەڕووی جوگرافییەوە لەسـەر یەک هێڵی ئاسـۆییە لەگـەڵ گەیـارە لە باشـووری مووسـڵ. ژمارەیەکـی زۆر بۆڵـدۆزەر، حەفـار و ئامێـری دیکـەی رێگەوبان لەسـەر جووتسـایدی گەیارە بۆ بەعـاج کۆبوونەتەوە. هەندێک لـەو ئامێرانە لەگەڵ میلیشیاکانی حەشد بەشداری شەڕن و هەندێکیشیان قۆناغە بەراییەکانی بەهێزکردنی شـوێنی حەشدی شـەعبی و ئێران لە ناوچەکـەدا جێبەجێ دەکەن. فەرماندەیەکی باڵای حەشد بە رۆژنامە بەریتانییەکەی راگەیانـد "ئێمە بەعـاج جێناهێڵین، ئێـرە دەبێتە بنکەیەکی سەرەکیمان".

زۆربـەی میلیشـیاکان کـە لـە شـەڕەکانی ئـەم ناوچەیـەدا بەشـدارییان کـردووە، خەریکـی دروسـتکردنی بنکەی چەکدارین. بەمجۆرە بەعاج لە بنکەیەکی سەرەکیی خۆحەشاردانی سەرکردەکانی قاعیدە و داعشەوە دەگۆڕێت بۆ ناوەندێکی سەرەکیی هەوڵەکانی ئێران بۆ گۆڕینی داینامیکی سیاسـی و سەربازی لە ناوچەکەدا.

بەعاج یەکێکە لەو شـوێنانەی کە گومان دەکرێ ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی داعش، بەشێکی زۆر لە ماوەی دوو سـاڵی رابردووی تێدا بەسەر بردبێ.

دانیشـتووانی ئەو شـارە کە ئێستا ئاوارە بوون، بە (گاردیەن)یـان راگەیاندووە کـە بەغدادی 10 ماڵی باوەڕپێکراوی لە شـارۆچکەکەدا هەبوو، بەڵام "کێ دەیوێرا باسـی ئەو مەسـەلەیە بکات، یان پرسـیار بکات؟ بۆیەش کەسـمان نەماندەزانی ئەو 10 ماڵە بڕواپێکراوە کێن".

دەزگاکانـی هەواڵگریـی عێـراق و وڵاتانـی رۆژئاوایی دڵنیان لەوەی بەغدادی ماوەیەکی زۆری لەو شوێنەدا بەسەر بردووە و تەنانەت هەتا مانگی ئاداری ئەمساڵیش هەر لەو شارە بووە.. موهەندیس دەڵێت "دوو هەفتە لەمەوبەر سەرکردەکانی داعش بە پەلە لەم شـارۆچکەیە دەرچوون. سەرەتا پێنج بۆ شەش ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویان بۆ ئێمە نارد، زانیاریمان هەبـوو کە دەیانەوێ خەڵکانی گرنگ و خێزانەکانیان دەرباز بکەن".

هەتـا مانگێـک لەمەوبەریش، بڕیـار وابـوو کۆریدۆرەکەی ئێران بە باشـووری شنگالدا تێپەڕێ، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی ئایارەوە ئێران گۆڕانکاری لـە پلانەکەیدا کردووە. بەرپرسـانی ئێران و عێراق رێککەوتـوون کـە کۆریدۆرەکـە 140 میـل بـەرەو لای باشـوور بهێنرێتـە خـوارەوە. هـۆکاری ئـەو گۆڕانکارییـەش بـۆ وجودی هێزەکانـی ئەمریکا لە باشـووری رۆژهەڵاتی سووریا و ناوچە کوردییەکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە.

ئەو بڕیارە لە مانگی ئایار بە قاسـم سولەیمانی و هـادی عامـری، فەرماندەی حەشـدی شـەعبی دراوە. لـەو پلانـە نوێیـەدا شـارۆچکەی بەعـاج خاڵێکی سـەرەکییە. رێگە نوێیەکـە لە بەعاجەوە بـەرەو شـارۆچکەی مەیادین و شـاری دێـرەزوور درێـژ دەبێتەوە. هەموو پارێـزگای دێرەزوور، جگە لـە 40%ی شـارەکە لەژێـر کۆنترۆڵـی چەکدارانی داعشـدایە. گومـان دەکرێ یەکێکـی دیکـە لـە هۆکارەکانی گۆڕینـی رێڕەوەکە بۆ نیگەرانییەکانی تورکیـا بگەڕێتەوە. لەبەر ئـەوەی تورکیا ناوچەی شنگال و تەلەعفەر بە دوو قووڵایی ستراتیژیی خۆی لەنـاو خاکی عێراق دەزانێ کە دەکرێ لە داهاتوودا بە بیانووی هێزەکانی حەشدەوە لەلایەن هێزەکانی نزیک لە پەکەکە بەکاربهێنرێ.




ئێران رێڕەوی کۆریدۆرەکەی لەچیای شنگالەوە بەرەو شارۆچکەی بەعاج دەگۆڕێ

فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی بە (گاردیەن)ی گوتـووە "ئێرە بۆ ئێمـە گرنگە، کاری زۆرمان هەیـە کـە لێـرەوە دەیکەیـن". فەرماندەیەکـی دیکـەی هێزەکانـی حەشـد دەڵێت تێکشـکانی خێـرای چەکدارانـی داعش وای کـردووە ئێران و سەرکردەکانی حەشد بیر لە رێڕەوی ئەڵتەرناتیڤی دیکەش بکەنەوە. رێڕەوە نوێیەکە (کە لە هەموو رێگەکانی دیکە بە باشتر زانراوە) لە دێرەزوورەوە بـەرەو تەدمـوور و لەوێـوە بـەرەو دیمەشـق و لەوێشەوە بەرەو لازقیە لەسەر دەریای نێوەڕاست درێژ دەبێتەوە. خاڵی دەسـتپێکی رێگەکەش لە عێراق، شارۆچکەی بەعقوبەیە لە پارێزگای دیالە لە رۆژهەڵاتی عێراق.

ئەلموهەندیـس ئامادە نەبووە ئاشـکرای بکات ئاخۆ لـە داهاتوودا هێزەکانی ئاودیوی سـووریاش دەکات یـان نـا، ئەو جەختـی لـەوە کردووەتەوە کـە فەرمانی ناردنی هێزەکانی حەشـد بۆ ناوخۆی سووریا دەبێ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بێ.

هەزاران چەکداری میلیشـیای حەشدی شەعبی لەپاڵ هێزەکانی لایەنگری سـووریا لەدژی داعش و گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی سووریا شەڕ دەکەن. ئەلموهەندیس لە قسـەکانیدا باسی ئەوەی نەکردووە ئاخۆ ئەو میلیشـیایانەش بە رەزامەندیی حکومەتی عێراق یارمەتی حکومەتی سووریا دەدەن یان نا.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# تەدبیری ڕێی نەجات

لە گوندی (مام ڕەش)ی ناوچەی شوان لە کەرکووک ڕووداوێک هەیە وەک نوکتەی لێهاتووە ئەوەندە باس دەکرێت، گوندەکە مزگەوتیان هەبوو، بەڵام بێ مەلا بوون، ڕۆژێک مامۆستایەکی ئاینی کە مەشهور بوو بە مەلا مەحموودی کەبیر، یادی بەخێر زانایەکی گەورە بوو، بە ئەسڵ هەر خەڵکی ئاوایی بوو، بەڵام لە کەرکووک دادەنیشت، بە میوانی دەگەڕێتەوە گوند، ڕۆژی هەینییە و خەڵکەکە داوای لێدەکەن ئەمڕۆ پێشنوێژ و وتاریان پێشکەش بکات. مامۆستاش دەڵێ جا سوننەتە دەبێت ژمارەمان چل کەس بێت. کاتێ دەچنە مزگەوت و خۆیان ئامادە دەکەن، دەبینن ژمارەیان سی و نۆ کەسە، سەردەهێنن و دەبەن کەسێکی تر پەیدا بکەن تا ئەو دەرفەتەیان لەدەست نەچێ و لە پشتی مەلای گەورەوە نوێژەکەیان بکەن و گوێیان لە ئامۆژگارییەکانی بێت. بەبیریان دێتەوە کەسێک لە ئاوایی ماوە و نوێژیش دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕوکاڵی گوندەکە ئەوەندە سەریان خستووەتە سەری، ماوەیەکە تێکەڵی کەس نابێت. پەنا بۆ ئەو دەبەن تا ئەمڕۆ لەگەڵ قەومی ئاواییدا لە مزگەوت نوێژ بکات، داواکەیان ڕەتدەکاتەوە، مامۆستا خۆی دەچێ بەشوێنیدا، بە مامۆستا دەڵێت لەماڵی خۆم نوێژ دەکەم و نایەمە ڕیزی ئەمانەوە. مەلا پێی دەڵێ دەزانم تۆ گلەییت لە خزمەکان هەیە و هەقی خۆتە، بەڵام تۆ ئەمە لەبەر خوا دەکەیت و واحساب بکە خوا ئەم ئیشەی بە تۆ کەوتووە. کابرا هێندە نیگەرانە لە ئەهلی ئاوایی، دەڵێ بۆ وا دەزانی گلەییم لەخوا نییە، من سەت ئیشم بەویش کەوتووە و هیچی بۆم نەکردووە با ئەمجارە ئەو ئیشی بە من بکەوێت و منیش بۆی ناکەم.

ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ وەک خەڵکی ئەو گوندەمان بەسەر هاتووە، وا بۆ دوو ساڵ دەچێت بزووتنەوەی گۆڕانیان فەرامۆش کردووە، وەزیرەکانی لە حکومەت دەرکراون و سەرۆکی پەرلەمان نێردراوەتە ماڵەوە. لەم نزیک دوو ساڵەدا کەس نەما پێمان نەڵێت ئەو جۆرە لە پەراوێزخستنی گۆڕان خراپە و سەردەکێشێ بۆ شتی دی، دۆستی دنیا یەخەی گرتین ناکرێ پەرلەمان پەکخرابێ و بەگوێی کەسیان نەکرد، ئێستا گەیشتووینەتە دۆخێک وەک حاڵەتی ناچاری پەنا بۆ ئەوە دەبەنەوە پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەڵام لەم دۆخەشدا هێشتا مەرجی پێشوەختەیان بۆ دادەنرێت، بێگومان بزووتنەوەی گۆڕانیش بە دەردی کابرای (مام ڕەش) بەو جۆرە وەڵامتان دەداتەوە کە نایەت و لە ڕیزی ئێوە نوێژ ناکات.

پێشتریش گۆڕان کە ئەوەی کردبووە مەرجی گەڕانەوەی بۆ ناو پرۆسەکە (بێ مەرج پەرلەمان کارابکرێتەوە)، پێویست بوو دەرگا بەڕووی گۆڕاندا بخرێتە سەرپشت تا لەگەڵ پارتی و یەکێتی شانی بدایەتە بەر بەرپرسیارێتی. کە نەیانکرد و ئێستاش لە دوا کۆبوونەوەی هاوبەشیاندا بە مەرجێکی تەعجیزییەوە ڕوویان بۆ گۆڕان وەرگێڕا، گەورەترین هەڵەی سیاسی بوو کردیان و گۆڕانیان لەو ئیحراجیە ڕزگار کرد کە پێشتر ببوو بە قسەی خۆیەوە و ئەگەر بێ هیچ مەرجێک بڕیاریان لە کاراکردنەوەی پەرلەمان بدایە ناچار بوو بگەڕێتەوە ناو حکومەت و پەرلەمان. بەڵام ئێستا دەرفەتی ئەوەیان دایە گۆڕان یاری بە کارتەکانی بکات، ئێستا زۆرێک باوەڕیان وایە نەک تەنها کاراکردنەوەی بێ مەرجی پەرلەمان، تەنانەت ئەگەر بڕیار بدرێت سەرۆکی حکومەتیش بدرێت بە گۆڕان، گۆڕان نابێتەوە شەریکی دەسەڵات.

ڕەوشی کوردستان لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە زۆر خراپە، بزووتنەوەی گۆڕان بەهۆی ئەوەی لە پەرلەمان و حکومەت دوورخراونەتەوە، خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووین و پێیانوایە بەپلەی یەکەم پارتی و پاش ئەویش یەکێتی بەرپرسن لەم دۆخە ناهەموارە. چارەنووسی ئەزموونەکەش لەبەردەم پرسیاری زۆردایە، سەرباری ئەوەی دەرفەتێک هاتووەتە پێش کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و بگات بە کەناری ئارامی، بەڵام مەترسی و هەڕەشەی گەورەش لەسەر ئەزموونەکە هەیە، لەبەر ئەوە گۆڕان ئامادەنین شان بخەنە ژێر شکستێک کە باوەڕیان وایە ئەوان لێی بەرپرس نین.

بەڵام ناکرێ کێشەکان جێبهێڵدرێن تا زەمەن چارەسەریان بکات، یاخود بدرێنە دەست قەدەر، دەبێ بزووتنەوەی گۆڕان پێش پارتی و یەکێتی هەست بە بەرپرسیارێتی و درک بەو ڕۆڵە کاریگەرەی خۆی بکات کە هەلومەرجێکی تایبەت بۆی ڕەخساندووە تا ڕۆڵی گەورەی تێدا بگێڕێت، پێویستە لە زووترین دەرفەتدا پەرلەمان کارابکرێتەوە و یوسف محەممەد لە ئێستاوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی لە ئەستۆ بێت. بۆ ئەوەی کوردستان ئەم قۆناغی ڕاگوزەرە تێپەڕێنێ، پێویستە ئەویش بە گیانی هەست بە بەرپرسیارێتی و دوور لە ترسی کاردانەوە، پەرلەمان بخاتە خزمەتی تێپەڕاندنی قەیرانەکانەوە. بەدەر لە ئەرکی چاودێریی حکومەت و کارە یاساییەکانی ژیانی ئاسایی خەڵک، پەرلەمان ئەم ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ:

- ڕێوشوێنی یاسایی بۆ پرۆژەی بڕیارلێدراوی ریفراندۆم لە 25ی ئەیلول بگرنەبەر. واتا ئەوەی لەلایەن حیزبەکانەوە بڕیاری لێدرا، پەرلەمان یاسای بۆ دەربکات.

- ئەو کۆمیتانەی بڕیارە لە کەسایەتیە سیاسییەکانی نێو حیزبەکان دیاری بکرێن وەک وەفدی کوردستان بچنە وڵاتان، لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەیان بدرێتێ و ڕاسپێردرێن بۆ ئەو کارە.

- پەرلەمان هەمواری یاسای هەڵبژاردن بکاتەوە، لە لیستی کراوەوە بیگۆڕێ بۆ لیستی داخراو. ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم زیاد بکرێت و بڕیار بدرێت لە هەڵبژاردنی داهاتوو 11/6 بەشداریی دەنگدان بکەن و نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت.

- لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمان لیژنەیەکی پسپۆڕی یاسایی ڕابسپێرن بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری کوردستان. دەستوورێک بۆ دەوڵەتی کوردستان نووسرابێت، سنوور و سیستەمی بەڕێوەبردن و ناسنامەی دەوڵەتەکەی تێدا چەسپێنرابێت. تا لە ئێستاوە بۆ وادەی هەڵبژاردن لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت و لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا ئەویش بخرێتە دەنگدانەوە.

- بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکیەکانی پەیوەست بە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەم چوار مانگەی لە پێشمان ماوە لێی بگەڕێن و بۆ دوای ئەوە ئەگەر بڕیارە کوردستان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بکات و دەوڵەت بونیات بنێ، پێویست بەوە ناکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی داهاتووی پەرلەماندا هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم بکرێت، بەڵکوو پێویستە لەوە بەدواوە ئەو پۆستە هەڵبوەشێنرێتەوە و سەرۆک بۆ دەوڵەت دابنێین نەک هەرێم. هێشتنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئاماژەی مانەوەی کوردستانە لە چوارچێوەی عێراقدا نەک سەربەخۆیی.

ئەم چوار مانگەی لە بەردەممان ماوە تا کۆتایی ئەم خولەی پەرلەمان، بزووتنەوەی گۆڕان هیچی تر نەکات تەنها ئەم چەند خاڵەی سەرەوە لە پەرلەمان لەچوارچێوەی بڕیار و یاسادا بچەسپێنێت، کوردستان دەباتە قۆناغێکی زۆر گەشەکردووترەوە.



بەختیار کەریم

# مانیفێستۆی گشتپرسی

لەپاش ڕاگەیاندنی ریفراندۆمی سەربەخۆییەوە، دوو دیدی دژبەیەک خۆیان بەرجەستە کردووە. دیدی یەکەم، لەسەر بنەمای ئەزموونە تاڵ و خوێناوییەکانی عێراق، دەخوازێت بەرەو سەربەخۆییەکی ئایندە نادیارمان بەرێت؛ بەبێ هەبوونی هیچ دیگا، چوارچێوە یان بەڵگەنامەیەک کە ببێتە پرنسیپی بنەڕەتیی کوردستانی سەربەخۆ. واتا وێنەیەکی کوردستانی سەربەخۆ ناکێشن، بۆ جێگرتنەوەی ئەو وێنە نێگەتیڤەی لەسەر ئێستای کوردستان هەیە. ئەگەر بەڕاستی گشتپرسی بۆ سەربەخۆییە، دەبووایە هەنگاوی پێش ڕاگەیاندنی گشتپرسی، ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی بەرایی بووایە بۆ کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکان لەسەر خوانی بیرۆکەی دەوڵەتێکی هاوبەش. بەڵگەنامەیەک کە کۆمەڵێک پرنسیپی گەردوونی و گشتی لەخۆبگرتایە و نیشانی بدایە کە ئێمە جیاواز دەبین! لە نەبوونی بەڵگەنامەیەکی لەم جۆرەدا، بەرەکانی ریفراندۆم لەجیاتی شەڕکردن لەسەر سیمای ئایندە، لە قوڕاوی ڕابردوودا یەکتری دەگەوزێنن!

دیدی دووەم کە لەژێر قورسایی شکستە گەورەکانی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، لە هەنگاونان بەرەو ئایندە سڵ دەکاتەوە، دەخوازێت لە "ئێستا"دا دیلی چاوەڕوانییەکی نادیار بین و نزا بۆ نەرمبوونی دڵی بەغدای پایتەختی عێراقی ئەنفال بکەین! ئارگومێنتەکانی ئەم دیدە پڕە لە دژوازی و پەرتەوازەیی، ئەوەی هەڵگرانی ئەم دیدە یەکدەخات، ڕق و تووڕەییەکی ڕەوا، بەڵام کوێرانەیە، لە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان. بۆ هەڵگرانی ئەم دیدە، کوردستان زۆر لەوە گەندەڵترە، پشت بکەینە "عێراقی نەزاهەت و پاکی". لە کوردستان "حوکمی بنەماڵە" هەمووومان دەچەوسێنێتەوە و تەنها فریادڕەسمان عێراقی "بنەماڵە"کانی ئەسەدی، مالیکی، حەکیم و سەدرە!

ئەندازیارانی ئەم دیدە، مەسعود بارزانییان لە دیدی خەڵکێکی زۆردا کردووە بە "دڕندە"یەک کە تەنها بە پەنابردنە بەر دڕندەیەکی بەهێزتر دەتوانین سنوور بۆ خولیا ستەمکاری و سوڵتانییەکانی دابنێین. کێشەی سەرەکیی ئەم دیدە، نەبوونی بەدیلێکە لە ناوخۆ یان دەرەوە، تەنها لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی ئەم هێڵە لە بیرکردنەوەوە، هەوڵی یەکسانکردنی پارتی و پرۆژەی سەربەخۆیی دەدەن. هەڵگرانی ئەم دیدە، تەنها دژی ئیرادەی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان نین، بەڵکو هیچ متمانەیەکیان بە ئیرادەی خۆشیان نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی "خولیا سوڵتانییەکانی بارزانی" لە کوردستان. بە خەڵک دەڵێن بەبێ پاڵپشتی و کۆمەکی "مالیکی"یە بێشومارەکانی عێراق، سنووردانان بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەکانی کوردستان ئەستەمە! بەکورتی داوا لە خەڵک دەکەن "ئیرادەیان هەبێت بۆ نەبوونی ئیرادە".

کەواتە ئێستا ئێمە لەبەردەم ریفراندۆمێکی گرنگ و دوو دید و دوو ئاراستەی بەتاڵ لە بیرکردنەوەداین کە هیچ پرۆژەیەکیان نییە جگە لە دروشمە دووبارەکانیان و دنەدانی خەڵک بە کینەیەکی مێژوویی. بەڵام لەکاتێکدا کە دیدی یەکەم بانگەشەی سەربەخۆییەکی ئایندە نادیار دەکات، دیدی دووەم ڕاستگۆیانە سەربەخۆیی ڕەتناکاتەوە، بەڵکو داوای جۆرێک لە دۆخی نموونەیی دەکات کە بەدیهاتنی نەک ئێستا، دەیان ساڵی تریش مەحاڵە، واتا ئاراستەی دووەم ناڕاستەوخۆ، بگرە ترسنۆکانە، سەربەخۆیی ڕەتدەکاتەوە.

لەکاتێکدا ئاراستەی یەکەم خۆشخەیاڵە بەوەی پرسی سەربەخۆیی پێویستی بە هزرسازی و ئارگومێنتسازی نییە، "بیریارە گەورەکان"ی ئاراستەی دووەم، بە خەڵک دەڵێن "نەخێر بۆ سەربەخۆیی نەخێر نییە بۆ سەربەخۆیی"، بەڵکو نەخێرە بۆ پرۆژەی سوڵتانیی پارتی و درێژەدان بەم تەرزە لە حوکمڕانی کە ئێمە چارەکە سەدەیەکە ئەزموونی دەکەین! بەڵام هەرگیز ئەوە بە خوێنەرەکانیان ناڵێن کە نەخێر یەکسانە بە بەڵێ بۆ عێراق و باسێکی ئەو عێراقەشیان بۆ ناکەن کە داوا لە خەڵک دەکەن چەپڵەی بەڵێی بۆ بتەقێنن.

کێشەی سەرەکیی ئەم گفتوگۆ بێ-چێوە ناعەقڵانییە، سەرلێشێواندنی زیاتری خەڵکی ئاساییە، ئەو خەڵکەی ئومێدیان لەسەر بکەرەکانی ئەم بەرە دژیەکانە هەڵچنیوە کە ئایندەیان بۆ جوانیر بکەن، جوانتر لە ڕابردوویەکی خوێناوی و ئێستایەکی بیمار. پێشتر پرسی سەربەخۆیی تەنها پرسێک بوو کە کورد کۆدەنگییەکی ڕەهای لەسەری هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لەسایەی بەحیزبیکردنی هەموو جومگەکانی ژیانی ئێمەدا، پرسی سەربەخۆیی وەک هەر کاڵایەکی تر، لە هەرزانبازاڕی حیزبدا مامەڵەی پێوە دەکرێت.

دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی عەقڵانی بۆ گفتوگۆی ریفراندۆم، لەنێوان دوو بەرەی دژبەیەکدا تازە ئەستەمە، چونکە سەنگەربەندییەکە زۆر لەوە پتەوترە تەنانەت پرسێکی نیشتیمانیی گرنگیش بتوانێت بیبڕێت. ئەو شەڕانەی بە حیزبایەتی، براکوژی، بازرگانی-گەندەڵی و بوونە دەستکەلای هێزە دەرەکییەکان یەکلایی نەکرانەوە، کراونەتە بەشێک لە گفتوگۆی گشتپرسی. بەشێوەیەک ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسیش لەنێوان حیزبەکاندا بکرێت، هێشتا ئەم دوو بەرەیە بە قەبارەی جیاواز دەمێننەوە. لەبەرئەوە گرنگە دواجار ئەم بەربەرەکانێیە لە ڕۆژی ریفراندۆمدا یەکلابکرێتەوە.

ئەو گرووپە بچووکەی خۆیان لە دەرەوەی ئەم سەنگەربەندیەدا دەبیننەوە، تەنها دەتوانن دژیەکیی ئارگومێنتەکانی هەر یەکێک لەم دوو بەرەیە دەربخەن و پێشنیازی ئاراستەیەکی ڕوونتر بکەن بۆ دەربازبوون لەو دووڕێیانەی کورد تێیدا داماوە. لێرەدا پێشنیازی گەڵاڵەکردنی مانیفێستۆی ریفراندۆم دەکەین. مانیفێستۆ وەک بەڵگەنامەیەکی کورت و پوخت بۆ هەر یەکێک لە بەرەی "بەڵێ کوردستان" و "نەخێر کوردستان" (کە هاوواتایە لەگەڵ بەڵێ عێراق). مانیفێستۆیەک هاوشێوەی مانیفێستۆی هەڵبژاردن کە کۆمەڵێک خاڵی پوخت و ڕوونی تێدابێت لەسەر ئەنجامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ریفراندۆم.

بەرەی "بەڵێ کوردستان" دەبێت بە دەنگدەران بڵێن بۆ گرنگە دەنگی بەڵێ بدەین، ئەی ئەگەر دەنگ بە بەڵێ نەدەین، چی ڕوودەدات. پێویستە ئەم بەرەیە بەڕوونی باس لەو پرنسیپانە بکەن کە کوردستانی سەربەخۆی لەسەر بونیات دەنرێت، هاوکات هەوڵی ڕەواندنەوەی هەموو ترس و گومانە ڕەواکان بدەن.

بەرەی "نەخێر کوردستان" لەبەرامبەردا دەبێت هەوڵی خۆیان بدەن ڕاشکاوانەتر بە خەڵکی کوردستان بڵێن ئەگەر نەخێر سەرکەوت، خەڵکی کوردستان چ سوودێک دەکەن، ئەگەر بەڵێ سەرکەوت، خەڵکی کوردستان چ زیانێک دەکەن.

هەبوونی دوو مانیفێستۆی لەم جۆرە، بەرچاوڕوونیی زیاتر دەدات بە خەڵکی کوردستان بۆ دەنگدانێکی ژیرانە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی هەموو ئەگەرەکان. بەپێچەوانەوە لە نائامادەیی ئەم جۆرە مانیفێستۆیانەدا، خەڵک لەسەر بنەمای هەست، ئینتیما و سەرسامبوون بە دروشم دەنگ دەدات. لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا، کوردستان ئەزموونی قووڵبوونەوەی زیاتری دابەشبوونەکانی دەکات و پرسی سەربەخۆییش لە پرسێکی ڕەوای نەتەوەییەوە، دەبێتە پرسێکی هەرزانی حیزبی.



ڕابەر تەڵعەت

# خولانەوە لە بازنەی هێزدا

فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن لەسەر بنەمای سەروەری دامەزراوە، گواستنەوە لە دۆخی سروشتییەوە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ دامەزراندنی ئەو سەروەرییە دەستپێدەکات کە دەوڵەت خاوەندارێتیی دەکات و تاکەکانیش تێیدا لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و ماف، سیفەتی هاووڵاتی لەم دەوڵەتەدا بەدەستدێنن. جەوهەری پەیمانی کۆمەڵایەتیش ناساندن و دانپێدانانە بە دەسەڵاتێکی شەرعی کە لەسەر بنەمای پاراستنی مافی ژیان و ئازادی و یەکسانییەکان، شەرعیەتی خۆی لە خەڵکەوە وەردەگرێت. کەواتە بۆ ئەوەی بتوانین قسە لە پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان هاووڵاتی و دەوڵەتدا بکەین، دەبێت شتێک بەناوی دەوڵەت، سەروەری و دەسەڵات هەبێت.

تێگەیشتن لە گرنگیی دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و ئیداری، دەوڵەتی نەتەوەش وەک دوا قۆناغی گەشەکردووی ئەو دامەزراوەیە لە فۆرمە مۆدێرنەکەیدا گرنگن بۆ ئەوەی بتوانین بە ڕوونی باس لە میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن و سنووردانان بۆ دەسەڵات بکەین لە ئاست کۆمەڵگادا. چونکە لە فەلسەفەی سیاسیدا هەموو ئەم چەمکانە پێناسەی خۆیان هەیە و لە مێژووشدا بەشێوەی کردارەکی ئەزموونکراون. بۆ نموونە، مۆنتسکیۆ باسی لە دابەشکردنی دەسەڵات کردووە، بۆ ئەوەی هێز بە تەنیا لەدەستی کەسێکدا کۆنەبێتەوە، دەبێت لە چوارچێوەی سێ دامەزراوەی دیکەدا دابەش بکرێت، ئەوانیش بریتین لە یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، ئەم دابەشکارییەی مۆنتسکیۆ تا ئەمڕۆ، بە بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن دادەنرێت. دابەشکردنی دەسەڵات ڕەواندنەوەی ترس و گومانی خەڵکە لە بەرامبەر مەترسییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی ملهوڕ و سەرکوتکار، هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بڕیاری هەڵەی دەسەڵاتداران و چاوچنۆکییەکانی دەوڵەت، چونکە لەبەرامبەردا کۆمەڵگایەک بوونی هەیە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تاکەکانییەوە چاودێری دەوڵەت و دەسەڵاتەکان دەکات.

لێرەدا ئێمە لەبەردەم پرسیارێکداین: ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی چاوچنۆکییەکانی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکرێت؟ چۆن دەتوانین سنوور بۆ دەسەڵات دابنێین؟

یەکەم هەنگاو بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت ئەوە ڕوون بکەینەوە کە مەبەستمان لە دەسەڵاتی سیاسییە لە فۆرمی دەوڵەت و حکومەتدا. کەواتە ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێک مۆدێل و ئەگەری جیاجیاداین: مۆدێلی دەسەڵاتی پاشایەتی، یان دەوڵەتێکی تیۆکراسی و ئاینی، دەسەڵاتی تۆتالیتاری، دیکتاتۆر یان دیموکراسی؟ ئەو دەسەڵاتەی ئێمە دەمانەوێت کۆنترۆڵی بکەین کام لەم مۆدێلانەیە؟ کوردستانی باشوور و ئیدارە و حکومەت و فەرمانڕەواکانی لە کام فۆرمی دەسەڵاتدا دەتوانرێت پۆلێن بکرێن؟ ئایا کام لەم مۆدێلانە دەتوانن لە دەرەوەی دەوڵەت و سەروەریدا هەبێت؟ چۆن دەتوانین لە دەرەوەی چەمکی دەوڵەت و سەروەری، خوێندنەوە یان چاوەڕوانی یان هەڵسەنگاندنمان بۆ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان هەبێت؟

هەرێمی کوردستان خاوەنی هیچ پێناسەیەکی ڕوون یان پێگەیەکی سیاسی و نێودەوڵەتی نییە، نە دەوڵەتە نە سەروەریی هەیە، تەنها دیفاکتۆیەکی ئیداری و سەربازییە، ئەمەش وای کردووە لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هیچ پێگەیەکی نەبێت، ئەمەش چ لە ئاستی ناوخۆییدا وەک حوکمڕانی و چ لە ئاستی دەرەکیشدا وەک دیپلۆماسی، کاریگەریی هەیە بەسەر ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمەکەدا ڕوودەدات. لە هەرێمی کوردستاندا، دابەشبوونێکی سیاسیی قووڵ هەیە، بونیادی ئەم دابەشبوونە لۆژیکی هێز و بەرژەوەندی ئابووریی خۆجێیی و کەڵەکەبوونی ئابووری و سەرمایە بەڕێوەی دەبات، داینەمۆی ئەو هێزە حیزبە سیاسییەکانن، بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، سەروەری و فەرمانڕەوایی دەبێت لەسەر بونیادی جوڵەی بازنەیی ئەم هێزانە بجوڵێتەوە ئەگینا لە ڕێڕەوی خۆی دەردەچێت، بەو مانایەی لە غیابی دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی خاوەن سەروەری و پێگەی نێودەوڵەتی، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لە کوردستاندا هەن بە هەموو حیزبەکانیشەوە، ناتوانن لە بازنەی ئەو ململانێی هێزە ڕزگاریان ببێت کە پارتی و یەکێتی ئیدارەی دەکەن، ئەگەر ئەوان بیانەوێت، پەرلەمان و حکومەت و هەڵبژاردن و دادگا هەیە، ئەگەر ئەوان خوازیاری نەبن، هیچ یەکێک لەمانە نە بوونی دەبێت نە ماناش دەبەخشێت بە ئیدارەی هەرێم.

باسکردن لە دیموکراسی، شەفافیەت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، لە دۆخی ئێستای کوردستاندا، بە هەموو پێوەرەکان کار ناکات و ناتوانێت کاریگەر بێت، چونکە لە بنەمادا ئەم چەمکانە سەر بە دەوڵەتی مۆدێرنن و دەبێت لەژێر سەروەریدا باس لە میتۆدەکانی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بکەین، چونکە دەسەڵاتی حیزبی خاوەن هێزی چەکدار و نەوت هەرگیز کۆنترۆڵ ناکرێت. سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی نەرمییەکی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، ئەگەر نەتوانێت بە سەربەخۆیی بگات، ئەوا دەبێت کار بۆ بەهێزکردنی سیستەمی فیدراڵیی عێراق بکات، لەچوارچێوەی سەروەریی عێراقدا کار بۆ پێشخستنی بونیادی دیموکراسی و کۆنترۆڵکردنی حوکم بکرێت. بژارەی دیکە، درێژەدانە بە دۆخی ململانێی حیزبی و سیاسی لە فۆرمی ئێستادا، یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بۆ خەڵکی باشووری کوردستان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گۆڕان لەسەر حەقە!

**1**

تا ئەوکاتەی نەوشیروان مستەفا لەژیاندا بوو، ئیحتیمالێکی کەم هەبوو کێشەی نێوان پارتی و گۆڕان بەلایەکدا بخرێت، بەڵام لەبەرئەوەی نەوشیروان مستەفا دڵنیا بوو کە هیچ تروسکاییەک نەماوە، پەنای بردە بەر رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی و ویستی کێشەکە لە دوای خۆیشی هەر بەردەوام بێت. نەوشیروان نەک هەر ویستی کێشەکانی لەگەڵ پارتیدا بەو شێوەیە بەردەوام بن، بگرە وەکو هەموو سەرکردە کلاسیکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بزووتنەوەکەی خۆی (بە ناوی مۆدێلی جیاوازی حیزبی!) خستە ناو گێژاوی ئەوەی کە کێ دوای ئەو جێگەی دەگرێتەوە! خۆی سوور دەیزانی وەکالەتی قانوونی بەس نییە بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێ ببێتە جێگرەوەی ئەو، ئەویش نەیویست شکۆمەندیی سەردەمی خۆی، لە دوای خۆی درێژەی هەبێ. وەک چۆن عەرەفات و تاڵەبانی میراتێکی هاوشێوەیان بەجێهێشت.

دواییین دەستپێشخەریی پارتی لەڕێی یەکێتی و لەژێر کاریگەریی یەکێتی، مەحکوم بوو بەوەی کە گۆڕان رەتی بکاتەوە، چونکە گۆڕان ئێستا لە رەتکردنەوە زیاتر هیچی دیکەی پێ ناکرێت. باسی کۆمەڵی ئیسلامی لە گۆڕێ نییە، چونکە ئەو حیزبە لە ئیعرابی سیاسیدا مەحەلی نەماوە و کەسرەی گۆڕانە، بەڵام بۆ وا بوو؟

یەکەم: مادام پارتی دەستپێشخەریی لەو شێوەیەی هەبوو، بۆ خۆی نەچوو لەگەڵ گۆڕان باسی بکات؟ مەگەر هەمووی چەند هەفتەیەک پێش ئێستا نەبوو کە نێچیرڤان بارزانی لە گردەکە بوو؟ نەدەکرا لەو کاتەدا ئەو مەسەلەیە ئامادەکاری بۆ بکرێت؟ ئایا هیچ کەناڵێکی پەیوەندی لە نێوان گۆڕان و پارتیدا نییە؟

دووەم: کە پارتی دەستپێشخەری دەکات، دەبێ لەوە باش تێگەیشتبێت کە دەستپێشخەریی لەو جۆرە لەو بارودۆخەی کە ئێستا گۆڕانی دوای نەوشیروان مستەفا تێیکەوتووە، ئاسان نییە، میکانیزمی بڕیاردان هەم قورسە و، هەمیش چ پێویست دەکات دەستپێشخەریی نیوەچڵ بکرێت؟ مادام یوسف محەممەد دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، با تا پێنج مانگی دیکە هەر سەرۆکی پەرلەمان بێت خۆ دنیا خراپ نابێت! ئەگەر پارتی و یەکێتی باوەڕیان بە یەکدی هەیە، دەتوانن بە هاوکاریی حیزبەکانی دیکە، وەک چۆن لە 19ی ئابی 2015 یوسف محەممەد و سکرتێری پەرلەمانیان ئیفلیج کرد، ئاوهاش لەو پێنج مانگەی ماوە، بە رێگەی کاری پەرلەمانی، رێگە نەدەن پەرلەمان کاریگەریی لەسەر خواست و داواکانی ئەوان هەبێت، ئەوکاتە با گۆڕان و کۆمەڵ هەر پرۆژەیاسا بێنن و بە دیارییەوە دانیشن!

## گوناه دەرکردن لە یەکێتی

**2**

ئەڵبەتە نەدەبوو گۆڕان وا بە پەلەپرۆزێ و هەڵپەوە، دەستپێشخەریی پارتی رەتبکاتەوە، دەرگایەک بۆ گفتوگۆ کرابووەوە و، دەکرا گۆڕان لە جیاتی ئەوەی گەڕانەوەی یوسف محەممەد و وەزیرەکانی بۆ هەولێر نەبینێت، ئەوە ببینێت کە هێشتا شەریکی حوکمی ئەو وڵاتەیە. بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر ئەمڕۆ نەک سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بگرە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە رادەستی گۆڕان بکرێن، گۆڕان نە قەبوڵیەتی و نە پێشی دەکرێت. لەوەیاندا یەکێتی باش چاوساغی بۆ پارتی ناکات! یەکێتی تا ئەو شوێنە لەگەڵ پارتییە کە هەم تۆڵەی خۆی لە هەردووکیان بکاتەوە، هەم لەبەردەم رای گشتیدا ئۆباڵی کارانەبوونەوەی پەرلەمان (بە وجودی گۆڕانەوە) بخاتە ئەستۆی گۆڕان. ئەوەی ئێستا یەکێتی دەیکات، ماسیگرتنە لە ئاوی لێڵ. بە پرۆژە ئاگرینە ساختەکانیان لەبارەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و سیستەمی حوکمڕانی، گۆڕانیان کردە کەوا سووری بەر لەشکر و دواییش وەک هیچ رووینەدابێت، چوونەوە لای پارتی.

گۆڕان دەبێ باش لەوە تێبگات کە رێککەوتنی سیاسیی ئەوان و پارتی کۆتایی هاتووە. لە رابردوودا و سەرباری ئەوەی پارتی و یەکێتی رێککەوتنی ستراتیژیشیان هەبوو، نەک بۆ پۆستە باڵاکان، بگرە بۆ پۆستە هەرە بچووکەکانیش لەسەر (ناو) رێکدەکەوتن، کێ بێت یان نەبێت (لە رێککەوتنی گۆڕان و پارتیشدا هەمان شت هەبوو، ئەگەرنا دەبوو عەلی حەمە ساڵح ببێتە سەرۆکی پەرلەمان!)؟ بۆیە دەبووایە گۆڕان لە جیاتی ئەوەی لە قازانجی یەکێتی ئەو هەموو کارتانە تێکەڵی یەکتری بکات، داوای گفتوگۆی راستەوخۆی لە پارتی کردبایە. ئەگەر ویستبای جەماوەرەکەی خۆی رازی بکات، وەرەقەیەکی بنبڕیان خستبایە بەردەم پارتی و رێککەوتنی خۆیان لەگەڵ پارتیدا بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم هەڵوەشاندبایەوە. ئەوکاتە بۆ جەماوەری گۆڕان موهیم نەبوو پەرلەمان چۆن کارا دەکرێتەوە، چونکە ئەگەر بە ویستی وان نەبووایە، ئەوا کۆتاییهێنان بە رێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی بەس بوو. بەڵام ئەوەی ئێستا گۆڕان دەیکات، گەورەترین خزمەتە بە گەڕاندنەوەی باڵادەستیی یەکێتی لە زۆنی سەوز و نیلی.

## "ئاتا کورد" مەسعود بارزانی

**3**

بڕیاری گشتپرسی و راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەگەر هەزار سەعاتیش لە پەرلەمان موناقەشەی بکرێت و دواتر بڕیاری لێ بدرێت، بە چاک و خراپ هەرچی بەسەر ئەو میللەتە بێت لەدوا رۆژدا، ئۆباڵ و شانازییەکەی هەر بۆ مەسعود بارزانی دەمێنێتەوە، جا دوایین سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، یەکەم سەرۆکی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، یان مەرجەعی بڕیاری سیاسیی میللەتی کورد بێت تا ئەوکاتەی لە ژیاندایە. بۆیە ئەمڕۆ واقیعی دابەشبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان لەبەردەم تەجروبەی مێژوویی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردووە، کە باری تەخوینیان تا ئێستاش بەکۆڵەوەیە و لێی قورتار نەبوونە. ئەمڕۆ رۆژی (نەخێر) نییە، رۆژی (بەڵێ) یە، با بارزانی بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە بیکات، ئێوە دوایی چاکی بکەن.



مامەند رۆژە

# گشتپرسی خیانەتە!

گشتپرسی، رای گشتیی کوردستانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کردووە. دەنگی بەڵێ و نەخێر هەر لە ئێستاوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ناو شەقام بەریەک دەکەون. کۆمەڵگە خەریکە بەرەو جەمسەربەندییەکی توند مل دەنێت. لەسایەی سۆسیالمیدیاوە هەردوو بەرەکە رک و کین بۆ یەک هەڵدەڕێژن، یەکتر تاوانباردەکەن. ئەمیان ئەویان و ئەویان ئەمیان بە خیانەت تۆمەتبار دەکەن!

چەند رۆژێکە گوێمان لێیە لەسەر گشتپرسی چی دەگوترێت: ریفراندۆم شەرمە، بە دەنگی بەرز بڵێن نەخێر!، ریفراندۆمی خێڵی کوردایەتی، جەماعەتی ریفراندۆم، هاوئاوازەکانی ریفراندۆم، فسفس پاڵەوانەکانی ریفراندۆم، ریفراندۆمەکەی بارزانی و ریفراندۆم خیانەتە. لەملاش هاوار دەکەن ئەوانەی لەدژی ریفراندۆمن لەدژی سەربەخۆیین و دەیانەوێ بەکۆیلەیی لەژێردەستی بەغدا بمێنینەوە.

گەلۆ ئەم هەڵچوونە لەڕووی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەوە چی لێدەخوێنرێتەوە؟ گەلۆ ئەمەی دەیبینین هۆکارە یان ئەنجام؟

### جەمسەربەندی: هاووڵاتی یان ئەویتر؟

دەتوانین بڵێین کەشی ئاوا کە هەموان ئازادانە هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن، دیاردەیەکی ئەرێنییە. گرنگ ئەوەیە دۆخێک هاتووەتە کایەوە کەوا هەموو هاووڵاتییەک بەوپەڕی هوشیارییەوە بە باش یان نەباش هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت. ئەمە لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بە سەرەتای دروستبوونی تاک و سەرەتای دروستبوونی هاووڵاتی دادەنرێت. سۆسیالمیدیا تەکانی بەم وەرسووڕانە کۆمەڵایەتییە داوە.

بەڵام یەک لە رەهەندە نەرێنییەکانیشی ئەوەیە کە هەرکەس پێیوایە هەقیقەتی رەها لای گرووپە سیاسییەکەی ئەوە. پێیوایە ئەوەی وەک ئەو نەهزرێ خائینە. ئەمەش نیشانەی ئاستنزمیی تۆلێرانس و ئەویتر قبوڵکردنە. نیشانەی ئاستنزمیی پێکەوەگونجان و پێکەوەسازانە.

دوو جەمسەری مۆر و زەرد، جەمسەری ناوەڕاستی سەوز- قاوەیی دەپەستێون و دەیانەوێ تێکڕای رای گشتی بەسەر هەردوولادا دابەش بکەن. مخابن هەتا ئێستاش هێزە کوردییەکان ئەویتری خۆیان لەناو خۆیاندا پێناسە دەکەن. ئەمە یەک لە زیانەکانی جەمسەربەندییە.

### جەمسەربەندی: ریشەی جیۆکولتووری

هەرێمی کوردستان لە کۆنەوە دوو سەرچاوەی دەرکەوتنی هێزی هەبووە: شارەزوور و بەهدینان. هەندێک هێز لەسەرەوە لە بەهدینان شۆڕدەبنەوە. هەندێک هێزیش لە شارەزوورەوە (ناوی کۆنی ناوچەکانی سلێمانی، کەرکووک، گەرمیان و هەورامان) بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن. هەردوو رەوتەکە لە هەولێر بەیەک دەگەن. جار ئەمیان و جاروباریش ئەویان لە ناوچەی ناوک واتە هەولێر دەگیرسێنەوە.

ئەمە جەمسەربەندی ناوچەیی ناوخۆی کوردستانە کە ریشەی جیۆکولتووریی هەیە. لەگەڵ ئەمە دوو دەیەیە سلێمانی هەست بە پەراوێزخستن، بێنوێنەری و بەشدارنەبوون لە دەسەڵاتی کوردستاندا دەکات. هەست بە گۆشەگیری دەکات. ئەو شارەی خۆی بە پێشەنگی بزاڤی سیاسی و کولتووری دەزانێ، هەست بە بێبەشی سیاسی دەکات. بۆیە پەنا بۆ وردەناسنامە، وردەکولتوور و جار- جاریش راکردن لە ناوەند دەبات.

### دۆسیەی ناوخۆیی و گشتپرسی

گەلێک کەس باس لەوە دەکەن فاکتەری دەرەکی بەتایبەت ناوچەیی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی هەڕەشەیە. گەلێک کەسیش باس لەوە دەکەن جاردانی گشتپرسی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت زووە، کاتی نییە، ژێرخانی دەوڵەت ئامادە نییە، ئەگەر گشتپرسی بکرێ هەڕەشەمان لێدەکرێ، دەروازەکانمان لێ دادەخرێ و ئەگەری لەدەستدانی دەستکەوت و دامودەزگاکانمان هەیە.

هەندێکیش دەڵێن گشتپرسی پرۆژەیەکی کەسی، بنەماڵەیی و حیزبییە، نابێ رەوایی پێ ببەخشین. لەوە واوەتر دەگوترێ گشتپرسی نابێ بکرێتە ئامرازی هێزبەخشین بە فلان کەس و فیسار حیزب. هەندێکیش دەڵێن دەوڵەتێکم ناوێ فلان کەس و فیسار گرووپ بنیاتی بنێن!

لە راستیدا ئەمەی دەگوترێ هەمووی ئەنجامە، هۆکار نییە. هۆکار ئیرادەی سیاسییە. ئەمە هەمووی بەرهەمی خراپ بەڕێوەبردنی دۆسیەی ناوخۆییە. ئەگەر لەمەڕ ریفراندۆم بپرسرێ گرنگترین سەرچاوەی هەڕەشە چییە؟ دەتوانین بێژین یەکەمین هەڕەشەی کاریگەر فاکتەری ناوخۆییە نەک ناوچەیی و دەرەکی! بۆیە گرنگترین فاکتەر کە دەتوانێ گشتپرسی سەربخا دیسان ناوخۆیە. کەوابوو دەبێ بایەخ بە دۆسیەی ناوخۆیی بدرێ و بەکاری ناوکۆیی ئەم پرۆژەیە سەربخرێت.

### گشتپرسی: بایکۆتی گۆڕان و کۆمەڵ

ئێستا گشتپرسی لەنێوان دوو پرۆژەی پێچەوانەدا گیری خواردووە: بەرەیەک پێیوایە سەرۆکی هەرێم مەرجەعە و رەوایی تەواوی هەیە بڕیاری بۆ دەربکا، بەرەیەکیش دەڵێن پارلەمان مەرجەعە و دەتوانێ بڕیار بۆ پرسە چارەنووسسازەکان بدات. واتە کێشەکە لەنێوان دوو بۆچوونە کە یەکیان لە سیستەمی نزیک لە سەرۆکایەتی لە پرسەکە دەنۆڕێت، یەکیشیان لە دەلاقەی سیستەمی پارلەمانییەوە بۆی دەچێت.

جا ئەگەر ئەم تەگەرەیە پێش 25ی ئەیلوول لەکۆڵ نەکرێتەوە، ئەو ئەگەرە بەهێزە کە هەڵوێستی بایکۆتی گۆڕان – کۆمەڵ لە هەڵوێستی بایکۆتەوە لەلایەن بەشێک لە لایەنگرانەوە سەر بۆ هەڵوێستی نەخێر بکوتێت. هەڵوێستی نەخێریش بۆ کوردستان شکست و نسکۆیە، چونکە نە کوردستان سکۆتلەندایە و نەش عێراق ئینگلتەرەیە.

ئەگەر بەشداری لەم گشتپرسییە لە رێژەی 70% کەمتر بێ، ئەوە دەبێتە سەرچاوەی نەهامەتی. تەنانەت هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی چەندقات زیاد دەکات. بۆیە ئەو هەڵمەتەی ئەمڕۆ لەسەر ئاستی سۆسیالمیدیا لەدژی گشتپرسی هەیە، ئەگەر چارسەر نەکرێ (کە چارسەریشی تارادەیەکی زۆر بەندە بە رێککەوتنی پارتی و گۆڕان)، ئەوە بەم شپرزەییە ئەنجامدانی گشتپرسی رەنگە سەربکەوێ، بەڵام نە رەوایی کامڵی دەبێ و نەش ئەنجامی دڵخواز. هەرجۆرە کەرتبوونێک کە لەئەنجامی ئەم گشتپرسییەوە بێتەدی، ئەوە دەرگای هەڕەشە و دەستوەردانی دەرەکی لەناو ماڵی کوردستانی دەخاتە سەرپشت. دەبێ پێش لەو لۆژیکە بگیرێ کە بە رۆژی رۆشن جاڕدەدا و دەڵێت: ریفراندۆم خیانەتە! دەبێ سەرچاوەکانی ئەم لۆژیکە بنەبڕبکرێت.



زریان رۆژهەڵاتی

# ئەڵقەی ونبووی سیاسەتی کوردی: دانامەیی!

باسکردن لەو دەرفەتەی ئێستا بۆ کورد رەخساوە، خەریکە دەبێتە بابەتێکی کلێشەیی! بەڵام تەنها زانین و زانیاری بەس نین، بەڵکو "دانامەیی" واتا، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەیە کە دەتوانێ گۆڕانکاری دروستبکات.

گریمانەم ئەوەیە کە دانامەیی سیاسی و کۆدە جیۆسیاسییەکانی کورد زیاتر روویان لە ناوخۆ بووە و ئەمەش وایکردووە دەرفەتە سیاسییەکان لە کیس بدا و لە نەخشەی سیاسیی جیهاندا جێی نەبێتەوە. ئەم دۆخە هەمیشەیی نییە و وەکچۆن ماددە و وزە بەبەردەوامی لە گۆڕاندان، باری سیاسی وڵاتانیش لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. واتا هەموو کات دەرفەت بۆ گەلان هەیە ئەگەر بتوانن بەکاریبهێنن. بەڵام هەموو کات ئەوانە دەیبەنەوە کە دانامە و لێزانن!

### چیرۆکی کورد و جەنگ

لێرەدا دەمەوێ ئەوە نیشانبدەم کە چۆن کوردی لە سەکۆی مێژوودا سڕیوەتەوە و چۆن هەر ئەم جەنگە دەرفەتی دەرکەوتنەوەیەکی شکۆمەندانەی بۆ کورد فەراهەم کردووە.

### پەردەی یەکەم: جەنگ و لەناوچوون

دوور بۆی نارۆم. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، جەمسەرەکانی هێز لە دنیا دەگۆڕان. لەلایەک فەرەنسا و لەلایەک بەریتانیا وەک هێزی پڕنەفەسی جیهانی دەردەکەوتن و رووسیاش بەرەو ئاسیای ناوەندی پەلی دەهاویشت. دوای جەنگە ناپلیۆنییەکان، بەریتانیا چارەکێک لە دانیشتووانی جیهان و یەک لەسەرسێی زەوییەکانی هەموو دنیای گرت و وەک زلهێزی سەدە دەرکەوت. ئەمەش واتای لاوازبوون و لەناوچوونی هێزەکانی دیکەی وەک ئیسپانی و پورتوگالی و عوسمانی و مەغۆل و رۆمای دەدا.

ئەم گۆڕانکارییەی هێز لە جیهان وایکرد هەتا عوسمانی و قاجارەکان لە ئێران بیر لە گلێرکردنەوەی خۆیان بکەنەوە. لەبەر ناکۆکیی ناوخۆیی و نەبوونی دانامەییەکی سیاسی بەهێز، ئەم شەپۆلەی گۆڕانکاری زیاتر لە دەرفەت، بە زیان بۆ کورد شکایەوە و هەرچی میرنشین و دەسەڵاتداری خۆجێیی کورد هەبوو، تەفروتونا کران.

لە جەنگی جیهانیی یەکەمیشدا هەمان چیرۆک دووبارە بووەوە. کۆدە جیۆسیاسییەکانی کورد زیاتر لە دەرەوە، روویان لە ناوخۆ بوو. بۆیە ناکۆکیی بەدرخانییەکان و سەید عەبدولقادر لە جەمعییەتی تەعالی کوردستان و ناردنی چوار وەفدی کوردی بۆ کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس و هۆکارە دەرەکییەکان، ئەو دەرفەتەیان کردە قوربانی کە جەنگی جیهانی بۆ کوردی هێنابوو!

لە جەنگی دووەمی جیهانییشدا، هاوسەنگیی سیاسەتی نێودەوڵەتی و سنوورداربوونی دانامەیی سیاسی کوردی وایکرد، کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی بێت.

### پەردەی دووەم: دەرکەوتنەوەی کورد

کورد تاقە میللەتێک نییە کە دەرفەتەکانی لەکیسداوە یان کراوەتە قوربانیی سیاسەتی نێودەوڵەتی. پۆڵۆنیا لە 1772دا لە بەینی رووس و پرۆس و نەمسادا بەش کرا و لە 1793شدا جارێکی تر لە بەینی رووس و پرۆسدا دابەش بوو. لە 1795یشدا ناوی لە نەخشەی جوگرافیی ئەوروپا سڕدرایەوە. بەڵام لە دەرفەتێکی دیکەدا و بە جۆرێکی دیکە گەڕایەوە. ئەمە بۆ کوردیش وایە ئەگەر دانامە و لێزان بێت.

شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی کەنداو و شەڕی داعشیش دەرفەتی گەڕانەوەیەکی شکۆمەندانەیان بۆ کورد رەخساندووە. دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای شەڕی کوەیت و فیدراڵیبوونی ئەم ناوچەیە لە پاش جەنگی 2003 ، وەک سەرەتایەکی گەڕانەوە بوون. شەڕی داعش ئەم دەرفەتەی بەهێزترکرد و نەک هەر باشوور، بەڵکو لە رۆژئاواش مەجالێکی گەورە بۆ کورد رەخسا. کورد وەک جەنگاوەرانی دژی تیرۆر، ئیعتیبارێکی نێودەوڵەتییان پەیدا کردووە کە ئەمە خۆی سەرچاوەیەکی گەورەی دروستکردنی هێزە. بەڵام هێشتا دیار نییە کە ئایا کورد ئەو سەرچاوانە بۆ دروستکردنی هێز بەکاردێنێ یان نا؟ ئەگەر لەم قۆناغەشدا، کورد زیاتر لە دەرەوە، رووی لە ناوخۆ بێت و وزەی خۆی تەنها بۆ بابەتە ناوخۆییەکان سەرف بکات و گوێ بە دەرەوە نەدات، سا دەرفەتی ئەمجارەش لەکیس دەچێت. بەڵام بە گشتی هێشتا روون نییە کە داخۆ کۆتایی چیرۆکی کورد و جەنگ چۆن دەبێت. دەبێ چاوەڕان بین بزانین ئایا کورد ئەڵقە ونبووەکەی سیاسەتی خۆی دەدۆزێتەوە یان نا؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دیسان خورمژ

ئەمجارەش یەکێتی ژانی بڕیاردان بەریدا و خورمژی هەڵبژاردەوە. لەنێوان پیرمام و گردەکەدا یەکێتی نە قاچی خۆی لەوێ بڕی و نە لەوێش. بە رواڵەت جووڵەکە سیاسییانە و زیرەکانەیە، بەڵام دەستەکە هێندە کەشفە کە منداڵێکیش دەزانێ یەکێتی، تەنانەت ئەگەر کاک کۆسرەتیش سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی بکات، بڕیارێکی جیاواز لەوەی ئێستای لەسەر گشتپرسی پێنەدەدرا و نەیدەتوانی خۆی یەکلایی بکاتەوە.

هاوکێشەکە تێکەڵ و پێکەڵە. ماڵی کوردی دابەش و پارچە پارچەیە. ئەمبەر پارتییە و ئەوبەر گۆڕانە، کە کۆمەڵیش خۆی پێوە هەڵواسیوە. ئەمجارە بەپێچەوانەی زۆربەی جارانەوە ئەوەی خۆی پێ یەکلایی ناکرێتەوە و بەبیانووی میانەڕەوی خورمای دەوێ و مێوژیشی دەوێ یەکگرتوو نییە، بەڵکو یەکێتییە کە نە دەوێرێ خۆی بۆ خورما شیرینەکەی پارتی یەکلایی بکاتەوە و نە دڵیشی دێ ئەو شیرینییە بە مێوژە ترشەکەی گۆڕان بگۆڕێتەوە. لەلایەکەوە پارەی نەوت و داهاتی کوردستان و هاوبڕیاری و بەشکردنی شانازیی سەربەخۆییخوازی لەگەڵ پارتی و لەلایەکی دیکەشەوە هاودەنگدەری لەگەڵ گۆڕان و دەستگرتن بەسەر سنووری نفوزی نیلی و بەشنەدانی لە کێکی پڕتامی سلێمانی، وای لە یەکێتی کردووە تا بۆی بکرێت لەجیاتی خورما و مێوژ ئارەزووی خورمژ بکات.

بەرپرسانی پارتی لەمڕۆژانەی رابردوو زۆر باسی ئەو حیزبانە دەکەن کە قاچێکیان لەنێو حکومەتە و قاچێکی دیکەیان لەنێو ئۆپۆزیسیۆنە. مرۆڤ بەو قسانە خەیاڵی بۆ گۆڕان و جارجارە کۆمەڵیش دەچێ، بەڵام راستییەکەی خورمژخۆری گەورە یەکێتییە. چونکە گۆڕانی بەوە لە حوکمڕانیی سلێمانی بێدەنگ کردووە کە بەڵێنی رێککەوتنێکی سەرکاخەزی بێئەنجامی پێداوە، لەولاشەوە پارتیی قایل کردووە کە بەدیلی یەکێتی بۆ پارتی لە زۆنی نیلی و سەوزدا هەر یەکێتییە. جا بۆیە بەردەوامبوونی ئەو ناکۆکیەی ئێستا هەیە لە کوردستان چەندە هەڵۆ ئاشتینەویستەکانی گۆڕان و پارتی گرەوی لەسەردەکەن و نایانەوێ چاکبێتەوە، دووهێندەش بۆ یەکێتی وەک حیزب باشە. بۆیە رۆژێک شاندی مەکتەبی سیاسییان بە تەواوی دەسەڵاتەوە لە پیرمام دادەنیشن و هەواڵی رێککەوتن و یەکلابوونەوە لەگەڵ پارتی بڵاودەکەنەوە، کەچی رۆژی دواتر لە سلێمانی تەرحی رێکنەکەوتن بەبێ گۆڕان تاوتوێ دەکەن. لەلایەکەوە جێگری سەرۆکی حکومەت وەک شەریکی تەواوعەیاری حوکمڕانی دەردەکەوێ، لەلایەکی دیکەوە مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتییەکانی یەکێتی حیزبەکەیان وەک زوڵملێکراو لەلایەن "حوکمڕانانی کوردستان"ەوە دەناسێنن. ئەوە هەمان ئەو یەکێتییەی مام جەلالە کە دەیگوت تەقڵە بە فیل لێدەدات. کەچی تەقڵەکانی ئەمڕۆی بە مەوقیف لێدەدرێن. بۆیەش رۆژێک حەزی لە خورمایە و رۆژێک تامەزرۆی مێوژە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# نور دەپارێتەوە فێری کوردی بکەن

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | 0750 488 56 96 - Tel: 0750 486 34 12

## نەخشەی دابەشبوونی سامان لە جیهاندا

ژمارەی خێزانە ملیۆنێرەکان
**17.9** ملیۆن

**7** ملیۆن
ژمارەی ملیۆنێرەکانی ئەمریکا

سەرمایەی ملیۆنێرانی جیهان لە 2021دا
**115** ترلیۆن دۆلار

داهاتی 1%ی دانیشتووانی جیهان
**75** تریلیۆن دۆلار

**2.1** ملیۆن
ژمارەی ملیۆنێرەکانی چین

سەرمایەی پێنج دەوڵەمەندترین کەسی جیهان
**400** ملیار دۆلار

## ئامارەکانی قەیرانی دارایی و گوزەران لە عێراق



عێراق دووەم وڵاتە لەرووی زۆرترین یەدەگی نەوت لە جیهاندا.
رۆژانە **2.5** ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ

بەڵام:

**120** ملیار دۆلار: قەرزە گشتییەکانی عێراق

**% 95** رێژەی بێکاری لە نێو دەرچووانی زانکۆ

**%35**: رێژەی بێکاری لە ساڵی **2017**

**4** ملیۆن: لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین

**750** ملیار دۆلار: داهاتی عێراق لەدوای **2003**

یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین گەندەڵی تێدایە

**350** ملیۆن دۆلار: پارەی بەهەدەردراو لە **2003 – 2014** بەناوی پرۆژەی وەهمی

داهاتی **9** بیرە نەوت: مووچە و دەرماڵەی بەرپرسانی عێراق و خێزانەکانیان